# زمانەوانی

ژمارە(١)ساڵی یەکەم، هاوینی ٢٠٢٣

مێزگردی زمان و زیرەکیی دەستکرد بە بەشداری: چۆمسکی
پێەنتادۆسی، جاکێندۆف، ئێڤێرت

فاکتەری ئەدەبی لە بەستانداردبوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا

زمانی کوردیی پێنج زاراوەی نوێ پێشکەش بە بواری زمانەوانیی گشتی دەکات

# وەرزنامەی زمانەوانی

ژمارە -١-
هاوینی
٢٠٢٣

گۆڤارێکی وەرزی ئەکادیمی و زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی ـ زانکۆی جیهان دەریدەکات

**خاوەنی ئیمتیاز:**
د. نەوزاد یحیی باجگر
**سەرپەرشتی زانستی:**
پ. د. وریا عومەر ئەمین
**سەرنووسەر:**
د. مؤمن یاسین محمدامین
**بەڕێوەبەری نووسین:**
عەزیز ڕەؤوف عەبدولعەزیز

**بۆردی ڕاوێژکاران:**

پ. د. هیمداد عبدالقادر
پ. د. عاطف عبدالله فرهادی
د. سەعید محەمەد عەبدوڵا
پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد
پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی. بێستون عارف عەزیز

**هەڵەبـــڕ:** سوهەیب فاروق
**دیزاین:** شاهۆ عبدالرحمن

Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email:  momen.amin@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789  -  +964 750121 0789

ناونیشان: زانکۆی جیهان – سلێمانی، 46001، پشت شوققەکانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی، رۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدان بۆ دارِشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زمانناسی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەو کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و رِای پسپۆرِان و زمانناسان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیاو رەوتی رۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێرِانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەرِەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ روونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد، زمانی فەرمی و نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێڕست


٥ **گۆڤاری زمانەوانی بۆ؟**..........د. نوزاد یحیی باجگر

## مێزگردی زیرەکیی دەستکرد و زمان

٩ **زمان و زیرەکیی دەستکرد، چاوپێکەوتن لەگەڵ نۆم چۆمسکی** .......و: م. ی. بەهرە جلال طاهر

١٣ **کاریگەریی کولتوور لەسەر زیرەکیی دەستکرد دیدی ستیڤن پیانتادۆسی**.........و: شنیار کەمال

١٩ **زمان و زیرەکیی دەستکرد و دیدی جاکێندۆف**..............................و: ئالا نوری حمەسەعید

٢٣ **زمان، بیرکردنەوە، زیرەکیی دەستکرد مشتومڕ لەگەڵ دانیاڵ ئێڤێرت**........و: گۆڤاری زمانەوانی

## زیرەکیی دەستکرد و خوێندن و پەروەردە

٣١ **زیرەکیی دەستکرد، گفتوگۆ لەگەڵ یۆڤاڵ نوح حەراری** .............م.ی. عەزیز رەؤوف عبدالعزیز

٣٧ **وەرگێڕان لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە: داهاتووی فێربوونی زمان**..........م. ی. دیار جمال عزیز

٤٣ **چۆنیەتیی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد(AI)و(ChatGPT) و لە پەروەردەدا**.....د. سەرباز عەزیز وەرتی

## توێژینەوەکان

٥٥ **فاکتەری ئەدەبی لە بەستانداردبوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا**..........د. سەعید محەمەد عەبدوڵڵا

٩٥ **ئاوێزانی زمانی و تێکرژانی وێژەیی لەنێوان واقیع و خەیاڵدا** ................پ.ی. بێستون عارف عەزیز

## وتارەکان

١٢٧ **زمانی کوردیی پێنج زاراوەی نوێ پێشکەش بە بواری زمانەوانیی گشتی دەکات**............د. وریا عمر امین

## گەوهەرەکانی زمانەوانیی

١٤٣ **عەزیز گەردی ئەفسانەیەکی باڵایە** ............................................ د. سەعید محەمەد بەرزنجی

## فەرهەنگی زمانەوانیی

١٤٧ **سیاسەت و پلاندانی زمان** ...................................................... ئا: گۆڤاری زمانەوانی

سەروتار

# گۆڤاری زمانەوانی بۆ؟



د. نوزاد یحیی باجگر

## پێشەکی

زمان بریتیە لە شوناس و پێناسی هەر نەتەوەیەك و نیشتمانێك، هەروەها پێشکەوتنی دونیا و تەکنەلۆژیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمان هەیە، هەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد بۆ هەر نەتەوەیەك زامنی مانەوەو پێشکەوتنی زمانەکە و هەروەها نەتەوەکەشە، زمانی کوردیش مێژوویەکی مەزن و تەمەنێکی زۆری هەیە بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو دروست بکرێت ئەمەش دەکرێ بەهۆی زۆری و فرەچەشنی شێوەزارەکانی بووبێت سەرەڕای چەندین ئاستەنگی تر کە بە پێی ناوچە و کات دەگۆڕێن.

دەکرێ شێوەزارەکانی زمانی کوردی و جیاوازییەکانیان بە خاڵێکی ئەرێنی و دەوڵەمەندی زمانەکەوە لێك بدرێنەوە و ئێمە ئەمرۆ دەتوانین بە کۆکردنەوەی ئەم خاڵە بەهێزو ئەم شێوەزارانە و کارکردن لە سەریان و بەرەوپێش بردنیان زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد دروست بکەین کە هەموو تاکێکی کورد لەسەرتاسەری دونیا بتوانێت بە ئاسانی تێیبگات و پێی بخوێنێت و بنوسێت چونکە زمانی ئاخاوتن هەمیشە لە زمانی نووسین و ستاندارد جیاوازبووە.

ئەم کارە پیرۆزەش ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردە بە تایبەتی مامۆستایان و لێکۆڵەرەوان و ناوەندە ئەکادیمییەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش، ئێمە لە زانکۆکانی جیهانەوە دەستمان پێ کردووەو سەنتەری زمانی کوردیمان دامەزراندووە کە بنکە سەرەکییەکەی لە زانکۆی جیهان-هەولێرە وە دوو لقی هەیە لە زانکۆی جیهان-سلێمانی و زانکۆی جیهان-دهۆك، هەروەها بە بڕیاری کارگێری ژمارە (٨) لە مانگی (نیسانی) ساڵی (٢٠٢٣) کە چەندین مامۆستا و نوسەر و زمانەوان کاری تێدا دەکەن بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانەکە.

هەروەها لێرەدا بڕیارماندا بە دەرکردنی گۆڤارێکی زمانەوانی بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زمانەوانی زانستی و ئەکادیمیانە، هەروەها بۆهاندانی زیاتری توێژەران تا لەو سەکۆیەوە بتوانن دەرئەنجامی توێژینەوکانیان لە داهاتوودا بخەنەڕوو، وە ببێتە هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و توێژینەوەی زیاتر.

ئێمە پێمان وایە تەکنەلۆژیا و بە دیجیتاڵکردنی زانستە کۆن و سەردەمیانەکان زانستێکی سەردەمییانە و حاشا هەڵنەگرە، وە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، بۆیە بە ئەلیکترۆنیکردنی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی سەرچاوە رەسەنەکان و توێژینەوە سەردەمیەکان دەربارەی ئەم زمانە و وەرگێڕانی ئەم سەرچاوانە بۆ سەر زمانە نێودەوڵەتییەکان دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ و باش بۆ بەرەو پێش بردنی زمانەکە و ناساندنی بە دونیای دەرەوە .

یەکێك لە گرنگترین خاڵەکان کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت بریتییە لە داهاتووی زانست، کە پێمان وایە زیرەکی دەستکرد (Artificial Intelligence) و ڕۆبۆتینگ (Roboting) ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە داهاتوویەکی نزیکدا و ئاوێتەی سەرجەم بوارەکانی ژیان دەبێت.

زمانیش پێویستە شان بە شانی ئەو پێشکەوتنە بگونجێندرێت و پێداویستی و ئامرازە سەردەمییەکانی بۆ فەراهەم بکرێت، تا بتوانین گۆڕانکاری گەورە لەم بوارەدا بەدی بێنین، وە ئەم نوێگەریانەش زیاتر زمانەکە بە جیهان ئاشنا دەکەن و یەکگرتوویی زمانەکە زیاتر بە کردار ئەچەسپێنن.

هەروەها پێویستە و دەکرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکە ڕێنوسی لاتینی بەکاربهێندرێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕێنووسە سەرجەم پیتەکانی کوردی لە خۆ دەگرێت و زیاتر زمانەکە بە ڕووی دەرەوەدا دەکاتەوە و هەروەها بۆ هەموو تاکێکی کوردیش ئاسانترە لە هەموو شوێنێکی دونیا کە زمانەکەی خۆی بخوێنێت و بنوسێت.

لەلایەکی ترەوە کارمان لە سەر دروستکردنی فەرهەنگێکی کوردی کردووە، کە کۆکراوەی سەرجەم فەرهەنگە کوردیەکان بێت و لەگەڵ ئاماژە پێکردن و بە گرنگ

زانینی فەرهەنگە ناوچەییەکان، وەکو شێوەزاری سۆرانی و بادینی وکرمانجی ژووروو لوڕی و گۆرانی و زازایی و هەورامی و .. هتد...
لە کۆتایدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم کارە ئەرکی هەموو لایەکە و دەبێ هەمووان بە پیرۆزی بزانین و بڕواشمان وایە کە ئیرادەمان زۆر بەهێزە و بەوردی و بە زانستی هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە تا زمانی کوردی دەکەینە زمانێکی نێودەوڵەتی، وە ڕێزمان و فەرهەنگ و ڕێسای یەکگرتوو ستانداردی بۆ دادەنێین، وە هیوادارم ئەمە لە زووترین کاتدا ڕوودات و لە پلاتفۆرمە جیهانیەکان شوێنی خۆی بکاتەوە.
ئیتر هەرلە خۆشیدابن ...

د. نوزاد یحیی باجگر
سەرۆکی دەستەی ئەمێنداریێتی زانکۆ
وپەیمانگا و قوتابخانەکانی جیهان.
٢٠٢٣/٧/٢٣



# مێزگردی زیرەکیی دەستکرد و زمان

# زمان و زیرەکیی دەستکرد

# چاوپێکەوتن لەگەڵ نۆم چۆمسکی

وەرگێڕانی: م.ی. بەهرە جلال



(زیرەکیی دەستکرد) زمانەکی زیرەکیی دەستکردە لەم دواییانەدا مشتومڕی لێ کەوتەوە، چونکە هەندێک کەس وەک هەنگاوێکی ئومێدبەخش بەرەو زیرەکیی گشتیی دەستکرد سەیری دەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر ڕەخنە لە تواناکانی دەگرن بۆ تێپەڕاندنی زیرەکیی مرۆڤ. ئەم مشتومڕە پرسیاری لە بارەی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگا ورووژاندووە و ئەو مشتومڕەش بەردەوامەی لەسەر توانا و هێزی زیرەکیی دەستکرد و ئامێرەکانی زمان، بووەتە بابەتی گفتوگۆی گەرم لە دنیای ئەکادیمیدا.

بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندیی نێوان زمان و زیرەکیی دەستکرد و کاریگەرییەکانی و پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە لەو بوارەدا، ڕۆژنامەی تاران تایمز چاوپێکەوتنێکی کرد لەگەڵ (نوام چۆمسکی)، کە زمانناسێکی ناسراوی ئەمریکییە، کە ئەو ئاڵەنگاری و بیرۆکەیە دەکات کە سیستەمەکانی زیرەکیی دەستکرد ناتوانن هاوشێوەی زمان و بیری مرۆڤ بن.

لە کاتێکدا مشتومڕ و لەسەر توانا و هێزی زیرەکیی دەستکرد و ئامێرەکانی زمان بەردەوامە، گومانەکانی چۆمسکی سەبارەت بە توانای دووبارەکردنەوەی زمان و بیری مرۆڤ هێشتا بەهێزە.

چۆمسکی دەڵێت: زمان توانایەکی زگماکیی مرۆڤە و پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە لە بواری فێربونی ئامێردا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە زمان، بیرکردنەوە، فێربوون و زانین نییە. لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێک بڵێن کە بەرنامەکان دەتوانن زیرەکیی مرۆڤ تێپەڕێنن. چۆمسکی ئاماژە بەوە دەکات، کە بەدڵنیاییەوە ژمێرەر لە لاپتۆپێکدا هەندێک ئەرک دەکات وە جیاکاریی بنەڕەتیی نێوان زمان و عەقڵ وەک بابەتێکی مشتومڕی فەلسەفی دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، چۆمسکی دان بەوەدا دەنێت کە توانای تایبەتیی زمان، کە لە دەرەوەی پرسیاردایە، دەبێ لە شوێنێکدا لە ڕێگەی گۆڕانکارییە بۆماوەییەکانەوە سەری هەڵدابێت. ئەو ناڕوونییەی لە دەوری ئەم پرسانەدا هاتووە، تیشک دەخاتە سەر پێویستیی بەردەوامیی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لە بواری زیرەکیی دەستکرد و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە سەرچاوەی زمان، بەتایبەتی ئایا توانایەکی زگماکی مرۆڤە، یان دەرئەنجامی کارلێکی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەیە، چۆمسکی ڕوونی کردەوە، کە: توانای زمانی مرۆڤ "توانایەکی زگماکی"یە و بەڵگەی ئەزموونی بەهێز هەیە بۆ پشتگیریکردن لەم تێڕوانینە. چۆمسکی ئاماژەی بەوەش کرد کە کۆرپە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی زمانی دەوروبەر بەدەست دەهێنێت، لە کاتێکدا زیندەوەرانی دیکە، کە هەمان داتایان پێشکەش دەکرێت، بە تەنیا ژاوەژاو دەزانن. تیۆری گۆڕانی بۆماوەیی تاکە ڕێگەی ناسراوە، کە دەکرا ئەم توانا زگماکییە سەر هەڵبدات.

سەبارەت بە کاریگەریی پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە لە بواری زیرەکیی دەستکرد و زمانی دەستکرد بۆ زمانەوانی، چۆمسکی ئاماژەی بەوە دا، کە "هیچ کاریگەرییەکی نییە." ئەو وەک زمانناسێک دەڵێت: لە کاتێکدا ڕەنگە ئامێرەکان شارەزاتر بن لە پرۆسێسی زماندا، بەڵام دیزاینەکەیان ئەوە ئاشکرا دەکات، کە لە بنەڕەتدا دزیکردنێکی تەکنەلۆژیایی زیاتر چیدی نییە.

زمانناسە ئەمریکییەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە "ئەوان لە بنەڕەتدا بێتواناترین

لەوەی کە هیچ شتێکمان پێ بڵێن دەربارەی زمان و فێربوون و مەعریفە بەگشتی، هۆکاری بنەڕەتییەکەی سادەیە: ئەوان بە هەمان شێوە باش کار دەکەن لەگەڵ زمانە مەحاڵەکان کە مرۆڤەکان ناتوانێت بەدەستی بهێنێت (جگە لەوەی کە ڕەنگە بە ئازارەوە، وەک مەتەڵەکان، وەک ئەوەی بەڕوونی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە) وەک زمانێک کە لە ڕووی مرۆڤەوە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت".

چۆمسکی ڕایگەیاند کە زیرەکیی دەستکرد وەک "تیۆری"یەکی فیزیا وان کە ناتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان ئەو شتانەی کە ڕوو دەدەن و ئەوانەی کە ناتوانن ڕوو بدەن، ئەمەش وای کردووە کە لە لێکۆڵینەوە لە زمانی ڕاستەقینەدا بێبایەخ بەدەر بکەوێت.

بە بڕوای چۆمسکی، ناپەیوەندییەکی بنەڕەتی ئەم مۆدێلانە لە دیزاینەکەیاندا بونیاد نراوە و باشتربوونیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی ڕاستەقینەدا، تەنیا ناپەیوەندییان زیاتر دەر دەخات، وەک چۆن لەگەڵ زمانە مەحاڵەکاندا باشتر کار دەکەن.

چۆمسکی سەبارەت بەوەی کە ئایا جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان زمان و عەقڵدا هەیە یان نا، ئاماژەی بەوە دا، تێڕوانینی نەریتی، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن و هیندستانی دێرین، ئەوەیە کە زمان و بیرکردنەوە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە. ئەم بۆچوونە پێی وایە زمان بیرکردنەوە دروست دەکات و بیرکردنەوەش ئەوەیە کە زمان دروستی دەکات. لە کاتێکدا ئەم چەمکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن ڕەوتی ڕەفتارگەرایی و پێکهاتەگەرانەوە لا برا، بەڵام لە بەرهەمهێناندا زیندوو کراوەتەوە ئەگەر ڕاست بێت، ئەوا ئەو پرسیارانەی کە وروژێنراون سەر هەڵنادەن.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت لە داهاتوودا زیرەکی مرۆڤ تێپەڕێنێت، چۆمسکی ئاماژەی بەوەدا کە ئەم سیستمانە تەنیا "دوور" نین لە زیرەکیی ڕاستەقینە بەڵکوو هیچ پەیوەندییەکیان بەو پرسیارەوە نییە بە هیچ شێوەیەک. ئاماژەی بەوەش کردووە، (ژمێرەر)ی ناو لاپتۆپی مرۆڤ لە هەندێک ئەرکدا لە زیرەکیی مرۆڤ تێدەپەڕێت و مێروولە لە حەوشەی ماڵەکەیدا خەملاندنی بۆ گەشتکردن ئەنجام دەدەن، کە مرۆڤ تەنیا بە ئامێری ئاڵۆز دەتوانێت لێی نزیک ببێتەوە.

چۆمسکی دانی بەوەدا نا، کە کێشە لەگەڵ ئەخلاق و هەستەکاندا هەیە، بەڵام ئەوانە سیستەمی زیرەکیی دەستکرد ئێستا تێدەپەڕن و پێویستیان بە باسێکی فەلسەفی بەرچاوتر هەیە.

دواجار بە بڕوای چۆمسکی، پێشکەوتنەکانی فێربوونی دەستکرد و ماشێن کاریگەری لەسەر زمانی سروشتی نابێت، یان جۆرێکی نوێ لە زمان بەرهەم بهێنێت، کە جێگەی بگرێتەوە. ئەو پێی وایە کە زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی ئامێر هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە زمان، بیرکردنەوە، فێربوون، یان مەعریفەوە نییە. بۆیە

بەرەوپێشچوون لە هەمان چوارچێوەدا ئەمە ناگۆڕێت. بە واتایەکی تر ڕەنگە زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی ئامێر بۆ هەندێک مەبەست سوودی هەبێت، بەڵام پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە لە زمان و تایبەتمەندییەکانییەوە نییە.

# کاریگەریی کولتوور لەسەر زیرەکیی دەستکرد

دیدی ستیڤن پینتادۆسی
وەرگێڕانی: ئالا نوری حەمەسەعید، دەرچووی بەشی وەرگێڕان/زانکۆی جیهان-سلێمانی



پرۆفیسۆر ستیڤن پیانتادۆسی لە زانکۆی بێرکلی ئەمریکی لە بواری دەروونناسی لێکۆڵینەوە دەکات. ئەو دەڵێت لەگەڵ زیاتر بڵاوبوونەوەی زیرەکیی دەستکرد لە ژیانماندا، پێویستە ڕەچاوی کاریگەری لەسەر زمان و کەلتوور بکەین و دڵنیا بین لەوەی کە بە شێوەیەک گەشە دەکات، کە هەمەجۆری و گشتگیری بەرەوپێش ببات. ئەو لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت ڕایگەیاندووە، پەیوەندی نێوان زیرەکیی دەستکرد و زمان بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوەیە. مۆدێلە گرنگەکانی زمان لەم دواییانەدا نیشانیان داوە، کە فێربوونی ئاماری دەتوانێت هەموو جۆرەکانی پێکهاتەی جیاواز بەدەست بهێنێت، لەوانە پێویستە بۆ ڕستەسازی و ماناسازی.

لە ئێستادا تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد بەکار دەهێنرێن بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پرۆسەکردنی زمانی سروشتی، بەرنامەی ناسینەوەی قسەکردن و ئامرازەکانی وەرگێڕان. ستیڤن ئاماژەی بەوەش کرد، هەرچەندە ئەم پێشکەوتنانە توانای شۆڕشگێڕی لە پەیوەندی و کارلێککردندا هەیە، بەڵام نیگەرانی لە بارەی ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە داڕشتنەوەی زمان و کولتووردا هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا، دوو ڕوانگەی جیاواز هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە بەدەستهێنان و تێگەیشتن لە زماندا. نوام چۆمسکی، گومانی هەیە لە توانای زیرەکیی دەستکرد بۆ دووبارەکردنەوەی زمان و بیرکردنەوەی مرۆڤ. ئەو دەڵێت کە زمان توانایەکی لەخۆ گرتووە لە مرۆڤدا و پێشکەوتنەکانی ئەم دواییانە، زیرەکیی دەستکرد هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتەکانی پەیوەست بە زمان، بیرکردنەوە، فێربوون یان زانینەوە نییە.

بەگشتی، لە کاتێکدا کە .زیرەکیی دەستکرد و زیرەکیی ئامێر توانای هێنانی پێشکەوتن و سوودی بەرچاویان هەیە لە بوارە جیاوازەکاندا، پەرەپێدان و بەکارهێنانیان پێویستی بە ڕەچاوکردنی وردی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و کولتوورییە ئەگەرییەکان هەیە. ڕەخنە و گفتوگۆ بەردەوامەکان جەخت لەسەر گرنگیی توێژینەوە و دیالۆگ دەکەنەوە و ئەوەی گرنگە بۆ وەڵێنەیی پەرەپێدانی بەرپرسیارانە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم تەکنەلۆژیایانە بەکار دەهێنرێن بۆ باشترکردنی کۆمەڵگا و سوود بە هەموو تاکەکان دەگەیەنێت.

**پرسیار: با بە باسکردنی سەرچاوەی زمان و کاریگەرییەکانی بۆزمان دەست پێ بکەین.** چۆمسکی و ئێڤێرت کاتێک باس لە سەرچاوەی زمان دەکەن، دیدگای جیاواز دەخەنە ڕوو. چۆمسکی بە ئیلهاموەرگرتن لە کانت دەڵێت "زمان توانایەکی زگماکیی مێشکی مرۆڤە"، لە کاتێکدا ئێڤێرت بە هۆکاری ئەنترۆپۆلۆژی ئاڵەنگاری ئەم بۆچوونە دەکات و دەڵێت "زمان زیاترە لە ڕێزمان و سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە". ئایا هیچ بەڵگەیەک هەیە کە پشتگیری بکات، کە چۆن مرۆڤایەتی ئەم توانایەی پەرە پێ داوە لە کاتێکدا سەرەتاییەکانی تر پەرەیان پێ نەداوە؟ هەندێک پێیان وایە ئایین وەک بەخششێکی خودایی لەلایەن خوداوە دەیخاتە ڕوو، لەکاتێکدا زانایانی وەک چۆمسکی و ڕەی جاکێندۆف باوەڕیان بە گۆڕانکاری هەیە و ئێڤێرت تیشک دەخاتە سەر کارلێکی کۆمەڵایەتی.

**وەڵام:** پێم وایە بنچینەی زمان یەکێکە لە پرسیارە گەورەکانی زانست. بەدڵنیاییەوە ئێمە لە ڕووی بۆماوەییەوە جیاوازین لە تەنانەت گیانلەبەرە سەرەتاییەکانی نزیک وەک

شامپانزی بە شێوەیەک، کە ڕێگە بە ئێمە دەدات نەک ئەوان زمان بەدەست بهێنین و بەکاری بهێنین ، بەڵام ئەوە ڕوون نییە کە جیاوازی تەواو چییە. دەتوانرێت زۆر قووڵتر لەوە بڕوانین، وەک جیاوازیی توانای گشتیی پرۆسێسکردن و بیرهێنانەوەی زانیاری، یان دەتوانێت زۆر قووڵ بێت، وەک لایەنگری زگماکی بەرانبەر بە هەندێک جۆری یاسا کە بۆ زمان پێویستن.
من پێم وایە ئەگەری ئەوە زیاترە، کە جیاوازیی کۆزانی گشتی لە دەرەوەی زمان هەبێت چونکە زۆر شتی کۆزانی هەیە، کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن کە جۆرەکانی تر بێتوانا دەر دەکەون، لە دەرەوەی زمان.

**پرسیار: چۆن مۆدێلە ئەگەرییەکان بەشدارن لە تێگەیشتنمان لە بەدەستهێنان و پرۆسێسکردنی زمان، چۆن دەتوانرێت ئەم زانیارییە لە بوارەکانی تری زانستی کۆزانیدا بەکاربهێنرێت؟ سەرەڕای ئەوەش، گەورەترین ئاستەنگەکان چین کە لە ئێستادا لە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی زمان و مەعریفەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پلانی توێژینەوەکەت چۆن چارەسەریان دەکات؟**
**وەڵام:** بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆرێک لە زمانناسی، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە نەریتی چۆمسکیدا کاریان دەکرد، مشتومڕیان دەکرد کە لە ڕووی لۆژیکییەوە ئەستەمە فێربوونی ئاماری پێکهاتە سەرەکییەکانی زمان بەدەست بهێنێت. ئەوەی مۆدێلی زمانی گەورە لەم دواییانەدا نیشانیان داوە ئەوەیە ڕاست نییە - کە فێربوونی ئاماری دەتوانێت هەموو جۆرە پێکهاتەیەکی جیاواز بەدەست بهێنێت، لەوانەش ڕەنگە ئەوانەی پێویستن بۆ ڕستەسازی و ماناسازی. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە چەند داتای دەوێت، چونکە ئەم مۆدێلانەی فێربوونی ئاماری لە ئێستادا داتای زۆر زیاتر لە منداڵان وەر دەگرن.
پرسیار: پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی زمان و پەرەسەندنی کولتووری چۆن دەبینیت؟
وەڵام : ئەو زمان و کەلتوورەی هەمانە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی پەرەسەندنی کولتوورییە. زانین و نوێنەرایەتیکردن لەم مۆدێلانەدا بەو شێوەیە دروست نەکراون، هەرچەندە لەوانەیە بتوانین وەک هەندێک نزیکبوونەوە لە کولتوور و زمانی خۆمان بیری لێ بکەینەوە.
هەندێک پێیان وایە ئەگەری ئەوە هەیە کە پەرەسەندنی کولتووری یەکێک بووبێت لەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەی، کە زیرەکیی مرۆڤی چالاک کردووە، بەڵام ڕوون نییە کە ئایا گرنگ دەبێت بۆ ئەم مۆدێلانەی فێربوون.

**پرسیار: کاریگەرییەکانی مۆدێلی زمانی گەورە بۆ تیۆرییە ڕاستەقینەکانی زمان،**

**لەوانەش نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە و پەیوەندییەکان بە فێربوونی مرۆڤەوە، لە مۆدێلی زمانی گەورەدا چیین؟ ئەم مۆدێلانە چۆن پەیوەندییان بە ڕێبازەکانی تری زمانەوانییەوە هەیە و توانای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی "بۆچی" سەبارەت بە سروشتی زمان چییە؟**

**وەڵام:** من دەڵێم، وەک زۆرێک لەوانەی کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا کاریان لەسەر ئەم مۆدێلانە کردووە، ئەم مۆدێلانە وەڵامی ئەوە دەدەنەوە کە "بۆچی پرسیارەکان هۆکارن بۆ ئەوەی نیشانی بدەن، کە چۆن زانیاری و نوێنەرایەتیی پێویست دەتوانێت لە هەندێک جۆری تەلارسازیی فێربوونەوە سەربکەوێت".

هەندێکی تر هەوڵ دەدەن وەڵامی "بۆچی" پرسیارەکان بدەنەوە بە خستنەڕووی نوێنەرایەتییە زگماکییە تایبەتەکان، بەڵام پێم وایە کە بەرنامەی توێژینەوەکە زۆر بەرهەمدار نەبووە لە ڕووی ڕوونکردنەوە یان پێشبینیکردنی هەمەجۆریی فۆڕمە جیاوازەکان، کە زمان دەتوانێت بیگرێتە بەر.

**پرسیار: ئایا زیرەکیی دەستکرد مەترسییە بۆ سەرمرۆڤایەتی یان تەنیا هەڕەشەیە بۆ سەربەرژەوەندیی هەندێک کەس؟**

وەڵام: پێم وایە ئەم مۆدێلانە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەڕەشەن، وەک هەر تەکنەلۆژیایەکی نوێ، بۆیە شایەنی ئەوەیە ئەم جۆرە نیگەرانییانە بەجیددی وەر بگرین.

من بۆخۆم گومانم هەیە کە مەترسیی سەرەکی هەڕەشە نەبێت بۆ سەر مرۆڤایەتی، بەڵکوو زیاتر پەکخستنی شتەکانی وەک تاقیکردنەوە و وتارەکانە، کە لە وانەوتنەوەدا بەکاری دەهێنین. لە ئێستاوە مەترسییەکی ڕوون لەسەر مرۆڤایەتی هەیە کە پێویستە بەجیددی وەری بگرین.

**پرسیار: مۆدێلە گەورەکانی زمان بەتایبەتی لاوازن بۆ خراپبەکارهێنان. بۆچوونی ئێوە لەسەرتێبینییە ئەخلاقییەکان چییە؟**

وەڵام: ئەوان لەسەر دەقەکە لە ئینتەرنێتدا ڕاهێنراون و هەر بۆیە هەموو جۆرە لایەنگرییەکیان لە ناوخۆدا کردووە، کە لە ئینتەرنێتدا دەیدۆزیتەوە.

ئەمەش واتە ئەوان لە بنەڕەتدا "باوەڕیان" بە هەندێک شتی ترسناک هەیە و کۆمپانیاکان دەبێت فلتەریان لەسەر دابنێن، بۆ ئەوەی ئەم زانیارییانە نەیەنە دەرەوە بۆ بەکارهێنەران. بەڵام هێشتا هەر لەوێیە، لە ناوەوە. بۆ من ئەمە بەو مانایەیە کە تۆ ناتەوێت متمانەت بەم مۆدێلانە هەبێت بۆ هیچ شتێک.

**پرسیار: چۆن دەتوانرێت مۆدێلی زمانە گەورەکان بەکاربهێنرێت بۆ باشترکردنی پەروەردەی زمان بۆ ئەوکەسانەی کە زمانی زگماکی نین و ئەوکەسانەی، کە زمانیان لاوازە؟**

وەڵام: پێم وایە لەوێ توانایەکی زۆر هەیە، بەڵام من شارەزا نیم لەمەدا. بەدڵنیاییەوە، تەکنەلۆژیا لە دەق بۆ قسەکردن و قسەکردن بە دەق لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بووە، پێم وایە ئامرازەکان بۆ باشترکردنی پشکنینی ڕێزمان، لەوانەیە تێکەڵکردنی هەندێک زانیاریی مانادار لە شیکردنەوە لەخۆ بگرێت، کە زۆر بەسوود بن بۆ خەڵک. بەڵام ناتوانم پێشبینیی ئەوە بکەم کە بەرەو کوێ دەڕوات.

# زمان و زیرەکیی دەستکرد و دیدی چاکێندۆف

وەرگێڕانی: شنیا کەمال/ بەشی وەگێڕان- زانکۆی جیهان



یەکێک لە تازەترین تەکنەلۆژیاکان بۆ بەرهەمهێنانی بەرژەوەندییەکی بەرچاو ( چات جی پی تی ) ییە. بەرنامەیەکی زمانە کە دەتوانێت یارمەتیی بەکارهێنەرانی بدات دەربارەی فێربوونی بابەتی هەمەجۆر، تەنانەت زیادکردنی زانیاری لە پرسیاری بەکارهێنەرانەوە هەرچەندە (چات جی پی تی) بەم دواییانە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و مشتومڕ لە کاتێکدا هەندێک بانگەواز لە تەکنەلۆژیای (چات جی پی تی) هەنگاوێکی بەرەو فەزای گشتی دەستی پێ کرد، هەواڵگران و هەندێک لە ڕەخنەگران زیرەکیی مرۆڤ لە ئاستێکی باشدا دەشارنەوە .

نۆم چۆمسکی زمانزانی بەناوبانگ، بوون و کاریگەریی (چات جی پی تی) و هەندێک لە بەرنامەکانی تری بڵاو کردەوە، ئەو پرسیار دەکات لە بارەی توانا و بۆ فراوانبوونی بیری مرۆڤ و تازەگەری. ئەوەش دەزانرێت کە ( چات جی پی تی) لە گەشەکردن بەردەوامە و کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر کۆمەڵگە و پرۆسەی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەک بابەتی مشتومڕ و لێکۆڵینەوەی چڕ دەمێنێتەوە.

بەم دواییانە کێشەیەک هەیە لەمەڕ توانای هونەری ژیری و هونەری زمان، لە دنیای ئەکادیمیدا مشتومڕی گەرم هەیە لەو بارەیەوە، تاکوو ڕۆشنایی بخەنە سەر ئەم کێشەیە . (ڕەی جاکێندۆڤ) زمانزانی ئەمریکی و بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی زانستی لە زانکۆی تافتس، خاوەنی دید و تێڕوانینی خۆیەتی لەو بارەیەوە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا لەمەڕ ئەم کێشەیە دواوە.

لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا جاکێندۆڤ دەربارەی ئەو مشتومڕە بەردەوامەی لە دەوری پەرەسەندنی زمان و بیرۆکەی بۆماوەیی وەک دژایەتیکردنی توانا زگماکییەکانی مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە، ڕای خۆی بەیان دەکات.

جاکێندۆڤ ئەوەی خستە ڕوو، کە زۆرینەی خەڵک بیر دەکەنەوە وەک توانایەکی زگماکی، ئەمەش وەک گەشەسەندنی گۆڕانکاریی بۆماوەیی. ئەم کێشەیە وای کردووە، نەوەی نوێی زمانناسان هەوڵ بدەن سازشێک بدۆزنەوە لەنێوان بۆچوونەکان و ئەوەشی باس کرد کە ئەم ململانێیە وای کردووە، نەوەیەکی نوێی زمانزانان هەوڵ بدەن سازشێک لەنێوان بۆچوونەکانی نوام چۆمسکیدا بدۆزنەوە، کە پێی وایە زمان توانایەکی تایبەتی مرۆڤە و ئەوانەی باوەڕیان بە تیۆری گۆڕانکارییە، کە گریمانە دەکات زمان لە ڕێگەی گۆڕانکارییە بۆماوەییەکانەوە سەری هەڵداوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی مشتومڕەکەدا، زمانزانان کار دەکەن بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتنمان لە سەرچاوە و سروشتی زمان و هەروەها توانای دووبارەکردنەوەی لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد و ئامێری زمانەوە.

کاتێک پرسیاری ئەوە لە جاکێندۆڤ کرا، کە ئایا جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان زمان و عەقڵدا هەیە، وەڵامەکەی جاکێنۆف زۆر ئاڵۆز نەبوو، لە کاتێکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان، وەک شامپانزی و گۆریلا، بیرکردنەوەی ئاڵۆزیان هەیە بەبێ زمان، بەڵام هەندێک چەمک هەن، وەک ژمارە و مێژوو، کە پێدەچێت پێویستیان بە بەکارهێنانی زمان هەبێت.

هەروەها بە ڕووکردنە بابەتی زیرەکیی دەستکرد و زمان، پرسیار لە جاکێندۆف کرا سەبارەت بە کاریگەرییە ئەگەرییەکانی پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە لەم بوارانەدا بۆ زمانەوانی. لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێک بڵێن کە ئەم پێشکەوتنانە ئەو بیرۆکەیە دەخەنە

ژێر پرسیارەوە، کە زمان توانایەکی زگماکیی مرۆڤە، جاکندۆف گومانی خۆی دەربڕی سەبارەت بەوەی کە ئایا ئامێرەکان بەڕاستی بە هەمان شێوەی مرۆڤ لە زمان تێدەگەن. ئەو گومانەکانی خۆی لە بارەی (چات جی پی تی) و تێنەگەیشتنی دروستکەرانی لە بارەی چۆنیەتیی کارکردنی هێنایەوە و ڕایگەیاند، کە هیچ گریمانەیەک نییە لە سەر پرسیاری ئەوەی، کە ئایا بەدەستهێنانی زمان تایبەتە بە مرۆڤەکان یان ئایا ئامێرەکان تەنیا درێژکراوەی زیرەکیی مرۆڤن؟ بێگومان لەگەڵ بەردەوامبوونی پێشکەوتنەکانی زمانەوانی لە بواری تەکنەلۆژیادا، تیۆروانینە زمانەوانییەکان بەشدارییەکی گرنگن لە تێگەیشتنمان لە زمان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ و زیرەکیی ئامێرەکاندا.
زیرەکیی دەستکرد (AI) لەم ساڵانەی دواییدا بابەتێکە زۆر باسوخواس و مشتومڕی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. زۆرێک لە پسپۆڕان و زانایان سەنگیان لەسەر تواناکانی هەیە بۆ تێپەڕاندنی زیرەکیی مرۆڤ. لەم دواییەیدا زمانزانێکی بەناوبانگی وەک نوام چۆمسکی، ئاماژەی بەوەدا کە AI و( ChatGPT) مۆدێلێکی زمان لەسەر بنەمای AI دوورن لە زیرەکیی ڕاستەقینە. بەڵام ئایا ئامێرەکان دەتوانن لە کۆتاییدا زیرەکیی مرۆڤ تێپەڕێنن و چۆن پێناسەی "ژیریی ڕاستەقینە" بکەین؟
بە گوتەی زمانزان و زانای مەعریفی ڕەی جاکێندۆف، پێشتر کۆمپانیای AI لە هەندێک بواردا زیرەکیی مرۆڤی تێپەڕاندووە. جاکندۆف دەڵێت:" AI لەمێژە زیرەکیی مرۆڤی تێپەڕاندووە لە شتەکانی وەک یاریی شەترەنج و ئەنجامدانی لێکدانەوەی ژمارەیی بەرفراوان". بەڵام "بەو شتانەی کە دەتوانم کۆیان بکەمەوە، پێشکەوتووترین ڕۆبۆتە مرۆڤدۆستەکان، بە شێوەیەکی کارەساتبار خراپن لە شتگەلێکی وەک کردنەوەی دەرگا یان کەرتکردنی لەتێک نان، یان ئەو چالاکییەکانەی کە ئێمە بەتەواوی بە بێبایەخیان دەزانین. من ئەمەش بە جۆرێک لە زیرەکی دەزانم."
بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا AI دەتوانێت بە مانایەکی فراوانتر لە زیرەکیی مرۆڤ تێپەڕێت، ئەمەش لەڕاستیدا هێشتا جێگەی مشتومڕە. هەروەها پرسیاری دیکە هەیە، کە بەڕاستی مەبەستمان لە "ژیریی ڕاستەقینە" چییە؟ ئایا پێویستە بە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی یان زیرەکیی سۆزداری بپێورێت؟ زۆرجار زمان بە نیشانەیەکی زیرەکیی مرۆڤ دادەنرێت، ئەمەش وا دەکات هەندێک پرسیار بکەن کە ئایا ئامێرەکان دەتوانن بەڕاستی فێر بن و هەمان تواناکان بەرهەم بهێنن. کاتێک پرسیاری لێ کرا سەبارەت بە توانای ئامێرەکان بۆ دووبارەکردنەوەی زمانی مرۆڤ، جاکندۆف ڕەتی کردەوە قسە لەسەر داهاتوو بکات و هیچ شتێک لەو بارەیەوە بڵێت.
بەڵام جاکندۆف پرسیارێک دەورووژێنێت، کە ئایا ئامێرەکان دەتوانن هەندێک لایەنی زمان فێر بن و بەرهەم بهێنن بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەرهەمی کارلێکی مرۆڤە

لەگەڵ ژینگەدا بە تێپەڕبوونی کات؟ لە کاتێکدا کە ئامێرەکان پێشکەوتنی بەرچاویان لە پرۆسێسکردنی زماندا بەدەست هێناوە، بەڵام دەبێت بزانرێت ئایا دەتوانن بەتەواوی توانست و ئاڵۆزییەکانی زمانی مرۆڤ دووبارە بکەنەوە؟
بە گوێرەی شارەزای بواری زمانەوانی ڕەی جاکێندۆف، پێناچێت پێشکەوتن لە زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی ئامێردا جێگەی زمانی سروشتی بگرێتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا زمانی دەستکرد (AL) دەتوانێت جۆرێکی نوێ لە زمانی یەکگرتوو بەرهەم بهێنێت، کە جێگەی زمانی سروشتی (NL) بگرێتەوە، جاکندۆف ئاماژە بەوە دەکات کە زمان بە ئەگەرێکی زۆرەوە سیمای خۆی لە سەردەمی ئێستادا بپارێزێت. ناوبراو ئەوەشی وت کە: لە کاتێکدا دەربڕینە بنەڕەتییەکانی ژمێرياری وەک "٢+٢=٤" بە شێوەیەکی گشتگیر تێگەیشتوون، بەڵام ناتوانن جێگەی ئاڵۆزیی زمانی سروشتی بگرنەوە، کە دەتوانێت پرسیار بکات و ڕێنمایی بدات و لە ڕێگەی شیعر و مێژوو و خەیاڵەوە هەستەکان دەربڕێت. هەرچەندە، دروستکردنی زمانێکی گشتگیر وەک تەحەدایەک دەمێنێتەوە، ئاڵەنگارییەك وەک لە ئەزموونی شکستخواردووی زمانی ئێسپێرانتۆدا دەبینرێت، "زمانی ئینگلیزی پێشتر بەشێکی زۆری جیهانی داگیرکردووە و ڕەنگە هەندێک بڵێن کە بووەتە زمانێکی یەکگرتووی دووەم." سەرەڕای پێشکەوتنەکانی زیرەکیی دەستکرد، پێدەچێت زمانی سروشتی بەتایبەتی بۆ پەیوەندیی مرۆڤ بمێنێتەوە.

# زمان، بیرکردنەوە، زیرەکیی دەستکرد
## مشتومڕ لەگەڵ دانیاڵ ئێڤێرت

وەرگێڕانی: گۆڤاری زمانەوانی



زمانزانی ئەمریکی، دانیال ئێڤێرت، ڕەخنەی لە ئارگیومێنتی نوام چۆمسکی گرت سەبارەت بە "بنەما زگماکییەکانی زمان، جەختی لەوەش کردەوە کە (چات جی پی تی) نیشانی داوە، کە چۆن زمانێک بەبێ هیچ بنەمایەکی ڕەق و زبر لە ڕێزمان فێر دەبێت". زیرەکیی دەستکرد AI ساڵانێکی زۆرە بابەتێک بووە بۆ سەرسامی و نیگەرانی. لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوو لەگەڵ زمانزانە بەناوبانگەکان نوام چۆمسکی و ڕەی جاکێندۆف بۆچوونەکانیان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان زمان و عەقڵ دەربڕیوە، کە چ پەیوەندییەکی بە لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ زانیاریی دەستکردەوە هەیە. دانیال ئێڤێرت، زمانناسێکی دیار کە بە کارەکانی لەسەر زمان و کاریگەرییەکانی لەسەر تێگەیشتنمان

لە زمان و کۆزانی ناسراوە. ئێمە خۆمان دەخەینە ناو تێڕوانینەکانییەوە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان زمان، کولتوور و کۆزانی و چۆن دەتوانن ئاگاداری گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد بن.
لە چاوپێکەوتنەکەدا ئێڤێرت ئاڵەنگاری تیۆرییەکانی نوام چۆمسکی دەکات و دەڵێت چۆمسکی تەنیا سەرنجی لەسەر ڕێزمانە، کە تەنیا بەشێکی بچووکە لە زمان و ناسەرچاوە کۆمەڵایەتی یان کولتوورییەکان لە بەرچاو بگرن. ئێڤێرت باس لە دۆزینەوەکانی خۆی دەکات لەسەر زمانی "Piraha" دەکات لە دارستانەکانی ئەمازۆن کە یەکێکە لە نزیکەی ٨ هەزار زمانی قسەکردن لە جیهاندا و دەڵێت، کە لە ڕووی زاراوەییەوە جیاوازی نییە لەگەڵ هیچ زمانێکی دیکە.
ئێڤێرت دەڵێت تیۆرییەکانی ئێستای فێربوونی زمان نیشانەناسی و دەرئەنجامی لە بەرچاو ناگرن و پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە. هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەدا دەست دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە، کە ئێڤێرت دەڵێت زمان و کولتوور لە پەیوەندییەکی هاوژیانیدا هەن، هەریەکەیان بە پێویستی دەزانێت ئەوی دیکەیان لە قاڵب دەدەن و کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت.

بە گوتەی ئێڤێرت، ChatGPT نیشانی داوە، کە فێربوونی زمان بەبێ هیچ ڕێزمانێکی زگماکی یان یاسایەکی زمان مومکینە. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی بڕێکی زۆر لە داتاکانەوە بەدەست دێت، کە لەلایەن مۆدێلی زمانی گەورەوە دەرکەوتووە. ئەو دەڵێت لەگەڵ بەردەوامبوونی پەرەسەندنی ChatGPT و پەرەپێدانی مۆدێلی پێشکەوتووتر، لە قۆناغی "منداڵی" لە ئێستایەوە تا هەرزەکاری و لە کۆتاییدا گەورەبوون و پێگەیشتن دەست پێ دەکات.
ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکەی دانیال ئێڤێرتە:
**پرسیار:** دەست بکەین بە گفتوگۆ لەگەڵ بنچینەکانی زمان. لە کاتێکدا هەندێک لە مرۆڤناسان دەڵێن زمانی بەرهەمی پەرەسەندنی کولتووری و کارلێککردنی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیە، زانایان لەوانە نۆام چۆمسکی دەڵێن زمان توانایەکی بنەڕەتیی مێشکی مرۆڤە. بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەم گفتوگۆیە چییە و چۆن پەیوەندیتان هەیە بە لێکۆڵینەوەکانتان لەسەر خەڵکی Piraha و زمانەکەیان؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە Piraha تەنیا یەک لێکۆڵینەوەی حاڵەتە، دەتوانین بڵێین کە ئەنجامەکانت دەربارەی ئەم کەیسە بەسە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مشتومڕەکانی چۆمسکی، لە کاتێکدا زۆربەی زمانەکان لە ڕووی پێکهاتەوە هاوشێوەن؟
**وەڵام:** یەکەم شت کە پێویستە بیکەین لە گفتوگۆکردن لەسەر بیرۆکەکانی چۆمسکی

دەربارەی "زمان" ئەوەیە، کە تێبگەین کە کاتێک ئەم وشەیە بەکار ناهێنێت، ئەو ئاماژە بەوە ناکات کە زۆربەی خەڵک بیر لە زمان دەکەنەوە. مەبەستی ئەوەیە کە تەنیا ئەو کەسانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان نییە پێش ئەوەی کەس بزانێت ئەوە هەڵخەڵەتێنەرە، بۆیە ئەگەر بڵێم چۆمسکی باوەڕی بەمە یان ئەوە هەیە دەربارەی زمان، ئاسایی نییە، چونکە لە کردەی زماندا تەنیا ڕێزمان ڕەچاو ناکرێت. بۆ وەرگرتنی نموونەیەک لە تیۆری چۆمسکی، دەکرێت لەسەر ئەوە بوەستین کە چیرۆکەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە کە گرنگترین پێکهاتەی هەرتیۆرییەک لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی زمان بگێڕنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی چۆمسکی تەنیا لەسەر ڕستە و وشە دەوەستێت و هیچی تر.

لێرەدا سێ پاساو دەخەینە ڕوو، کە بۆ بەکارهێنانی چەمکی "زگماکی" بۆ ڕێزمانی چۆمسکی بەکار هێنراون:

یەکەم: هەموو کەسێک بەبێ گوێدانە توانا دەروونییەکانی یان چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆی بە زمانێک قسە دەکات.

دووەم: ئەوە ڕێزمانە کە لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە یەک دەچن.

سێیەم: منداڵان پێش هەرزەکاری زمانەکەیان بەدەست دەهێنن.

چۆمسکی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشبینیی ئەو ڕاستییە دەکات، کە نابێت هەموو منداڵان بە یەکجار بتوانن هەموو زمانەکان فێر بن. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر زمان لەسەر چینەکان هەڵبگیرێت، ئەوا چاوەڕوانی ئەوە دەکەین، کە هەڵبژاردنی سروشتی لە کۆتاییدا زمانی زگماکی لەگەڵ ژینگە و ڕێزمانی ناوخۆییدا بگونجێنێت و بەم شێوەیە فێربوونی زمانی ناوخۆیی ئاسانتر بێت و فێربوونی زمانەکان قورستر دەکات، کە تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان هەیە و جیاوازن لە زمانی ناوخۆیی. بەو پێیەی لە ماوەیەکی کورتدا گونجانی بایۆلۆژی لەگەڵ ژینگەی ناوخۆییدا دروست دەبێت. مرۆڤ چاوەڕوان دەکرێت زمان هاوشێوەی کردەیەکی میللی نیشان بدات. تایبەتمەندیی وەلانانی بابەتێک لە زمانی هیندۆئەورووپیدا نزیکەی ٦ هەزار ساڵە. ئەگەر زمان لەسەر چینەکان بووایە، مرۆڤ چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە زمانەکانی لایەنگری درۆپ، بۆ نموونە، ئیسپانی و پورتوگالی، لەنێو زمانەکانی تریدا، کێشەیان هەبێت لەگەڵ فێربوونی ئینگلیزی. بەڵام ئەمە ڕاست نییە. سەبارەت بە خاڵی (یەکەم) ڕێزمانەکە هاوشێوە دەبێت بە پێی تیۆرییەکەیان. سەبارەت بە (دووەم) منداڵان زۆر بەخێرایی زۆر شت فێر دەبن، بە هۆی سروشتی گشتیی مێشکەوە کاتێک لەدایک دەبن. بە تێپەڕبوونی کات فێربوونی شتی نوێ بۆ هەموومان قورستر دەبێت، بە بەراورد بە ئاسانکاریمان پێش

هەرزەکاری.

**پرسیار**: چۆن پێت وایە کە کێشەکانی زمانی piraha یان پشتگیری بیردۆزەکانی تری بەدەستهێنانی زمان دەکەن، وەک کارلێکی کۆمەڵایەتی یان ڕێگاکانی بەکارهێنان؟ بە چ شێوەیەک دەکرێت ئەنجامەکانت بەشدار بن لە گفتوگۆی بەردەوام، دەربارەی ڕۆڵی کولتوور و کۆمەڵایەتیکردن و پرۆسەی زانستی تاک لە فێربوون و بەکارهێنانی زماندا؟

**وەڵام**: زمانی piraha یەکێکە لەو زمانانەی کە لەنێو نزیکەی ٨ هەزار زمان، کە لە جیهاندا قسەی پێ دەکرێت. لە کارەکانی ئەم دواییەدا لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی جۆفری ک پولوم لەسەر دووبارەبوونەوە لە سەرانسەری زمانەکاندا، چەندین زمانی دیکەی نیشان داوە، کە وەک piraha پێدەچێت دووبارەبوونەوەی ڕستەییان نەبێت. لە کارە نوێیەکەمدا لەسەر فەلسەفە و پراکتیکی زمانەوانی (تازە پێشکەش بە چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد کراوە)، دەڵێم کە ڕەتکردەوە پێویست نییە. هیچ بەڵگەیەکی قەناعەتپێکەر لە ڕووی تیۆرییەوە نییە، کە منداڵان زیاتر لە تێگەیشتن لە نیشانەکان (ئایکۆن، ئیندێکس، هێما و هاوشێوەکانیان) لەگەڵ دەرئەنجام (لێبڕین، ئیندێکشن و ڕفاندن) بەکار بهێنن بۆ فێربوونی زمانەکانیان. زمانی Piraha بەم شێوازەی سەیرکردنی زمان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هیچ زمانێکی تردا نییە.

لە کاتێکدا زمانی piraha نوێنەرایەتی کێشەیەکی جیددی یان تیۆریی ناتیڤیستییەکانی فێربوونی زمان دەکات، بەڵام بۆ تیۆرییەکانی دیکەی ئەو جۆرەی کە تۆ باسی دەکەیت هیچ کێشەیەکی نییە. بەڵام هەموو تیۆرییەکانی ئێستا ناتوانن هیچ ڕۆڵێک بۆ نیشانەزانی و دەرئەنجام لە ئەرکی فێربوونی زمان (فێربوونی زمانی یەکەم یان دووەم) دا لە بەرچاو بگرن. بۆیە هەموویان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

**پرسیار**: هەندێک لە فەیلەسووف و زمانناسان باسیان لەوە کردووە کە زمان و بیرکردنەوە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی پرۆسەی مەعریفی و نوێنەرایەتی دەروونیدا. لێکۆڵینەوەکانتان لەسەر زمانی piraha چۆن پشتگیری لەم بۆچوونە دەکەن و ئاڵەنگاری دەکەن؟ پێت وایە چ جۆرە بەڵگەیەک پێویستە کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی باشتر لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە تێبگەین، چۆن ئاڵۆزەکانی نێوان هۆکارە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە؟

**وەڵام**: هەموو مرۆڤەکان بە زمان بیر دەکەنەوە. چارلس ساندەرس پێرس لە سەدەی نۆزدەدا ئاماژەی بەوە کرد و ویلیام جەیمس باسی نموونەیەکی کرد، کە زمان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە هەیە. زمان لە پەیوەندییەکی هاوبەشدا هەیە. پێویستە هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکە هەبێت. کوڕەکەم، کالێب ئێڤەرێت، لێکۆڵەرێکی باشە،

زۆر شتی دەربارەی ئەوە بڵاو کردەوە، کە چۆن زمان کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەمان هەیە و لە کارەکەمدا لەسەر کولتوور نووسیومە، کە کاریگەری لەسەر زمان هەیە. باوەڕ ناکەم قسەکردن بە زمانێکی جیاواز بەو مانایە بێت کە تۆ ناتوانیت فێری زمانێکی تر بیت و ڕێگری لە توانای بیرکردنەوە لە شتی نوێ بکەیت. بەڵام ئەو زمانانەی ئێمە قسەیان پێدەکەین وا دیارە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامدانی سەرەتایی ئێمە هەیە، سەبارەت بە تاقیکردنەوە لە ژینگەی جیاوازدا، وەک لە چەندین لێکۆڵینەوەدا لە ماوەی چەندین ساڵدا نیشان دراوە.

**پرسیار**: لەژێر ڕۆشنایی پێشکەوتنەکانی ئەم دواییەی زیرەکیی دەستکرد (AI) و فێربوونی ئامێر ئایندەی زمانەکان چۆن دەبینن؟ کاریگەریی زانیاریی دەستکرد لەسەر فرەچەشنیی زمان و کولتوورەکان چی دەبێت و ئەمە چۆن دەتوانێت کاریگەری لەسەر تێگەیشتنمان هەبێت لە فرەچەشنیی زمانەوانی وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ مەبەستی زانستی و کۆمەڵایەتی؟ لەگەڵ هەنگاونان بەرەو ئۆتۆماتیکیکردن و دیجیتاڵکردنی زیاتر، پێشبینی دەکەیت، کە زیرەکیی دەستکرد لە کۆتاییدا زمان و کولتوورێکی گشتگیر بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، یان ئەگەری ئەوە دەبینیت، کە فۆڕمی نوێی داهێنەری زمانەوانی و کولتووری لە وەڵامی ئەم پێشهاتانەدا سەر هەڵبدات؟

**وەڵام**: توێژینەوە لەو بارەیەوە هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکیی بە فرەچەشنیی زمان و کولتوورەکانەوە نییە. بەڵام پێیان وایە کە توێژەرانی زیاتر و زیاتر دەست دەکەن بە دانان بەوەی کە کولتوور پێویستی بە ڕەچاوکردنی مۆدێلکردنی زانیاریی دەستکردەوە هەیە، هەر وەک چۆن زمان دەیکات. من بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر گرنگیی کولتوور بۆ زانستە مەعریفییەکان نووسیومە، بەتایبەت لە کتێبەکەمدا Dark Matter of the Mind لەو بارەیەوە دواوم.

**پرسیار**: زمانناسانی وەک چۆمسکی باسیان لەوە کردووە، کە ئامێرەکانی وەک ChatGPT زۆر دوورن لە بەدەستهێنانی زیرەکیی دەستکردیی ڕاستەقینە. ڕوانگەی ئێوە چییە بۆ زیرەکیی دەستکرد، پێت وایە چۆن دەتوانرێت زیرەکیی دەستکرد بەکار بهێنرێت بۆ پێشخستنی تێگەیشتنمان لە ناسینی مرۆڤ و فێربوونی زمان؟ ئایا پێت وایە کە بوارە تایبەتەکانی بەدەستهێنانی زمان یان پرۆسێسی زمان هەن، کە بەتایبەتی بۆ ئامێرەکان قورسن بۆ دووبارەکردنەوەیان و ئەگەر وایە، ئەوا چیین؟

**وەڵام**: کەواتە لێرەدا ئەوەی ChatGPT کردوویەتی: بە توندترین شێوە بانگەشەی چۆمسکی ناڕاستە، کە بنەما زگماکییەکانی زمان پێویستن بۆ فێربوونی زمانێک. چات جی پی تی دەری خستووە، کە بەبێ هیچ بنەمایەکی ڕەق لە ڕێزمان یان زمان ئەم بەرنامەیە لەگەڵ داتایەکی گەورە (مۆدێلی زمانی گەورە)دا، دەتوانێت زمانێک فێر بێت. چۆمسکی

لەم دواییانەدا باسی ئەو نموونانەی کردووە، کە هێشتا لەChatGPT تێنەگەیشتووین. ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەو ژمارە زۆر کەمەی نموونەکان ئەوەیە کە لە لایەن زۆرێک لە منداڵان و فێرخوازانی زمانی دووەمیشەوە بە هەڵە تێدەگەن .ChatGPT جۆرێکە لە منداڵ کە تازە دەستی پێ کردووە. ئەم پرسە بۆ من یەکێکە لە گرنگترین توێژینەوەکان، کە لە ماوەی دەیان ساڵدا سەری هەڵداوە و لەسەر ئەم بابەتە وردە.

من پێم وایە، کە بەرنامەکانی وەک ChatGPT دەتوانن لە هەر بوارێکی زماندا شارەزابن.

**پرسیار**: مێژوونووسانی وەک یوڤاڵ هەراری لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا، هۆشداریان داوە کە "ئەگەر شارەزا نەبین لە زیرەکیی دەستکرد، ئەوا شارەزامان دەبێت". ڕوانگەی ئێوە بۆ ئەم هۆشدارییە چییە و پێتان وایە پێویستە چ هەنگاوێک بنێین بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و ئەخلاقی پەرەی پێ دەدرێت و بەکار بهێنرێت؟ چۆن دەتوانین هاوسەنگی لە نێوان سوودە ئەگەرییەکانی AI و Chat GPT لەگەڵ مەترسی و تەحەددیاتی ئەگەریدا دابنێین و زمانزانان و توێژەرانی دیکە دەتوانن چ ڕۆڵێک لەم هەوڵەدا بگێڕن؟

**وەڵام**: من چەندە لە ساردکەرەوەکەم دەترسم هەر هێندەش لە زانیاریی دەستکرد دەترسم. تاکە کێشەی شاراوەی زیرەکیی دەستکرد ئەوەیە، کە چۆن ئێمە وەک کۆمەڵگا بەکاری بهێنین. من متمانە بە زیرەکیی مرۆڤ دەکەم زیاتر لە زیرەکیی دەستکرد.



# زیرەکیی دەستکرد و خوێندن و پەروەردە

# زیرەکیی دەستکرد

# گفتوگۆ لەگەڵ یۆڤاڵ نوح حەراری

وەرگێڕان: م.ی. عەزیز ڕەؤوف

**لەم چاوپێکەوتنەدا مێژوونوس و بیرمەندی لاوی جیهانی یوڤاڵ نوخ حەراری لە بارەی زیرەکیی دەستکرد و کاریگەریی لەسەرئایندەیی مرۆڤایەتی دەدوێت.**



**پرسیار**: زیرەکیی دەستکرد ئەوەندە نوێیە هێشتا بەتەواوی ڕێک نەخراوە. ئایا ئەوە نیگەرانت دەکات؟

**یوڤاڵ**: لە ئێستادا وەک دیاردەیەک سەری هەڵداوە، بەڵام دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە مامەڵەی دروستی لەگەڵ بکرێت. بەڵام تاکە فۆڕمی جیهانی کاریگەر لە زیرەکیی دەستکرددا ڕێکخستن و هاریکاریی جیهانییە. ئەگەر جیهان بچێتە ناو زیرەکیی دەستکردەوە، لە ئەگەری پێشبڕکێی چەکداریدا، بەدڵنیاییەوە خراپترین دەرئەنجامی دەبێت.

**پرسیار**: یانی زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەو ئاستە؟ ئایا وڵاتێک هەیە بیەوێت بە زیرەکیی دەستکرد پێشبڕکێ بکات؟
**بۆڤاڵ**: بەڕاستی چین یەکەم وڵات بوو، کە ڕووبەڕووی زیرەکیی دەستکرد بووەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی نیشتمانی و لە ڕووی بیرکردنەوەی کۆکراوە و فەرمییەوە، ئەوان یەکەم کەس بوون وتیان:" پێویستە ئەم یارییە ببەینەوە" بەدڵنیاییەوە ئەوان چەند ساڵێک پێش ئەمریکی و ئەورووپییەکانەوەن.
**پرسیار**: ئایا چین تا ئێستا توانیویەتی بە زیرەکیی دەستکرد خۆی پڕچەک بکات؟
**یۆڤاڵ**: زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە هەموو شوێنێک. بەهۆی زیرەکیی دەستکردەوە وڵاتان شێواز و فۆڕمی جیاواز پەیڕەو دەکەن. بۆ نموونە ئیسرائیل گەورەترین تاقیگەی هەیە بۆ زیرەکیی دەستکرد و چاودێریکردن لە جیهاندا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی خاکە داگیرکراوەکانەوە. لەڕاستیدا یەکێک لە هۆکارە دیارەکانی ئەوەی کە ئیسرائیل پێشەنگ بێت لەو بوارەدا، بە هۆی چاودێریکردنی ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینەوەیە.
**پرسیار**: دەتوانیت کەمێک زیاتر ڕوونی بکەیتەوە؟
**یۆڤاڵ**: بەشێک لە هۆکاری سەرکەوتنەکەی بە هۆی زیرەکیی دەستکرد و تەکنەلۆژیای چاودێریی داتا گەورەکانەوەیە. ئەوەش بۆ خۆی کردەیەکی کەم نییە.
**پرسیار**: وا دەر دەکەوێت کە زیرەکیی دەستکرد بڕیاردان زۆر ئاسانتر بکات، ئایا ئەمە ڕووی داوە؟
**یۆڤاڵ**: زیرەکیی دەستکرد ڕێگەت پێ دەدات کە داتای زیاتر بە شێوەیەکی کاراتر و زۆر خێراتر شی بکەیتەوە. بۆیە دەکرێت یارمەتیدەربێت لە بڕیاردانی باشتر. بەڵام پەیوەستە بە بڕیارەکە خۆیەوە. ئەگەر بتەوێت بگەیتە وێستگەیەکی باشتر، زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ دۆزینەوەی ئاسانترین ڕێگا. بەڵام دواتر دۆخێک هەیە کە کەسێک، یاخود ڕکابەرێک هەوڵی تێکدانی ئەو بڕیارە بدات. بۆ نموونە کاتێک بڕیارەکە لەسەر هەڵبژاردنی حکومەتە، لەوانەیە چەند یاریزانێک هەبن کە بیانەوێت ئەم پرۆسەیە تێک بدەن و لە جاران ئاڵۆزتری بکەن.
**پرسیار**: ئایا سنوورێک هەیە بۆ ئەم گۆڕانکارییە؟
**یۆڤاڵ**: بەڵێ، ئەمەش تەنیا بارتەقای پێوەرەکانی دوای ئەو بەهێزە.
**پرسیار**: کێ توانای کۆنترۆڵکردنی پێوەرەکانی هەیە؟
**یۆڤاڵ**: مرۆڤ. پێوەرەکان لە مرۆڤەکانەوە دێن نەک لە ئامێرەکانەوە. " مرۆڤ پێوەرەکان پێناسە دەکات" لەگەڵ کێ هاوسەرگیری دەکەیت یان چ کۆلێژێک بخوێنیت دواتر ڕێگە بە زیرەکیی دەستکرد بدە و بژاردەی خۆت دیاری بکە. ئەمەش باش کار دەکات چونکە

زیرەکیی دەستکرد تێگەیشتنێکی واقیعیتری لە جیهان هەیە وەک ئەوەی مرۆڤ هەیەتی. دەتوانرێت هەڵسووڕێت چونکە مرۆڤ مەیلی بڕیاردانی ترسناکی هەیە.

**پرسیار:** ئەی ئەگەر هەڵە بکات چی؟

**یۆڤاڵ:** ئامانجی زیرەکیی دەستکرد تەواو نابێت، چونکە هەمیشە دەتوانیت پێوەرەکان ڕێک بخەیت. زیرەکیی دەستکرد تەنیا پێویستی بەوەیە باشتر بکات لەوەی مرۆڤەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن، ئەمەش زۆر قورس نییە.

**پرسیار:** گەورەترین تێڕوانینی هەڵە سەبارەت بە زیرەکیی دەستکرد چییە؟

**یۆڤاڵ:** مرۆڤەکان زیرەکی لەگەڵ هۆشیاری تێکەڵ دەکەن، چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە زیرەکیی دەستکرد هۆشیاری تەواو لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ئەمە هەڵە گەورەکەیە. زیرەکی بریتییە لە توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، هۆشیاری توانای هەستکردنە بە شتەکان لەوانە: ئازار، ڕق، خۆشەویستی و چێژ.

**پرسیار:** ئایا ئامێرەکان توانای ئەوەیان هەیە پەرە بە هۆشیاری بدەن؟

**یۆڤاڵ:** کەسانی شارەزا لە فلمە زانستییە خەیاڵییەکاندا هەن کە پێیان وایە دەتوانرێت ئەوە بکرێت، بەڵام نەخێر، هیچ ئاماژەیەک نییە کە کۆمپیوتەر لە هیچ شوێنێکدا پەرە بە هۆشیاری بدات. کۆمپیوتەر زیرەکی دەهێنێت بەڵام هۆشیاری پەرە پێ نادات و ئەو توانایەی نییە.

**پرسیار:** ئایا کۆمپیوتەر دەتوانێت هەستی هەبێت؟

**یۆڤاڵ:** بەگشتی ئێمە ناخوازین کە کۆمپیوتەر هەست بکا، دەمانەوێت کۆمپیوتەر لەوە تێبگات کە ئێمە هەست بە شتەکان بکەین. بۆ نموونە، دەرمان، خەڵک پزیشکیان پێ باشترە نەک پزیشک لە ڕێی زیرەکیی دەستکردەوە. بەڵام بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری تەندروستی دەکرێت بە تەواوی لەگەڵ کەسایەتیی تۆدا بگونجێت و لە هەستەکانت حاڵی بێت، ڕەنگە لە دایکی خۆت زیاتر بەتەنگتەوە بێت. ئەمەش هەمووی بەبێ هوشیاری ڕوو دەدات و تەنیا زیرەکییە. پێویست بە هەست و سۆز نییە تا هەستەکانی ئەوی تر بناسینەوە.

**پرسیار:** کەواتە چی ماوە کە زیرەکیی دەستکرد دەستی پێی نەگەیشتبێت؟

**یۆڤاڵ:** بەکورتی هەندێک شت هەیە. تۆ لە ڕێی زیرەکیی دەستکردەوە دەتوانیت دەرمان وەربگریت و بەکاریشی بهێنیت. ئەگەر پزیشکێک لەگەڵ پەرستیارێک بەراورد بکەیت، ئەوا زۆر ئاسانترە بۆ زیرەکیی دەستکرد کە جێگەی پزیشک بگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا تەنیا داتاکان و دەستنیشانکراوەکان شی دەکاتەوە چارەسەر بکات. بەڵام گۆڕینی پەرستیارێک کە دەرزی و دەرمان دەدات و پەڕاوەکان دەگۆڕێت، زۆر قورسترە. هەرچەندە ئەمەش دەکرێت، بەکورتی ئێمە لە سەرەتای دەرکەوتنی تواناکانی زیرەکیی

دەستکرددایین.

**پرسیار**: کەواتە زیرەکیی دەستکرد شۆڕشێکە بۆ خۆی؟

**یۆڤاڵ**: نا، زۆر دڵنیا نیم. ئێمە ئەم پچڕانە گەورەیە لە پێنچ بۆ دە ساڵدا نابینین، بەڵکوو ئەم دابڕانە پێشتر ڕووی داوە.

**پرسیار**: کەواتە ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر هێزی کار هەیە؟

**یۆڤاڵ**: ئابووری بە هۆی زیرەکیی دەستکردەوە بە شێوەیەکی درێژخایان دۆخێکی دروست کردووە کە هیچ توخمێکی بازاڕی کار لەسەدا سەد سەلامەت دەر ناچێت، خەڵک بەردەوام پێویستی بە داهێنانە. ڕەنگە ئەمە پەنجا ساڵ بخایەنێت، بەڵام دواجار هیچ شتێک سەلامەت نییە.

**پرسیار**: ئایا زیرەکیی دەستکرد دۆخێک دروست دەکات کە مرۆڤەکان دووبارە داهێنان بکەنەوە؟ هەروەها مەترسی لەسەر پڕۆسەی دووبارە داهێنان دروست دەکات؟

**یۆڤاڵ**: زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت پڕۆسەکە هەم باشتر و هەم خراپتر بکات. لەوەش خراپتر لەبەر ئەوەی زیرەکیی دەستکرد خۆی ناچارمان دەکات کە خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین، بە مانایەکی تر زیرەکیی دەستکرد دۆخێک دروست دەکات کە کار نامێنێت و خەڵکیش لەگەڵ بێکاریدا خۆی دەگونجێنێت. لە لایەکی ترەوە زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیدەر بێت کە شۆڕش لە پەروەردەدا بکەین یان خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین.

**پرسیار**: ئەمە چۆن ڕوو دەدات؟

**یۆڤاڵ**: لە جیاتیی ئەوەی خوێندکاران بەشێک بن لە  یەکەیەکی گەورەی پێکەوەیی پەروەردەیی، کە بە شێوازی پیشەسازی پڕۆسەکە بەڕێوە بچێت، دەتوانێت لەگەڵ زیرەکیی دەستکرددا ڕاهێنانێک بکات نەک تەنیا فێرت بکات، بەڵکوو تۆش دەخوێنیت. ڕاهێنەرەکە خاڵە بەهێز و لاوازەکانت دەناسێنێت، دەتوانێت فێرت بکات کە ئایا تۆ بە وشە یان بە وێنە باشتر  فێر دەبیت، لە ڕێی میتافۆڕی فەزایی یاخود کاتییەوە. پاشان پەروەردە بۆ تۆ ڕێک دەخات. فێربوونی کارامەیی نوێ دەکرێت لەدوای تەمەنی چل ساڵی زۆر قورس بێت. بەڵام تەنانەت زیرەکیی دەستکرد مرۆڤەکان ناچار دەکات دووبارە داهێنان ئەنجام بدەن، دەتوانێت یارمەتیان بدات زیاد لە مامۆستایەکی مرۆڤ کە ئەم کارە بکات.

**پرسیار**: واتە مەبەستت ئەوەیە زیرەکیی دەستکرد ناچارت دەکات دووبارە داهێنان لە خودی خۆشتدا بکەیت؟

**یۆڤاڵ**:  بێگومان لە بارەی زیرەکیی دەستکردەوە نووسین هەبووە. دە ساڵ لەمەوبەر من پڕۆفیسۆرێکی بێناو بووم و لەسەر مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەمنووسی، ئەمڕۆ

لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران و سەرۆکی دەوڵەتان کۆ دەبمەوە و باسی ڕۆبۆت و زیرەکیی دەستکرد دەکەم. ئەمە مەبەست لەوەیە کە من دووبارە داهێنانم لە خودی خۆمدا کردووە.

# وەرگێڕان لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە: داهاتووی فێربوونی زمان

نووسینی: کۆرین شەرابی
وەرگێڕانی: م.ی. دیار جەمال

زمانزانین یان نەزانین ئیتر ئەو بەربەستە گەورەیە نییە وەک جاران. ژیریی دەستکرد وەرگێڕانی لە جاران ئاسانتر کردووە بۆ پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە لە سەرانسەری جیهاندا. هەروەها وەرگێڕان لە ڕێگەی ژیریی دەستکردەوە چەندین سوود و بەکارهێنانی لە بازرگانیدا هەیە، ئەمەش پەیوەندییە ڕۆژانەییەکانی لەگەڵ تیمە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی باش سادە و ئاسان کردووە.

پەیوەندیی نێوان ژیریی دەستکرد و فێربوونی زمانیش لە ئێستادا زیاتر بەرچاو دەکەوێت. لە ڕابردوودا هەرکەسێک کە بیویستایە شارەزا بێت لە زمانێکی نوێ، دەبوو کات و پارەیەکی زۆر خەرج بکات لە وانەی زمان بە گرووپ یان وانەی تایبەت. هەرچەندە فێربوون بە ڕێگە باوەکان هێشتا گرنگن بۆ هەرکەسێک کە بیەوێت زانیاریی تەواو بەدەست بهێنێت لە بارەی ئەو زمانەی دەیەوێت فێر ببێت، بەڵام فێربوونی زمان زۆر ئاسانتر بووە بە هۆی ژیریی دەستکرد و بەرنامە و ئامێرەکانی وەرگێڕانی زمانەوە.

## ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە داهاتووی وەرگێڕاندا

وەرگێڕان لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە، چەندین بەرنامەی سەرنجڕاکێشی هەیە بۆ داهاتوو. بە هۆی زیادبوونی ئاستی وردبینی و متمانەپێکراوی، دەتوانرێت ژیریی دەستکرد بەکار بهێنرێت بۆ ئاسانکاریی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکەیەوە.

دەتوانرێت ئامێر و تەکنەلۆژیای وەرگێڕان بەکار بهێنرێت بۆ پشتگیریکردن لە کارەکانی وەرگێڕانی مرۆڤ. بۆ ئەو گرووپی وەرگێڕانانەی، کە لەگەڵ کاتی کەم و ئەرکی زۆر و

قورس کێشەیان هەیە، وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و بە ئۆتۆماتیکیکردنی ئەرکە سەرەتاییەکانی وەرگێڕان.
ڕێگایەکی دوورودرێژمان ماوە تا بەرنامەکانی وەرگێڕان بتوانن وەرگێڕانی سروشتی بە ئاستی وردی ١٠٠٪ بەرهەم بهێنن. بەڵام داهێنانەکانی داهاتوو و پەرەسەندنی خێرای ژیریی دەستکرد وا دەکات، وەرگێڕانەکان زیاتر سوودبەخش بن بۆ پەیوەندییە ڕۆژانەییەکان.

### سنوورداریەکانی وەرگێڕان لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە

لە ئێستادا وەرگێڕان لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە، بژاردەیەکی زۆر باشە بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە وەرگێڕانی بابەتی زۆر هەیە بەخێرایی. بەڵام، تەنانەت باشترین ئامێرەکانی وەرگێڕانی زمان سنوورێکی دیاریکراویان هەیە لە گەیاندنی مەبەستی ڕاستەقینەی نووسینە ڕەسەنەکەدا. لەڕاستیدا، پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای وەرگێڕان هێشتا کێشەی هەیە کاتێک باس لە تێگەیشتن لە لایەنە شاراوەکانی زمان و هەست و سۆز دەکرێت.

وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد ناتوانرێت بەتەواوی پشتیان پێ ببەسترێت بۆ بەرهەمهێنانی دەقی سەرنجڕاکێش بۆ مەبەستی بازاڕکردن و ڕیکلامکردن. لە کاتێکدا دەتوانرێت زمانە بێڕۆحەکەی دەقێک وەر بگێڕرێت، بەڵام وەرگێڕێکی مرۆڤی پێویست دەبێت بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی دەقی کۆتایی سەرنجڕاکێش و قایلکەر بێت.

### چۆن دەتوانرێت فێربوونی زمان و ژیریی دەستکرد پێکەوە بەکاربهێنرێن

لە ئێستادا دەتوانین دەستمان بگات بە وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد بە هۆی کۆمەڵێک بەرنامەی بێبەرانبەر و ماڵپەڕەوە. لە کاتێکدا ئەم بەرنامە و ماڵپەڕانە کاریگەرن لە وەرگێڕانی خێرادا، بەڵام ئەمانە هاوتای فێربوونی زمان نین لە ڕێگەی شێوازە باوەکانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، دەتوانرێت بۆ پشتگیریکردن لە پرۆسەی فێربوونی زمان کەڵکیان لێ وەر بگیرێت.
بۆ نموونە با بەرنامەی ڕاهێنەری زمانی Quazel وەر بگرین. بەکارهێنەران دەتوانن لە ڕێگەی مایکرۆفۆنەکانیانەوە قسە بکەن یان لە چاتەکەیدا بنووسن بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی کراوە و زیندوو بکەن لەگەڵ ژیری دەستکرددا و تواناکانی گفتوگۆکردنیان بە ٢١ زمان مەشق پێبکەن.

تەکنەلۆژیای وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد ناتوانرێت بۆ جێگرتنەوەی مامۆستا بەکار بهێنرێت، بەڵام دەتوانرێت وەک ئامرازێکی فێرکاریی بەنرخ بەکار بهێنرێت. وەک سەرەتایەک، ژیریی دەستکرد دەتوانێت وشەگەلێکی ئێجگار زۆر بۆ فێرخوازانی زمان دابین بکات. فێربوونی زمان بە شێوە باوەکان بە شێوەیەکی چڕ پشت بە مەلزەمە و کتێب دەبەستن. زۆرجار پرۆسەی فێربوون لەو ڕێیانەوە کاتبەفیڕۆدەر و تاقەتپڕووکێنن. بەرنامەکانی وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد دەتوانن جێگرەوەیەکی باش بن بۆ ئەو ڕێیە باوانەی فێربوون بەوەی لە چەند چرکەیەکی کەمدا دەتوانن چەندان وشە و دەستەواژەی نوێ پێشکەش بە فێرخواز بکەن.
خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی بێبەرانبەری وەک وەرگێڕانی گووگڵ، ڕێگە بە فێرخوازان دەدەن ئەوەی فێری بوون تاقیی بکەنەوە. فرەزمانزانەکان دەتوانن دەستیان بە هەموو ئەو بابەتانە بکەوێت بە ئۆنلاین کە دڵخوازین و دەیانەوێت شارەزا بین تیایاندا؛ پاشان دەتوانن ژیریی دەستکرد بەکار بهێنن بۆ پڕکردنەوەی هەرکەلێنێکی زانیاری کە هەیانە. ئەمە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی فێرخوازان لە پۆلە ئاساییەکانی خۆیاندا بەردەوام بن و ژیرییە دەستکردەکانیش وەک تەواوکەر و یارمەتیدەرێک بەکار بهێنن.
کاتێک کەسێک لە پرۆسەی فێربوونی زماندا بە شێوازی ڕووبەڕوو خەریکی پرۆسەکە نییە، ئەستەمە بزانیت کە ئایا لەسەر ڕێگای ڕاستە یان نا. ئایا نیگەرانی لە ڕێکوپێکی و دروستی وشەکان و پێکهاتەی ڕستەکان؟ ئایا کێشەت هەیە لە شێوانی دەربڕینی وشە و پیتەکان؟ فێربوونی زمانی لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە ئاسانکاری دەکات بۆ وردکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایانە. لەمەش زیاتر، ڕێگە بە فێرخوازان دەدات کە کاتەکانی خۆیان بەکار بهێنن بۆ شارەزابوون لە لایەنە قورسترەکانی زمان.

## ئایا هەرگیزوەرگێڕانی ژیریی دەستکرد جێگەی وەرگێڕانی مرۆڤ دەگرێتەوە؟

تەنانەت لەگەڵ پێشکەوتنی ژیریی دەستکرددا، ئەوە بەدوور دەزانرێت کە بەتەواوی بتوانێت جێگەی فێربوونی زمانی ئاسایی و وەرگێڕانی مرۆڤ بگرێتەوە. بەبێ گوێدانە ئەوەی تەکنەلۆژیای وەرگێڕان چەندە پەرە دەستێنێت، ئەوە زمانەکان خۆیانن کە گرنگن. زمانەکان پشت بە یاسا تایبەتەکانی ڕێزمان و پێکهاتەی جیاوازی خۆیان دەبەستن. تەنانەت ئاسانترین و بەربڵاوترین زمانەکانیش تا ڕادەیەک ئەبستراکتن. مرۆڤ هەمیشە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە فێربوونی زماندا.
هەمان قسەش بۆ کەرتی وەرگێڕان دەگونجێت. وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد تا دێت متمانەپێکراوتر دەبن، بەڵام هێشتا پەراوێزێک هەیە بۆ هەڵە کە پێویستی بە بەشداریکردنی وەرگێڕانی مرۆڤ هەیە. بەلایەنی کەمەوە، پێویستە ڕاستکەرەوەکان

پێداچوونەوە بە هەروەرگێڕانێکی ژیریی دەستکرددا بکەن. وەرگێڕانەکە لەوانەیە دەستکاریکردنی بەرفراوانی بوێت. وەرگێڕان لە ڕێی ژیریی دەستکردەوە ڕەنگە بارگرانییەکە بۆ وەرگێڕانی مرۆڤ سووک بکات، بەڵام ئەوە تەنیا گۆڕینی شێوازی کارکردنی وەرگێڕە مرۆڤەکانە، نەک پاڵیان بنێتە دەرەوە لە کارەکەیان.

**چۆن وەرگێڕە مرۆڤەکان دەتوانن لە وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد کەڵک وەربگرن؟**

تەکنەلۆژیای وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد هیچ هاوتای مێشکی مرۆڤ نییە. بەڵام دەتوانرێت بانگەوازی بۆ بکرێت کە ئەرکی وەرگێڕانە سەرەتاییەکان جێبەجێ بکات. ئەمەش تیمەکانی وەرگێڕانی مرۆیی ئازاد دەکات، بۆ ئەوەی سەرنجیان بخەنە سەر وەرگێڕانە قورسەکان.

زۆرجار دەتوانرێت بەرنامەی وەرگێڕان بەکار بهێنرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەشی یەکەمی وەرگێڕانەکان. ئەمەش ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات دواتر بچنە ناو وردەکارییەکانەوە، سەرنجیان لەسەر شتەکانی وەک پێکهاتەی ڕستە و یاساکانی ڕێزمان بێت. ئەمەش نەک هەر ڕێگە بە وەرگێڕەکان دەدات کار لەسەر ئەرکەکانی تر بکەن، بەڵکوو ئەگەری تووشبوونیان بە ماندوێتی و بێتاقەتی کەم دەکاتەوە. کاتێک باس لە وەرگێڕانی زۆر و گران دەکرێت، تیمەکانی وەرگێڕانی مرۆڤ کەمتر ئەگەری هەڵەکردنیان هەیە.

**ژیریی دەستکرد و فێربوونی زمان**

لەگەڵ بەجیهانیبون و جیهانگیریی زیاتردا، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ دەبێتە بەشێکی سەرەکیی پیشەسازییە ڕۆژانەییەکان. ئێستا، خزمەتگوزارییەکانی پەخشی ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ ئاسانکاری بۆ بینەرانی نێودەوڵەتی دەکەن، کە دەستیان بەو میدیایانە بگات، کە ڕەنگە لە ڕابردوودا دەستیان پێی نەگەشتبێت. وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیی خێراکردنی ئەرکەکانی ژێرنووسکردن بدات، بەڵام بەرنامەکانی وەرگێڕان تا ئێستاش کەموکورییان زۆرە لە وەرگرتنی مەبەستی تەواوەتی و هەست و سۆزەکانی زمانە ڕەسەنەکە.

ژیریی دەستکرد وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی وا لێ کردووە، کە بەئاسانی هەمووان دەستیان پێی بگات. خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد دەتوانن وەرگێڕانی خێرا بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستیی داتا و ژمارەی ناو بەڵگەنامەکان. هەرچەندە

قسەکەرانی زمانی دایک پێویست دەبن بۆ سەلماندنی بەڵگەنامە گرنگترەکان، بەڵام خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاکان دەکەن، کە لە ئاستی جیهانیدا بیر بکەنەوە.

**چۆن ژیریی دەستکرد وەرگێڕان بە شێوەی ڕاستەوخۆ دابین دەکات؟**

بەرنامەکانی وەرگێڕانی زمان لەم ساڵانەی دواییدا بەرەوپێشچونێکی زۆریان بەخۆوە بینیوە. لە ڕووی مێژووییەوە، تەکنەلۆژیای وەرگێڕان بە گۆڕینی قسە بووە بۆ دەق و دواتر وەرگێڕراوە بۆ زمانێکی تر. ئەمڕۆ بەرنامەکانی وەرگێڕانی زمان بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکەن.

ژیریی دەستکرد چەندین سوودی هەیە بۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ جگە لە سوودی گەیاندنی ئەنجام بەخێرایی. ژیریی دەستکرد لە کۆتاییدا دڵنیایی دەدات لەوەی کە دەقی وەرگێڕدراو مانا و مەبەستی دەقە ڕەسەنەکە دەگەیەنێت، بە مانایەکی تر، وەرگێڕانی وشەبەوشە ناکات.

تەنانەت بەرنامەکانی وەرگێڕانی زمانی وەک Google Translate و DeepL دەتوانن لە چەند چرکەیەکدا ئەنجامێکی زۆر باش پێشکەش بکەن. تاکە وشە یان ڕستەی سادە، هەروەها تەواوی لاپەڕەکانی وێبسایت و بەڵگەنامەکان، دەتوانرێت بە نزیکەیی لە چرکەیەکدا وەر بگێڕرێن.

**ئایا وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد بەتەواوی جێی متمانەن؟**

کەس ناتوانێت قسە لەسەر ئەوە بکات، کە وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد تا دێت متمانەپێکراوتر دەبێت. بەڵام هێشتا نەگەشتووینەتە ئەوەی کە وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد بتوانێت بەتەواوی جێگەی وەرگێڕانی مرۆڤ بگرێتەوە.

بەرنامەکانی وەرگێڕان وردی و باشییان بە شێوەیەکی زۆر ئاستبەرزن. بەڵام ئەگەر شتێک ١٠٠٪ تەواو نەبێت، ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بەتەواوەتی.
لە کەرتی بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، هیچ بوارێک بۆ تێنەگەیشتن نییە. جگە لەوەش ئەوانەی کاری دیپلۆماسی دەکەن و وەردەگێڕن، لەو بوارەدا دەبێت شارەزای هەمو لایەنەکانی زمان بن بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستیی مەبەستەکانی قسەکەرەکان بگەیەنن، بۆ ئەوەی دوور بن لە دروستکردنی کێشە.

لە زۆر حاڵەتدا دەتوانرێت بەرنامەکانی فێربوونی زمانی ژیریی دەستکرد بەکار بهێنرێن بەڵام هێشتا مرۆڤەکان پێویستن بۆ سەرپەرشتیکردنی وەرگێڕانی کۆتایی، چونکە تا ئێستاش هیچ ئامێر و بەرنامەیەک نەیتوانیوە جێی شارەزایی مرۆڤ بگرێتەوە لەم بوارەدا.

# چۆنیەتیی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد (AI) و چاتبۆت (ChatGPT) و هاوشێوەکانی لە پەروەردەدا

د. سەرباز عزیز وەرتی
سەرپەرشتیاری ئەکادیمیای جیهان

زیرەکیی دەستکرد، یان AI بریتییە لە پرۆسەی دروستکردنی ئامێرێک کە توانای کارکردنی هەبێت بە شێوەیەک، کە لە لایەن مرۆڤەوە وەک زیرەک هەست پێ بکرێت. ئەمەش ڕەنگە دووبارەبوونەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بێت یان ئەنجامدانی ئەرکی سادەتر، وەک مانەوە لە ژینگەیەکی گۆڕاودا بە شێوەیەکی داینامیکی.

بۆ هەندێک لە توێژەران دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە فێربوونە، بۆ ئەوەی باشتر لە خۆمان تێبگەین. بۆ هەندێکی تریش بنەمایەکە، کە دەتوانرێت سیستمی دەستکرد لێیەوە فێری ڕەفتارێکی زیرەک بکرێت. لە هەر حاڵەتێکدا AI توانای گۆڕینی جیهانی هەیە کە هیچ تەکنەلۆژیایەکی تر ئەو توانایەی ئەوی نییە.

زاراوەی "ژیریی دەستکرد (AI)" لە ساڵی ١٩٥٦ لە کۆلێژی دارتمۆس (ئەمریکا) داهێنراوە. وشەی زیرەکی بە واتای "توانای عەقڵانی ژیربێژ" دێت.

(AI) مامەڵە لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری زیرەکی دەکات، لە لای (مرۆڤ و ئاژەڵ و ئامێرەکاندا) و هەوڵ دەدات ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ هاوشێوەکردنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە، کە لە هەر جۆرە میکانیزمێکی دەستکرد دروست کراون. سەرەڕای ئەوەی تەمەنی ئەم زاراوەیە زیاتر لە نیو سەدەیە، بەڵام تاکە پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە. توێژەرانی ئەم زانستە بە شێوازی جیاواز پێناسەی دەکەن، بە پێی تێڕوانینی خۆیان بۆی و کار دەکەن بۆ دروستکردنی سیستمێک کە:

- وەک مرۆڤ بیر بکەنەوە؛
- بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی (ژیری، زیرەک)؛
- وەک مرۆڤ مامەڵە بکەن؛
- بە شێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە بکە.

سیستمی زیرەکیی دەستکرد (AI) مۆدێلێکی کۆمپیوتەریی توانا فیکرییەکانی مرۆڤە لە گەڕانێکی ئامانجدار و شیکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیاریی هەنووکەیی سەبارەت بە واقیعی دەوروبەر، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ لەبارەیەوە و چارەسەرکردنی ئەرک و ئامانجە گرنگە جۆراوجۆرەکانە.



پێداچوونەوەیەکی نایاب لە لایەن پسپۆڕانەوە پێشنیار کراوە، بۆ ئاستە جیاوازەکانی خوێندن - لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا ڕاهێنانی پیشەیی.

مۆدێلە زمانە گەورەکانی وەک GPT-٣ و GPT-٤ کە هێز دەدەن بە ChatGPT ی بەناوبانگ و وەشانی پێشکەوتووی ChatGPT Plus، پێدەچێت بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵمان بمێننەوە. دەتوانن دەقی یەکگرتوو دروست بکەن و وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، کۆد بنووسن و چەندین ئەرکی دیکەی پەیوەست بە زمان ئەنجام بدەن.

بۆ پەروەردە، ئەم تەکنەلۆجیایانە ئاسۆی ئومێدبەخش پێشکەش دەکەن. بەڵام بەکارهێنانیان پەیوەندی بە سنووردارکردن و مەترسییەکانەوە هەیە، کە نابێت چاوپۆشی لێ بکرێت. تیمێکی توێژەرانی سێ زانکۆی پێشەنگ لە ئەڵمانیا توێژینەوەیان لەسەر لێکۆڵینەوە زانستییەکان کرد لەسەر بەکارهێنانی مۆدێلی زمانیی گەورە لە پەروەردەدا، هەروەها ئەزموونی پراکتیکی لەم بوارەدا. ئەمە تێڕوانینێکی گشتیی گەورەی خستە ڕوو، وەڵامی پرسیارەکانی داوەوە، سەبارەت بەوەی کە چۆن ChatGPT و هاوشێوەکانی بەسوودن بۆ فێرخوازان و ئەوانەی وانە دەڵێنەوە، چ کێشەیەک لە کاتی ناساندنی تۆڕە دەمارییەکان بۆ پەروەردە سەر هەڵدەدات. ئەوەی بەتایبەتی بەنرخە، زانایان پێشنیار دەکەن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد (AI) بە شێوەیەکی هۆشیارانە و کاریگەرانە بە مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسییە ئەگەرییەکان. ئێمە وەشانێکی کورتکراوەی ئەم بابەتە پێشکەش دەکەین.

چۆن تۆڕە دەمارییەکان دەتوانن سوودبەخش بن بۆ فێرخوازان و توێژەران و ئاسۆی فراوان بۆ بەکارهێنانی مۆدێلی زمانیی گەورە لە ئاستە جیاوازەکانی پەروەردەدا دەبینن - لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا ڕاهێنانی پیشەیی. لە هەمان کاتدا نووسەرانی بابەتەکە چەندین جار ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیرەکیی دەستکرد (AI) توانای ئەوەی نییە جێگەی مامۆستایەکی ڕاستەقینە بگرێتەوە و تەنیا دەتوانێت ڕۆڵی ئامرازێکی یارمەتیدەر لە پرۆسەی پەروەردەدا بگێڕێت.

## لە قوتابخانەی سەرەتاییدا

ئەم مۆدێلە دەتوانێت نەک تەنیا ڕێنووس ڕاست بکاتەوە، بەڵکوو هەڵەکانی خاڵبەندی و ڕێزمان و ڕستەسازییش ڕاست بکاتەوە. بۆیە فێرخوازان دەتوانن لە ChatGPT و هاوشێوەکانی کەڵک وەر بگرن بۆ پشکنینی دەقەکانیان و بەم شێوەیەش توانای ڕێنووسی خۆیان ڕابهێنن. هەروەها تۆڕی دەماری بۆ خوێندنەوە بە پشتیوانی بەسوود دەبێت. بۆ نموونە یاریدەدەری مەجازی دەتوانێت بە دەنگی بەرز بخوێنێتەوە، فێرخوازیش دەتوانێت شوێن دەقەکە بکەوێت. هەروەها ئەرکەکانی دەق بۆ قسەکردن یان بە پێچەوانەوە نووسینەوەی قسەکردن بۆ دەق دەتوانێت فێربوون بۆ ئەو کەسانە ئاسان بکات، کە کێشەی بینین و کێشەی بیستنیان هەیە.

بۆ ئاسانکاریی تێگەیشتن لە دەقە درێژ و تا ڕاددەیەک ئاڵۆزەکان، تۆڕی دەماری دەتوانێت پوختە و ڕوونکردنەوە بۆ فێرخوازانی گەنجتر هەروەها بۆ فێرخوازە گەورەکان پێک بهێنێت. جگە لەوەش، ChatGPT دەتوانێت پرسیار و ئەرک بۆ دەقەکان پێک بهێنێت، کە دەتوانێت بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ڕاهێنانی تواناکانی شیکاری زانیاریی بەسوود بێت.



**قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی**

بە گوتەی توێژەران، تۆڕە دەمارییەکانی وەک ChatGPT دەتوانن یارمەتیی فێرخوازان بدەن لە فێربوونی بابەتەکانی زمان، هەروەها لە نووسینی وتار لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا - لە ئەدەبەوە تا فیزیا. ڕاستە یەکێک لە مەترسییەکانی هێنانە ناوەوەی زیرەکیی دەستکرد (AI) بۆ ناو پەروەردە کە زۆرترین باسی لێوە دەکرێت، پەیوەندی بەمەوە هەیە - جیاکردنەوەی دەقێک کە لە لایەن فێرخوازێکەوە نووسراوە لە دەقێک کە بە تەواوی لە لایەن تۆڕێکی دەمارییەوە دروست کراوە، ئەستەمە.

مۆدێلی زمانیی گەورە توانای دروستکردنی تاقیکردنەوە، ئەرکی کێشەدار (کە پێویستە فێرخواز چارەسەرێک بۆ کێشەیەکی وەسفکراو بخاتە ڕوو)، وە بۆ پرسیارەکان دەتوانرێت ئەمە بەکار بهێنرێت بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ قووڵبوونەوە لە بابەتێکدا و ئەوەی فێری بووە لەبیریان بێت. ئەوەی سەرنجڕاکێشترە، ChatGPT توانای ڕوونکردنەوەی لۆژیکی پشت چارەسەرکردنی ئەرکێک یان کێشەیەکی هەیە، نموونە و ئەلگۆریتمەکانی هەنگاو بە هەنگاو پیشان بدات.

**لە خوێندنی باڵا و خوێندنی پیشەیی**

مۆدێلی زمانیی گەورە یارمەتیی فێرخوازان دەدات لە شیکردنەوەی سەرچاوەکان بە پێشکەشکردنی پوختەی ستراکتۆری دەقە زانستییەکان. هەروەها - بۆ هەڵبژاردنی زانیاری لەسەر بابەتەکە و تەنانەت پێشکەشکردنی ئاراستە و پرسیاری توێژینەوە بۆ کاری زانستیی سەربەخۆ لە هەر بوارێکی زانستدا. جگە لەوەش تۆڕە دەمارییەکان بەسوود دەبن بۆ ڕاهێنانی کارامەیی پیشەیی گشتی و پسپۆڕی بەرز. کەواتە، ChatGPT دەتوانێت پێشتر کۆدی بەرنامە بنووسێت، هەڵەکانی تێدا بدۆزێتەوە و چۆنیەتیی چاککردنی ڕوون بکاتەوە. تۆڕی دەماری OpenAI Codex، وەک لە توێژینەوەکاندا دەر کەوتووە، توانای دروستکردنی ڕاهێنانی هەیە بۆ فێرکردنی بەرنامەسازی، لەگەڵ نموونەی چارەسەر و ڕوونکردنەوە. ئەگەر مۆدێلی زمانەکە لەسەر سەرچاوەکانی بوارێکی بابەتی دیاریکراو بڵێین، یاسایی، ئەندازیاری یان پزیشکی "ڕاهێنان" بکەیت، ئەوا یارمەتیی فێرخوازان دەدات ڕاپۆرتی تایبەتمەند و بەڵگەنامەی دیکە بنووسن.



**چۆن تۆڕە دەمارییەکان دەتوانن یارمەتیی ئەوکەسانە بدەن، کە وانە دەڵێنەوە**

بە گوتەی توێژەران، مۆدێلی زمانیی گەورە دەتوانێت "شۆڕشێک لە فێرکردندا بکات". لێرەدا چەند بوارێک دەخەینە ڕوو، کە تۆڕە دەمارییەکان لە ئێستاوە ئامادەن بۆ یارمەتیدانی مامۆستایان و وانەبێژان و میتۆدۆلۆژیستەکان:

•پێرسێناڵیەتی هەڵسەنگاندن و فیدباک: زیرەکیی دەستکرد (AI) دەتوانێت کارە نووسراوەکان و وەڵامەکانی فێرخوازان شی بکاتەوە، لەسەر بنەمای ئەم شیکارییە، فیدباکێکی تاکەکەسی بۆ هەریەکەیان دابڕێژێت - خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کارێکی دیاریکراو چیین؟ چی پێویستە دووبارە بکرێتەوە؟ چ کەرەستەیەکی زیادە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت؟ و هتد.

جگە لەوەش تۆڕی دەماری دەتوانێت وەک سیستمێکی "دژە دزیکردن" کار بکات. هەروەها توێژەرانی زانکۆی ویلایەتی کارۆلینای باکوور مۆدێلی BERT یان تاقیکردەوە بۆ هەڵسەنگاندن و باشترکردنی کوالێتیی ئەو فیدباکە، کە فێرخوازان بە یەکتری دەدەن، ئەنجامێکی ئەرێنییان بەدەست هێنا.

•پلاندانان بۆ وانە و محازەرەکان: ئەگەر بۆ نموونە لیستی سەرچاوەکان بدەیت بە تۆڕی دەمار کە لەسەر بنەمای ئەو سەرچاوانە پێویستە وانەیەک یان کۆرسێکی تەواو بنیات بنێن، ئەوا پلانێکی ستراکتۆرکراو دادەڕێژێت. جگە لەوەش، ChatGPT و هاوشێوەکانی دەتوانن پرسیار پێشکەش بکەن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ فێرخوازان، ئەرکی پراکتیکی و تاقیکردنەوە لەسەر بابەتەکە دروست بکەن. کەواتە، زانا هۆڵەندییەکان بۆیان دەر کەوت کە مۆلیدە تاقیکارییەکان لەسەر بنەمای GPT-٣ بەڕاستی کاری باش دەکەن لەگەڵ ئەم ئەرکەدا، هەرچەندە بەتەواوی نا (زۆرترین قورسایی بۆ تۆڕە دەمارییەکان کە سەرقاڵکەری کوالێتیی بەرز بخەنە ڕوو - وەڵامی هەڵەیە). زانایان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە تاقیکردنەوە دروستکراوە ئۆتۆماتیکییەکان، هێشتا توانای ئەوەیان نییە بەتەواوی جێگەی ئەو تاقیکردنەوانە بگرنەوە، کە مرۆڤ دروستی کردووە، بەڵام لە ئێستاوە دەتوانن ببنە یارمەتیدەرێک بۆ مامۆستا.

•فێرکردنی دیسیپلینەکانی زمان: مامۆستایان و ئوستازانی زمانە ڕەسەن (دایک) و بیانییەکان دەتوانن تۆڕی دەمار وەک یاریدەدەرێک بۆ وەرگێڕان و کۆکردنەوەی دەقی پوختە، ڕوونکردنەوەی یاساکانی ڕێزمان و مانای وشەکان، نووسینی دیالۆگ بۆ پراکتیکی زمان بەکار بهێنن. بەڕێزان پلاتفۆرمەکانی EdTech کە فێری زمانە بیانییەکان دەکەن یەکەم کەس بوون کە ChatGPT یان لە خزمەتگوزارییەکانیاندا جێبەجێ کرد. وەک سکاینگ (Skyeng ) لە ڕووسیا.

•گەشەپێدانی پیشەیی: لەسەر داواکاریی زیرەکیی دەستکرد (AI) باسی هەر ڕێباز

و شێواز و تەکنەلۆجیایەکی پێداگۆجیت بۆ دەکات، یارمەتیت دەدات سەرچاوە و کەرەستەیەک بدۆزیتەوە کە بەسوودن بۆ کارکردن یان تەنیا بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕەوتەکان بیت.

مەترسییەکانی پەیوەست بە هێنانەکایەی زیرەکیی دەستکرد (AI) لە پەروەردەدا چین زانایان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە بۆ بەکارهێنانی تەواو و ئاگادارانە و بەرپرسیارانەی زیرەکیی دەستکرد (AI) لە پەروەردەدا. لە ئێستاوە دەتوانین چەند بوارێکی کێشەدار دەستنیشان بکەین. هەندێکیان لە بواری بەرپرسیارێتیی گەشەپێدەرانی سیستمی زیرەکیی دەستکرددان - بۆ نموونە کێشەی مافی چاپکردن بۆ ئەو ناوەڕۆکە کە بۆ ڕاهێنانی مۆدێلەکان بەکار دەهێنرێن. هەندێکی تریش هێشتا دوورن لە واقیعەکانی ناوچەکە بۆ نموونە تێچووی پاراستنی سیستمەکانی زیرەکیی دەستکرد (AI) کە دەخرێنە ناو تۆڕی ناوخۆیی ڕێکخراوێکی پەروەردەییەوە.
لەم بابەتەدا سەرنج دەخەینە سەر ئەو مەترسییانەی، کە هەموو بەکارهێنەران کە تۆڕە دەمارییەکان لە فێربوون و فێرکردندا بەکاردەهێنن لەوانەیە ڕووبەڕوویان ببنەوە.

**لەوانەیە فێرخوازان زۆرپشت بە تۆڕی دەماری ببەستن**
زیرەکیی دەستکرد دەستڕاگەیشتن بە زانیاری ئاسان دەکات، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و چارەسەری کێشەکان نیشان دەدات. ئەگەری ئەوە هەیە کە فێرخوازان لە هەموو دەرفەتێکدا ڕوو لە تۆڕی دەماری بکەن: بۆچی بە تەنیا بەدوای وەڵامدا بگەڕێن یان بیر لە ئەرکەکە بکەنەوە، ئەگەر ئەمە بتوانرێت بە زیرەکیی دەستکرد (AI) بسپێررێت؟ بە گوتەی توێژەران، لە کۆتاییدا ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی تێکچوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان.

**چۆنییەتی کەمکردنەوەی مەترسییەکە:**
•گەیاندنی مەترسی و سنووردارکردنی بەکارهێنانی تۆڕە دەمارییەکان بە فێرخوازان، ئاماژە بە هەڵە و لاوازییەکانیان بکە. باشتر وایە تاقیکردنەوە لەگەڵ فێرخوازان بکرێت بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان بزانن کە زیرەکیی دەستکرد (AI) دەتوانێت چی بکات و هێشتا ناتوانێت چی بکات؛
•پشکنینی تەواو و ڕوونکردنەوە بۆ فێرخوازان بۆ ئەو ناوەڕۆکانەی کە تۆڕی دەماری دروستی دەکات؛
•هاندانی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد (AI) بۆ پێشنیارکردنی گریمانە و دیدگای

جیاواز لەسەر پرسیارێک یان کێشەیەک، نەک بەدوای وەڵامی ئامادەکراودا بگەڕێن؛
•فێرخوازەکان فێر بکەن کە پرسیار لە وەڵامەکانی زیرەکیی دەستکرد (AI) بکەن و سەرچاوەی زانیاری تر بەکار بهێنن، وەک کتێب و بابەتی زانستیی تر؛
•ئەو ئەرکانەی کە ئامانجییان پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەکانە، لە مەنهەجدا بەشدار بن.




پێداگۆگەکانیش، ڕەنگە دەست بکەن بە خراپبەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد (AI) توێژەران هۆشداری دەدەن، هیچ ماددەیەکی فێرکاری دروستکراوی ئامێر ناتوانێت جێگەی کارلێکی مرۆڤ بگرێتەوە، کە یارمەتیی فێرخوازان دەدات، بۆ پەرەپێدانی کارامەیی نەرم و کارامەیی هەمەلایەنەی دیکە. بۆیە پێشنیار دەکەن کە بە شێوەیەکی لۆژیکی (ژیربێژ)ی سنووردارکردن چوونە ناو تۆڕە دەمارییەکان بۆ ناو پرۆسەی پەروەردەیی.

**چۆنیەتی کەمکردنەوەی مەترسییەکە:**

•تۆڕە دەمارییەکان تەنیا وەک زیادکردنێک بۆ ناوەڕۆکی پەروەردەیی خود دروستکردن "خۆ پەروەردەکردن" بەکار بهێنرێت؛
•بۆ خوێندن و جێبەجێکردنە پراکتیکییەکان بۆ بەکارهێنانی کاریگەرانەی زیرەکیی دەستکرد (AI) لە پەروەردەدا، کە ڕێگە بە فێرخوازان دەدات پەرە بە داهێنان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بدەن؛
•گرنگیدان بە فێربوون لەسەر بنەمای کێشە و پرۆژە بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت داهێنەر و سەربەخۆ بێت، پەرە بە لێهاتوویی بدات لە گەڕان و شیکردنەوەی زانیاریدا؛
•بە بەردەوامی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی ئامرازەکانی AI زیرەکیی دەستکرد (AI) بکە، کە چۆن کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە، ئایا دەیگۆڕێت بۆ خراپتر.

سەختیی جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی زیرەکیی دەستکرد (AI) لەگەڵ ئەو کارەی فێرخواز کردوویەتی.
ناسینی ئەوەی کە ئایا دەقێک لە لایەن کەسێکەوە یان ئامێرێکەوە دروست کراوە، تا دێت قورستر دەبێت. ئەمەش نیگەرانیی جیددی لای پەروەردەکاران و ئەوانەی بەشدارن لە سیاسەتی پەروەردەدا دروست دەکات. سەیر نییە کە لە ئێستاوە حاڵەتی قەدەغەکردنی تەواوەتیی تۆڕە دەمارییەکان لە پەروەردەدا هەیە بۆ نموونە لە قوتابخانەکانی نیویۆرک یان هەندێک لە زانکۆکانی ژاپۆن، هەرچەندە هەموو کەسێک پشتگیری لەو جۆرە بڕیارانە ناکات.
ڕاستە لە ئێستاوە خزمەتگوزارییەکان وا دەر دەکەون، کە دەقەکان دەستنیشان بکەن، کە لە لایەن تۆڕێکی دەمارییەوە دروست دەکرێن بۆ نموونە لە ڕووسیا دژە دزیکردنی زانستی کارێکی لەو شێوەیەی ڕاگەیاند، بەڵام تەنانەت گەشە پێدەری ChatGPT کە خزمەتگوزارییەکی هاوشێوەی بڵاو کردەوە، وتی کە ئامرازێکی تەواو متمانەپێکراو نییە.

**چۆنیەتیی کەمکردنەوەی مەترسییەکە:**

•گۆڕینی مەنهەج بە شێوەیەک، کە هاندەری بەکارهێنانی داهێنەرانە بێت لە تۆڕە دەمارییەکان و بەکارهێنانیان وەک یاریدەدەرێکی زیادە، نەک بەرهەمهێنەرێکی وتار و مەقالە...هتد؛

•پێدانی زانیاری و ڕوونکردنەوە بە قوتابییان و خوێندکاران، کە بۆچی فێڵکردنی ئەکادیمی زیانبەخشە، هەروەها بۆ پەرەپێدانی یاساکان بۆ فێرخوازان لە کام حاڵەت و چۆن گونجاوە بۆ بەکارهێنانی تۆڕە دەمارییەکان؛

• فێر بە دەقی دروستکراوی ئامێر لە دەقی نووسراوی مرۆڤ جیا بکەیتەوە. تیمێکی توێژەران لە بەریتانیا چەند پێشنیارێک پێشکەش دەکەن: بۆ نموونە داوای ڕەشنووس، گرنگیدان بە وەرگێڕان و لیستی سەرچاوەکان (ChatGPT هێشتا نازانێت چۆن پەیوەندی بە سەرچاوەکانی لایەنی سێیەمەوە بکات)، هەروەها ستایل و شێوازی تێکستەکە (دەقەکە) تۆڕە دەمارییەکان ڕەچاوی کۆنتێکست و ئامانجی ئامادەبووان ناکات، بۆیە دەقی ڕۆبۆتی هەمیشە شێوازێکی ستاندارد و نادەربڕینی هەیە. هەروەها خزمەتگوزارییەکانی گەڕانی ئاسایی دزیکردن یان چارەسەرە تایبەتمەندەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن. بۆ نموونە کۆمپانیای GPTZero دەقەکە شی دەکاتەوە بۆ دەست تێوەردانی تۆڕە دەمارییەکان، هەرچەندە ئەنجامەکانی هەمیشە جێی متمانە نین.



**تۆڕی دەماری هەڵە دەکات، هەستکردن بەو هەڵەیەش قورسە**

ChatGPT دەقی یەکگرتوو دروست دەکات، بەڵام ناوبەناو هەڵەی ڕاستی دەکات و زانیاریی هەڵە دەدات. هەندێک جار ئەمە قسەی بێمانای تەواوە، کە ئاسان هەستی پێ دەکرێت، بەڵام هەندێک جار ناوەڕۆکەکەی زۆر باوەڕپێکراو دەر دەکەوێت، ئەمەش دەتوانێت بەکارهێنەر بەلاڕێدا ببات.

چۆنیەتیی کەمکردنەوەی مەترسی:

•دیسانەوە - بۆ فێرکردنی فێرخوازان بۆ پرسیارکردن لە وەڵامی ئامێرەکان، شیکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، ئاماژە بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بکەن؛

•تێگەیشتن و لێکجیاکردنەوە لە چۆنیەتیی کارکردنی زیرەکیی دەستکرد، کە سنووری تواناکانی ئێستای لە کوێدا کۆتایی دێت و ئەمە بگەیەنە فێرخوازان.

لە هەر حاڵەتێکدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە تۆڕە دەمارییەکان ئێستا بەشێکن لە واقیعی ئێمە، ئەمەش واتە پێویستە فێر ببین چۆن بەکاریان بهێنین و فێری منداڵانی قوتابخانە و قوتابییان بکەین. ئەمە لە ئەمریکاش بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەیەکی کۆمپانیاکانی پەروەردەیی و تەکنەلۆجی بە پاڵپشتی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی دروست کراوە. ئەم کۆمەڵەیە بە ناوی Teach AI پلانی هەیە باشترین پراکتیزەکان بۆ بەکارهێنانی تۆڕە دەمارییەکان لە پەروەردەدا دەستنیشان بکات و پێشنیارەکان پەرە پێ بدات و ڕاهێنانی تایبەت ئەنجام بدات.

## لیستی ژێدەرەکان

1.Остроух, А.В. Введение в искусственный интеллект : монография / А.В. Остроух. – Красноярск: Научно-инновационный центр, 2020. – 250 с.
2.БоровскаяЕ.В. Основыискусственногоинтеллекта:учебное поң собие/Е.В.Боровская,Н.А.Давыдова.Ч4ңеизд.,электрон. ЧМ.:Лабораториязнаний,2020.Ч130с.
3.Джонс М. Т. Программирование искусственного интеллекта в приложениях / М. Тим Джонс ; Пер. с англ. Осипов А. И. – М. : ДМК Пресс, 2011 – 312 с.: ил.
4.Наталья Скорнякова, Редактор направления «Образование» Skillbox Media, Skillbox, 2023.
5.https://skillbox.ru/media/education/kakie-byvayut-metody-obucheniya-ot-klassicheskikh-do-sovremennykh/



# توێژینەوەکان

# فاکتەری ئەدەبی لە بەستانداردبوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا

د.سەعید محەمەد عەبدوڵڵا

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەدەب هاوکات نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی، یەکێک لە تەنگەژە سەرەکییەکانی فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زمانێکی نەتەوەییە لە ئاستی سەرانسەری کوردستان بەتایبەتی لە کوردستانی ڕزگاردا. لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، هەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو لە ئاستی هەموو کوردستان وەک یەکێک لە سەرەکیترین هێماکانی نەتەوە و بنەمایەکی پێویست بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی باسوخواسێکی زۆری لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ئەکادیمی و سیاسییەکاندا دروست کردبوو. بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و ئەکادیمیستەکان بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا. دیالێکتی (کوردیی ناوەڕاست) وەک زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو دەرەخسێنن.

بەڵام کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، باکوور زۆر لە کرمانجزمانەکان بە هۆی فرەیی و پانتایی جوگرافیایی کرمانجی وەک زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بە باش دەزانن . لە لایەکی ترەوە هەورامی و کەڵهورزمانەکانی کوردستانیش هەست بە پەراوێزخستنی زارەکەیان لە ئاستی سەرانسەری کوردستان دەکەن، بەڵام دەکرێت دەرفەتی کرانەوەیەکی ئەوتۆی بە ڕووی خۆیاندا برەخسێنن کە پێوەندی و تێکەڵاوی خەڵکی سەر بە هەموو زاراوە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر، پێویستی زمان یان دیالێکتێک زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بهێنێتە ئاراوە. پێویست بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی لەو دەمەوە سەری هەڵداوە، کە داوا و نیازە زمانییەکانی خەڵک پەرەی سەندووە، زمانی کوردی کارکردێکی

نوێی نووسراو و ئەدەبی (شیعری) وەر گرتووە. جگە لەوەش بوونی زمانێکی یەکگرتووی تاقانە بۆ نووسین، کاری میدیایی و فێرکاری و تەنانەت کاروباری کارگێڕی و دادوەری و یاساییش نزیک دەکاتەوە. ئەمە ئێستا تەنیا سیاسەتێکی زانستییانەی تۆکمەی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی دەهێنێتە دی.

**١ - هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە سۆنگەی ئەو واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە تێپەڕبوونی کات و سەرهەڵدانی داهێنان و پێشکەوتنەکان ئەدەب و زمان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش لەسەر بنەمای یەکڕیزیی و تەبایی نەتەوەیە. هەر بۆیە زمان و ئەدەب پێناسە و بنەڕەتی نەتەوەیە، (خوێنە لە ڕەگدا) و (هێزە لە لەشی نەتەوەدا)، یان باشترە بڵێین هەموو لایەنێکی نەتەوەیە ئاشکرایە ئەگەر زمان و ئەدەب نەبێت هەموو کایە گرنگەکانی ژیان دەوەستن و مەترسی دروست دەکات.

**٢ - ئامانجی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە دوای پرسی زیندووی زمان و ئەدەبدا دەگەڕێت و دەیەوێت، خەسڵەتی بنچینەی خۆی لەدەست نەدات، چونکە زمان تەنیا کەرەستەی پێوەندی نییە، بەڵکوو فاکتەری ئەدەبیی بەشێکی میراتی زیندووی نەتەوەیە، هاوکات زمان و ئەدەب ئامرازی دەربڕینی بیر و بۆچوون و ڕاگوێزی بیری تاکێکن بۆ تاکێکی تر، بۆیە تا زمان هەبێت نەتەوە نافەوتێت بەڵام بە فەوتانی زمان و ئەدەبی، نەتەوە لە هەموو تایبەتمەندییەک دەوەستێتەوە و ڕیز بەڕیز دەیانمرێنێت.

**٣ - میتۆدی توێژینەوەکە:**

لێرەدا هەوڵدەدرێت بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی (وەسفی- پەسنی) لە چوارچێوەی توێژینەوەی (کوالیتەیتیف) یان چۆنایەتی، دواجاریش هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە بدرێت، پاشان بە تێگەیشتنی هاوچەرخ دیدگا دەخرێتە ڕوو.

**٤ - پلانی توێژینەوەکە:**

پلان یان نەخشەی توێژینەوەکە بەو جۆرە داڕێـژراوە کە خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکە بکات و ڕوونی بکاتەوە، واتە توێژینەوەکە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم، تەوەرەی یەکەم، باسی چەمکی گشتی و گرنگیی زمان، وەک و بنەمایەکی سەرەکی نەتەوە بایەخی پێ دراوە. پاشان باسی زمان و ئەدەبمان کردووە لە ڕووی

ئابووری و سیاسی و ئاینییەوە، چونکە چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. لە بەشی دووەم، تەوەرەی یەکەمدا، باس لە هزری نەتەوەیی و بوونی فاکتەری ئەدەبی و هزری فەلسەفەی ئەدەبی لای شاعیرانی کلاسیك و نوێ و هاوچەرخ کراوە، هەروەها شیعرو گۆرانی و هونەری مۆزیکمان کردووە و شرۆڤەی جیاوازی لێ کەوتووەتەوە، پاشان هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەمان بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو کردووە جگە لەوەش کوردیی ناوەڕاست، کە هەوێنەکەی شێوەزاری سلێمانی بوو، بەو مانایەی زمانی ئەدەبی قوتابخانەی شیعری بوو، سەدەیەك زیاتر بوو بەبەردەوامی پێی دەنووسرا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حکومەتی شێخ مەحموود زمانی فەرمیی ئەو ناوچەیە بووە، هەروەها زمانی حکومەتی قازی محەمەد بووە لە مەهابادا پەرەی سەندووە، سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ دەر چووە و دەر دەچێت لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە زمانی خوێندنە لە قوتابخانەکاندا.

بۆیە شیعری شاعیرانمان بە نموونە وەر گرتووە، لە کلاسیکەوە تاکوو شاعیرانی هاوچەرخ بۆ ئامانجی توێژینەوەکە.

## بەشی یەکەم

### -گرنگیی ئەدەب و زمان:

ئەدەب پێکهاتەیەکی زمانەوانیی قەشەنگە، کە هزر و ئەندێشەیەکی جوان و کاریگەر لە فۆڕمێکی سەرنجڕاکیشدا پێشکەش خوێنەر یان بیسەر دەکات، بە مەبەستی سازکردنی جیهانێکی ئەفسووناوی دوور لە کێشە و گرفت، یاخود کێشە خودی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بە زمانێکی تایبەت و بونیادێکی هونەریانە دەخاتە ڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

### ١-١ چەمکی گشتی و گرنگیی زمان.

(زمان وەکوو یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە هێما و نیشانەی ناسینەوەی نەتەوەیە، بایەخدان بەو هێما و نیشانەیە پیشاندەری ڕاددەی ئاستی بەرزی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیەیە، چونکە زمان خەسڵەت و تایبەتمەندیی نەتەوە هەڵدەگرێت.[(١)]

بۆیە هەبوونی زمانێکی ستاندارد و ئەدەبی لە ئاستی هەموو کوردستان، وەک بنەمایەکی پێویست لە پێناو و ڕووژاندنی هەستی نەتەوایەتی و بنیاتنانی یەکێک لە سەرەکیترین هێماکانی نەتەوە بە پێویست زانرا، بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە هەنگاو بنرێت بۆ ڕەسەنایەتی و بەڵگەی کۆنی مێژوویی هەموو نەتەوەیەکی ئەم جیهانە، زمان هۆکارێکە

بۆ لێکترگەیشتن لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و نەتەوەییەوە، ئەو هۆکاریە کە کۆمەڵێکی دیاریکراوی مرۆڤ پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم پێکەوەبەستنەش کولتوورێکی تایبەت بەوان دێنێتە کایەوە، ئەمەش وا دەکات پابەندبوونێکیان تێدا دروست بکات و ئامادەییان تێدا بهێنرێتە کایەوە، هەر بۆ ئەوەی لە پێناویدا کار بکەن و بیپارێزن و نەهێڵن هێزی دەرەکی بیسڕێتەوە. جا ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە هاتنەئارا و کارابوونی بەو واتایە نییە، کە خەڵکی سەر بە زار و شێوەزارەکانی تر واز لە شێوەزارەکانی خۆیان بهێنن و قسەی پێ نەکرێت، بەڵکوو تەنیا ئەو مەبەستە کە دەبێت زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەکە لە بواری خوێندن و ڕاگەیاندن و بوارە فەرمییەکاندا بەکار بهێنرێت، نەك هەرناوچەیەك بە شێوە ناوچەییەکەی خۆی بخوێنێت و بڵاوی بکاتەوە.
حاجی قادر دەڵێت:

موهەلەل، ئەردەشێر و دەیسمەی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەڵانی
ئەمانە پاکیان کوردن نهایەت
لە بەر بێدەفتەری ون بوون و فانی
کتێب و دەفتەر و تاریخ و کاغەز
بەکوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی[٢]

ئەم سەرهنجەی حاجی بە کاریگەریی فیتی داگیرکەران، زمانی کوردی فەرامۆش دەکەن و لەبیریان دەچێتەوە، لە بەرانبەریشدا حاجی هۆشیاریی نەتەوەیی بڵاو دەکاتەوە. هەوڵی پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی دەدات بەرانبەر بە داگیرکەران.
(ئەگەر ئەم لایەنە وەکوو مێژوویەکی تۆمارکراو نەبووایە زانایانی زمان و کۆمەڵناسان و مێژووناسان نەیاندەتوانی لەم ڕووەوە زۆر بڕیاری ساغکردنەوە بدەن[٣]
گرنگیی زمان بۆ درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە ڕاددەیەک، کە دوابەدوای دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپا لەسەر بنەمای زمانە نەتەوەییەکان چەقی بەست و زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپی لە نەخشەی داڕێژراوی ئەو کاتەدا بە ناوی زمانەکەیانەوە دەناسران. ڕەفیق سابیر دەڵیت: (زمانی ستاندارد لە بنەڕەتدا ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەیە، کە لە قۆناغێکی مێژوویی ژیانی نەتەوەدا دەردەکەوێت، هۆی زمانی نەتەوە لە زمانێك لە خۆیدا دەگۆڕێت بە زمانێك بۆ خۆی کە زمانی پەیڤینە و دەبێت بە زمانی نووسین.[٤]
کەواتە زمان ناسنامەی میللەتە، مانی بە مانی زمانەکەیەتی لە پڕۆسەی دروستبوونی زۆربەی زمانەکانی دنیادا، هۆکاری سیاسیی نەتەوەیی پێش دروستبوونی دەوڵەت

ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دروستکردنی هەلومەرج و ئەرکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ستانداردکردنی زمان و دوای دروستبوونی دەوڵەتیش سیاسەت و پشتگیری دەڵەوت و دەزگا و دامەزراوانەی دایانادەمەزرێنێت، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێگەیشتن و چەسپاندنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا.

عیزەدەین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: (زمان هۆی بەستنی ئادەمیزادە بە کۆمەڵەوە، زمان لە کۆمەڵدا پەیدا دەبێت[٥]، هەر بۆیە یەکەم هۆکار کە کوردی پاراستووە زمانەکەیەتی، چونکە زمانی کوردی، زمانێکە ڕەگی قووڵی هەیە و کۆنە و نافەوتێت و هەر ئەو زمانە ڕەگەزی مانەوەیەتی، هەوڵیش زۆردراوە بۆ لەناوبردنی ئەم زمانە، لە ئێستادا لە تورکیا قەدەغە بوو بەکوردی قسە بکەیت لە ئێرانیش تاکوو ئێستاکە ڕێگە نەدراوە، کە بە زمانی کوردی بخوێنرێت.

## ١-٢ پانتاییبوونی زمانی ستانداردکردن:

مەبەست لە ستانداردکردنی دیالێکتێك، کە تایبەت بە پرۆسەیەکی مێژوویی دیاریکراو؛ کەمال میراودەلی دەڵێت:

١-پێوەندیی مێژوویی و جوگرافیی ئەو دیالێکتە بە دیالێکتەکانی ترەوە.

٢-شوێنی جوگرافی دیالێکتە و پێوەندی بە ئەرکی بوونیەوە واتە ئەرکە سیاسییە دەسەڵاتییەکە، بۆ نموونە زۆر دیالێکت کە دەبنە زمانی ستاندار و دیالێکتی پایتەخت یان ناوچە، یان شارێکی پیشکەوتووترن.

٣-پانتایی کۆمەڵایەتی و کولتووریی دیالێکتەکە.

٤-پانتایی مێژوویی بەکارهێنانی پێشین تێکستی ئاینی، ئەدەبی .. تاد.[٦]

ئەوەش دیارە کە ئێستاش لەو ناوچانەدا کە بە کوردیی ژووروو ئەدوێن، بەرانبەر بە مەلا یان مامۆستا وشەی سەیدا بەکار دێت، (خانی) لە چەند شوێنێکدا وشەی مەلا بەکار دەهێنێت لە هەندێك شوێندا مەولا دەنووسێت، بۆ نموونە:

عقیدا ستی مەکە کرد ل تاژدین
ئیجابە ئەڤە قوبول ئامین
هەرچی کو وەکیلە بیت و ڕوودونێت
مەولاکی بە خوتبەیی بخووێنێت[٧]

عەلادین سوجادی دەڵێت: (مەلای جزیری لەم شیعرەدا باسی ئەوە دەکات، ئەگەر شیعری نایابی غەرامیاتی من ببێت، تۆ چیت داوە لەوە بچیتە شیراز بە شوێن شیعری حافزدا بسووڕێیتەوە:

گەر لوئلوئی مەنسوور ژ نەزمی، تە دەخوازی
وەر شیعری مولێ بین تەب شیراز چ حاجەت [٨]

کەواتە جزیری ویستوویەتی ئەو داهێنانەی شیعری فارسی پێی گەیشتووە، بهێنێتە زمانی کوردییەوە، شاعیر لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە زاراوەکانی فارسی عەرەبی بەکارهێنانە ڕەوانبێژییەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بەگشتی تێکەڵ بە کۆمەڵێ وشەی کوردی بکات، کە لە شیعردا بەکار هاتوون و بە شیعری کوردی دایانبڕێژێتەوە.

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: مەلای جزیری داوا لە میللەتەکەی دەکات کە شیعری جوانی ئەو زمانی میللیان بکەن بە بەردار و جێگیر و هاوتای شیعری حافز و سەعدیی شیرازی بن، کە لەناو کورددا بڵاون.[٩]

ئەمەش ئاماژە بۆ گەڵاڵەکردنێکی ڕەسەنە بۆ زمان، سەرەتایەکی ڕاستین بۆ تایبەتمەندیی زمانی کۆمەڵگە، هەر بۆیە شاعیر دەیەوێت واتای زمانێکی داهێنەر لە جۆری بیرکردنەوەی واتایی زەمەنی و واتای گشتی دەچێتە دەرەوە، یاخود بە هۆی واتای زەمەنی و گشتییەکەوە جیهانێکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات، چونکە پایەبەرزیی شاعیر و هەرنەتەوەیەکیش بە زمانە تایبەتییەکەیەوە بەندە.

(تایبەتمەندیی بنەڕەتیی دیالێکتی زمان ئەوەیە دیالێکتێکە لەناو زماندا ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێت و هەمووان توانای قسەکردنیان پێی هەیە[١٠]

کەواتە تۆوی زمان لە وڵاتێکدا دەڕوێت، کە کۆمەڵێک دیالێکت و زمانی هاوڕیشە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا پێکەوە ژیابن و چارەنووسیان هاوبەش بێت، ئەو زمانە ڕەنگدانەوەی تایبەندمەندییەکانی کۆمەڵگە بێت لە بواری ئابووری، سیاسی، ئاینی و فەرهەنگی کە پێویستی هەبوونی دیالێکتێکی هاوبەش دەر دەخات، بۆ وێنە گەلی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵە خەڵکەکەی بە دیالێکتی جیاواز و ئاین و ئاینزای جیا پێکەوە ژیاون و چارەنووسی ژیانیان لە هەموو بوارێکدا هاوبەشە، کە هەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ درزخستنەنێوانیان و جیاکردنەوەیان لە یەکتر (وەکوو ئاولەهاوەنکوتانە.[١١]

کورد تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی ئەوتۆی نییە، کە لە سەرتاسەری کوردستاندا لە نووسین و خوێندندا بەکار بهێنرێت، ئاشکرایە دابەشکردنی کوردستان و ئەو دۆخە مێژووییە سەختەی سەدان ساڵە کورد تێی کەوتووە هۆکارێکی گرنگی دابەشبوونی زمانی و کولتووری کورد بوون.

لە نێو نەتەوەیەکی هاوڕیشەدا فاکتەری پێوەری زمان زنجیرەی پێوەندییەکان پتەوتر دەکات و ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی بەرز دەکاتەوە.

فەرهاد شاکەلی دەڵێت:

(بە زمانێک دەتوانین بڵێین ستاندارد یان هاوبەش کە ئەم قۆناغانەی تێپەڕاندبێت)

١- هەڵبژاردنی شێوەیەک، واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکە وەک بنەڕەت، وەک نۆرم.
٢- کۆداندن واتە (بەکۆدکردنی) ئەو شێوەیە تا ئەو ڕاددەیەی، کە جیاوازییەکان لە پلەی هەرە کەمتریندا بن.
٣- فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە، واتە لە بوارەکانی زانستی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و تەکنیکییەکاندا بخرێتە گەر.
٤- پەژێرتن (قەبووڵکردن) لە لایەن کۆمەڵەوە.[١٢]
واتە کۆمەڵێکی بەکارهێن ڕازی بن و بەکاری بهێنن بۆیە هەرزمانێک بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دەبێت بە هۆی چەند هۆکارێکەوە، کە زۆرتر سیاسی و کۆمەڵایەتی و یان بە هۆی نووسینی ڕێزمان، ڕێنووس و فۆنەتیک، یان کۆکردنەوەی شێوازی وشە، لێرەوە ئەم شێوە زمانە سەقامگیر دەکەن، دەکرێت ببێت بە زمانی فەرمانگە و فێرگە و دامودەزگای یاسایی و فەرهەنگی، لێرەوە لەم قۆناغەدا زمان لە بواری پێکهاتە و شێواز و وشەوە بەرە و دەوڵەمەندبوون دەچێت زۆرتر پەرە دەسێنێت.

### ٣-١ گرنگیی زمانی هاوبەش.

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێکەڵاوییەکی کولتووری و فەرهەنگییان هەیە و لە بواری زمانیدا جۆراوجۆری لە ئاستی نەتەوەییدا بەدی دەکرێت، بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و خاک، یەکێک لە شێوەزمانەکان وەک زمانی هاوبەش هەڵدەبژێررێت.
بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە بێت یەکێتییەکی پتەوی هەبێت و زمانی هاوبەش ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ لەم یەکێتیەدا دیاری دەکات، بۆ نموونە، هەر ئەو زمانە هاوبەش بوو لە سەردەمی شێخ مەحموود سۆز و دڵسۆزی و سەرنجی جەماوەری کوردی کوردستانی ڕۆژهەلاتی بۆ لای ڕادەکێشا، هەرئەم زمانە هاوبەش بوو هێز و وەفاداری بۆ لای کۆماری مەهاباد دەهێنا، کاریگەریی ئەم زمانە هاوبەشە هەر بە هێزی خۆی ماوە، بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە چاوێکی پڕ لە هیواوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانن.
ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت :- (ئەگەر زمانێکی هاوبەش لە وڵاتێکی چەندزمانی یان چەندزاراوەیی وەک (کوردستان)دا نەبێت لە درێژخایەندا، ئاستی هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت و هەستی عەشیرەیی و ناوچەگەری جێگەی دەگرێتەوە، لە سێبەری سیستەمی عەشیرەگەریدا ئەگەری پێکهێنانی وڵات یەکەیەکی سیاسی بەدەگمەن دەڕەخسێت، چونکە هۆز و عەشیرە بەستراوەتەوە بە پێداویستییە بچووکەکانییەوە و ئەم پرسە بەردەوام جۆرێک لە هەڵچوون و پێکدادان لەنێوان

هۆزەکاندا پێک دەهێنێت.[١٣]
کەواتە هۆی لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی، کۆسپێکە لە بەردەم داڕشتنی پلان بۆ سازدانی زمانێکی یەکگرتوو لەناو گەلی کورددا، زاڵبوونی هەستی ناوچەگەری دیالێکتخوازییە بەسەر هەستی نەتەوەییدا، ئەم شێوە تێڕوانینە لە ئاکامدا هەستی نەتەوەیی لە بەرانبەر بەرژەوەندیی هۆزەکی و ناوچەییدا لاواز دەکات و پرۆسەی قووڵبوونەوە و ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تووشی کزبوون و دابەزین دەکات، چونکە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ ڕەوشی سیاسیی کورد بە هێندەی دۆزەکەی پێویستە، بۆیە چۆن کار دەکرێت بۆ دۆزی نەتەوەی کورد، دەبێت ئاوهاش کار بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بکرێت و دەسەڵاتی کوردی بوێریی ئەوەی هەبێت خۆی لە هەژموون و بەرژەوەندیی عەقڵیەتی خێڵەکیی خۆی ڕزگار بکات، چونکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی فەرامۆشکردنی پرۆژەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کاریگەریی عەقڵیەتی خێڵەکییە، کە هێشتا تارمایی بەسەر دامودەزگای حکومەت و پارتی کوردییەوە دیارە، لایەنێکی تر زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، زمانی خوێندن و ئەدەب و زمانی فەرمیی دەسەڵاتی سیاسییە.

## ١-٤ بوونی زمانێکی یەکگرتوو لە ئاستی نەتەوەییدا.

زمان پرۆسەیەکی بەردەوام و ناکۆتاییە، گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا بەدڵنیاییەوە پێویستی بە زمانێکی ستاندار هەیە، ڕەفیق سابیر دەڵێت: (دەوڵەت بێ زمانی ڕەسمی و ستاندار وەك وڵاتی بێ ئاڵا و سنوور وایە.)[١٤]
زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی سەلماندوویەتی، کە دەتوانێت بناغەی دروست و پتەو بۆ زمان دابنێت، کەس ناڵێت ئەو زمانە ئەدەبییە کەموکورتی تێدا نییە، یان هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی تێیدا خەملیوە، کە بۆ زمان و ئەدەب گرنگن بەڵام زمانێکە لە مێژوویی هەشتا ساڵی دواییدا پیشانی داوە، کە زمانێکی زیندوو پڕ بەرهەمە و دینامیکیەتی گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕانکاری تێدایە و دەتوانێت لێهاتووانە زمانی داهاتووش بێت، بۆیە ناسینی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی (کوردیی ناوەڕاست) وەك زمانی ستاندارد بخەملێنرێت. بە هیچ جۆرێك بە مانای لاوازکردنی دیالێکتییەکانی دیکە نییە، دەتوانین پێکەوە، بەشداریی پێشخستن و کامڵبوونی ئەو دیالێکتیکە بکەین، ئاسۆی پێشکەوتنی دیاری بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بڕیارێکی سیاسی لەو بارەیەوە بدرێت. سیاسەتی زمانی بەشێکی گرنگی سیاسەتی نێوخۆی هەر حکومەت و دەوڵەتێك پێك دەهێنێت، زۆر نەتەوە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەیان ساڵ هێز و تواناکانی دەوڵەت و توانا و لێهاتوویی زانایانی زمان و سامانێکی زۆریان بۆ پێکهێنانی زمانی

ئەدەبی یەکگرتوو بە ستانداركردنی تەرخان كردووە. ئێمە لە باشووری کوردستاندا تا راددەیەك زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی چەسپاومان هەیە، کە بەلای کەمەوە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحموود، لێهاتووانە ڕۆڵی زمانی ستانداردا دەبینێت، بۆیە ڕەفیق سابیر دەڵێت: (پرۆسێسی پێکهێنانی ئەدەبی یەکگرتوو بەستانداردکردنی لە زۆربەی وڵاتاندا، شانبەشانی دروستکردنی نەتەوە و چەسپاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەزگاکانی ڕۆیشتووە، ئەم پرۆسیسە لە هەندێ وڵاتدا دەیان ساڵی خایاندووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٧٩٠دا تەنیا لە ١٠٪ی خەڵکی فەڕەنسا زمانی ستانداردی فەڕەنسیی زانیوە، دواتر ساڵی ١٨٧٣دا هێشتا زیاتر لە چواریەکی هاووڵاتانی فەڕەنسا لە زمانی ستانداردی فەڕەنسی نەگەیشتوون[(١٥)]

فوئاد حمە خورشید دەڵێت :-

(پاش ڕووخانی ئیمپراتۆری میدیا لە ساڵی (٥٥٠) پ.ز، ئیتر بۆ کورد هەل نەڕەخسا هەتا دەسەڵاتێکی ڕامیاری پێکەوە بنێت و زمانەکەی لە پەرتوبڵاوی و دابەشبوون بپارێزێت. بەڵکوو لەو ڕۆژگارەوە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی بێگانە، کە هەرگیز گوێیان بە چارەنووسی ئەم زمانە نەداوە. ئەم بارودۆخە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە لەسەر زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چونکە هۆزە کوردەکان پاش لەدەستچوونی دەسەڵاتی باوکایەتی، کە هەموویانی دەپاراست، لە سایەی باری نوێوە گۆشەگیر بوون و لە یەک جیا بوونەوە و ڕێگە خۆش بوو، بۆ ئەوەی هەرسەرۆکهۆزێک بەرپرسیارێتیی پاراستنی هۆزەکەی لەئەستۆ بگرێت و کارتێکردنی دەسەڵاتی بێگانە بپارێزێت. ئەمەش فاکتەرێک بوو کە هەرهۆزێک زمان و نەریت و سەربەخۆیی لە سنووری ناوچەی خۆی دەپاراست.[(١٦)]

لێرەوە ئەوە دەر دەکەوێت، کە بڵێین لە ڕوانینێکی گشتی و بە چاوخشاندنێکی مێژوویی، ئەو ئاستەنگانەی کە بووەتە لەمپەر لە پێکهاتنی زمانێکی یەکگرتوودا بریتین لە:-

**أ - هۆکاری ڕامیاری**

دابەشبوونی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتی نەتەوەییدا، یەکێک لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەیە، کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بەر بەستیکی پۆڵایین بووە لە بووژاندنەوە و دۆزینەوەی فەرهەنگی و زمانی لەناو گەلی کورددا.

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو زمانی ئەدەبی هەبووە، ئەم زمانە جۆرێك بوو لە زمانی نووسینی شیعری ئەو سەردەمەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بەو واتایەی ئەم دیالێکتانە بە درێژایی ڕۆژگار تووشی چەندین هەڵکشان و داکشان هاتوون. بە هۆی ئەوەی هەریەك لەمانە لە سەردەمێکدا بووەتە زمانی نووسین و ئەدەبیات، بەو واتایەی

لە سەردەمی هەر میرنیشن و حکومەتێکی کوردیدا، دیالێکتی شار و ناوچەیەك کراوەتە زمانی نووسین و ئەدەبیات، بە نموونە لە میرنیشینی بۆتاندا شێوەی بۆتانی لە دیالێکتی سەرووی زمانی کوردیدا بووەتە زمانی نووسین و لە سەردەمی میرنیشنی باباندا، شێوەی سلێمانی لە کوردیی ناوەڕاستدا بووەتە شێوەی نووسین و ئەدەبیاتی میرنیشنەکە، لە سەردەمی میرنیشنی ئەردەڵاندا شێوەی گۆران سەر بە دیالێکتی هەورامی کراوەتە زمانی و نووسین و ئەدەبیات، لە سەردەمی حکومەتی مەرکەزیی عێراقدا زمانی کوردی شێوەی سلێمانی سەر بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست کرابووە شێوەی فەرمیی زمانی کوردی، لە ناوچە کوردییەکانی سەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ئەگەر بێینە سەر ڕۆژگاری ئەمرۆش ئەوە دەبینین تەنیا لە باشووری کوردستاندا هەلێکی زێڕینی بۆ ساز بووە، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی زمانی ستاندارد بەو واتایەی کوردیی ناوەڕاست لە کوردستانی عێراق شێوەی سلێمانییە، یاخود قوتابخانەی بابانە، کە لە سەردەمی میرنشینی باباندا بناغەی دارێشتووە و تا هەنووکە هەر لە پەرەسەندن و پێشکەوتندایە و خاوەنی زمانێکی ئەدەبیی نووسراوی دەوڵەمەندە، ئەم شێوەزارەی ئەمڕۆی زمانی حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئەم سێ دەزگایەش گەورەترین دەسەڵاتن لە هەرێمی کوردستاندا.

**ب - هۆکاری جوگرافی.**

فراوانیی پانتایی جوگرافیای کوردستان، سروستی شاخاوی، ڕووباری پڕ ئاو سەرماوسۆڵەی درێژخایەن، لەو ئاستەنگانە بوون، کە پێوەندی و هەڵسوکەوتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی گەلی کوردیان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا تووشی کێشە کردبوو و بە ڕاددەیەک ئەم هۆکارە کاریگەری هەبوو، کە کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا لە بارودۆخ و چارەنووسی یەکتر ئاگادار نەبوون، بەتایبەتی لەسەر زمان و ئەدەب و کولتوور. جگە لەوەش گرنگیبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێویستییەکی هێندە ژیاری و سیاسی و مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتییە، کە مانای کوردبوون و بوون بەنەتەوە و دەوڵەت و پاراستنی کولتوور و فەرهەنگ و دەربازبوون و تێپەڕاندنی پێشکەوتن و شارستانیی کۆمەڵ دەگەیەنێت.

**ج - ناوچەگەری و بەرژەوەندیی خێڵەکی.**

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە بووەتە هۆی لاوازی، بوونی هەستی نەتەوەیی و کۆسپێکە لە بەردەم دارشتنی پلان بۆ سازدانی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو لەناو گەلی کورددا، زاڵبوونی هەستی ناوچەگەری و دیالێکتخوازیە بەسەر هەستی نەتەوەییدا، ئەم

شێوە بیرکردنەوەیە لە ئاکامدا هەستی نەتەوەیی لە بەرانبەر بەرژەوەندیی هۆزەکی و ناوچەییدا لاواز دەکات و پرۆسەی قووڵبوونەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تووشی کزبوون و دابەزین دەکات.

بۆیە ئەگەر کورد، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی خۆی فۆرمەلە نەکات، لە داهاتوودا وەك گەلێکی یەکدەستیش دەکەوێتە ژێر دەیان پرسیار و گومانی قووڵەوە، کە ئایا کورد یەك نەتەوەیە؟ ئایا کێشەی زمانی ستاندار و زاراوەکانی، جارێکی تر ئەو ڕاستییە دەڵێن کە ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی زۆر لاوازە. لە کاتێکدا ئینتمای هۆزایەتی و ناوچەیی لەوپەڕی کەفوکوڵدایە، پێمان وایە ئەگەر ویستی پەژراندنی زمانی یەکگرتووی کوردیمان نەبێت، هەرگیز ویستی سەربەخۆیمان تێدا دروست نابێت. کە بتوانێت هاوکێشە هەمەجۆرەکان بە قازانجی گەلی کوردستان، یەکلایی بکاتەوە، بۆیە دەبێت ئایندەی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان لە بەرچاو بگرین و بارۆمەتری هۆزگەری و خێڵەکی و ناوچەیی بەلاوە بنێین و ئینتمای نیشتمانی بەهێز بکەین.

دانیشتووانی کوردستان بە هەر زمان و دیالێکتێکەوە خۆیان لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێستای کوردستان پێناسە دەکەن و خۆیان بە خاوەنی ئەم سەرزەمینە دەزانن، هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە دەژین و هیچ یەکێک لەوان کۆچەری نین و لە شوێنێکی ترەوە نەهاتوون، کەواتە دانیشتوانی کوردستان هەستی پڕ سۆزی نەتەوایەتییان بۆ خاک و وڵاتەکەیان هەیە.

(میللەت یان نەتەوە بە کۆمەڵێک بە مرۆڤەکان دەوترێت، کە لە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای سیاسیی یەک وڵاتدا، واتە لە کیانێکی سیاسیدا دەژین و ماف و بەرپرسیارێتی وەک یەکیان هەیە[١٧]

لێرەوە دەگەینە ئەو سەرنجەی کە گەلی کورد لە بواری ئاینییەوە بەر لە وەرگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام، لە زۆربەی زۆری ناوچەکاندا ئاینی ئیسلامیان قەبووڵ کردووە و بەشێکی زۆریان لەسەر مەزهەبی سوننە و ڕێبازی فیقهی ئیمام شافعین و ئەوانی تر مەزهەبی شیعەن، بەشێکی تریان لەسەر ئاینی یارسان و ئێزیدین. کەواتە گەلی کورد بە تێکڕا خاوەنی مێژوویەکی هاوبەشن و هەموویان لە بواری بنچینەیی ڕەگەزییەوە خۆیان دەبەنەوە سەر مادەکان. گەلی کورد لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. لە بواری دابونەریت و شێوازی ژیان، جەژن و بۆنەکان، جلوبەرگ و. .....تاد وەک یەکن هیچ چەشنە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت.

دەشێت بڵێن ئاین پاڵنەرە بۆ ستاندارد، سەلام ناوخۆش دەڵێت: (هەبوونی کتێبێیک پیرۆز و نووسراو بە زمانی نەتەوە، مانەوەی زمانی سانسکریتی و دەسەڵاتی زمانی یۆنانی

لە کۆندا پەیوەست بووە بەو زمانەی ڕینگ ڤیدای (Ring-Veda) پێی نووسراوەتەوە، هەتا بیرمەندە ناسراوەکانی بواری فەلسەفەش لە یۆنان، هێندە ئەو زمانەی خۆیان بە پەسەند دەزانی بە جۆرێك تووشی (شۆفێنزمی زمان) ببوون و بە چاوێکی پڕ ڕێزەوە تەماشای زمانی خۆیان دەکرد، هەروەها زۆر بەبێڕێزیشەوە تەماشای زمانەکانی تریان دەکرد[١٨] ، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە زمانی ئاڤیستا زمانی ئاینی میدییەکان بوو، ئەو زمانە ئاینییە لە ئیمپراتۆریەتی میدی هێندە بەرزڕاگیراو بوو، بە جۆرێك پاش ئەوەی کۆرش دەسەڵاتی میدییەکانی ڕووخاند، هەر پەیرەوی زمانی ئاڤێستایان دەکرد، بە واتایەکی تر کاریگەریی قورئانی پیرۆز لەسەر دروستبوونی زمانی ستانداردی عەرەبی زۆر دیارە، زاراوە ئاینەکانی قورئان هەتا کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی زمانی شیعریی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و فارسیشی هەیە، شاعیرە کلاسکییەکانی کورد وەکوو سەعدی و حافزی شیرازی، هێندە بەجوانی ئەو زاراوەیان لە شیعرەکانیاندا تەوزیف کردوە بە جۆرێك بوونەتە فاکتەری جوانی و بەهێزیی شیعرەکان، هەروەها بە هاتنی ئاینی ئیسلام نزیکیی زمانی قورئان لە شێوەی زاری قورەیشی هەژموونی کولتووری و ڕۆحی و زمانی قورئانی لە ناخی عەرەبەکاندا ڕواند، بۆیە عەرەب بە فاکتەری زمانی قورئانەوە، لە کولتووری کۆچەری و ئەعرابی ڕزگاریان بوو، زمانەکەشیان نەك هەر بووە زمانی فەرمی و ئاینی و مەزاری مەککە بەڵکوو هەموو جیهانی ئیسلامیی گرتەوە.

لە بواری بیروڕای ڕامیارییەوە هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لەگەڵیان، هەموو گەلی کورد چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە، لە هەرڕووداوێک کە لە کوردستان ڕووی دابێت خەڵکی هەرچوار پارچەی کوردستان، چارەنووسی یەک هاوسۆز بوون و هەستی نەتەوەیی کوردایەتی سنووری زمان و دیالێکت تێدەپەڕێنێت و جوگرافیایەکی ڕامیاریی هاوبەش دەهێنێتە کایەوە.

لە کات و زەمەنێکدا کە بەشێک لە خەڵکی کوردستان تووشی نەهامەتی و کێشەیەک دەبن، وەک و کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی ناوچەکانی کوردستان، هەموو بە یەک دەنگ بەشەکانی تری کوردستان دەشڵەژێن و بە شێوەی جۆراوجۆر هاوسۆزیی نیشتیمانی دەر دەبڕن.

## بەشی دووەم
## تەوەرەی یەکەم
## هزروزمان

هزر بە واتای بیرکردنەوە و ڕامان دێت، لە هەموو چالاکییەکی عەقڵیدا، درکپێکردنێکی هەستی یان وێناندنە، زمان مەرجی پێویستییە لە بیرکردنەوەی هەرمرۆڤێکدا، کە لە حاڵەتی تاکگەرایی تەواو بێت، چونکە چەمکەکان تەنیا لە ڕێگەی وشەوە دروست دەبن، بە ڕەنگێك کە بەبێ چەمکەکان مەحاڵە بیرکردنەوەی ڕاستی هەبێت، چونکە زمان تەنیا ئامرازێکی دەربڕینی هەقیقەتێکی ئامادە نییە، هێندەی ئەوەی کە ئامرازێکی دۆزینەوەی هەقیقەتێکی نەزانراوە، بەوەی زمان چالاکی و کار و بەجێگەیاندنی بیرەکانە.

### ٢-١ هزری نەتەوەیی مرۆڤی کورد لە زماندا.

ئاوڕدانەوە لە زمان وەک بابەت بە هۆی بەرفراوانبوونی پانتایی زمان و ئەدەب، شیکاری و شرۆڤەوە جیاوازیی زۆری لێ کەوتووەتەوە، چونکە کورد نەتەوەیەکی زمانییە. نەتەوەی کورد لە زمانەکەیدا چڕ بووەتەوە. کوردبوون دیارە بە مانا کولتووری و ئێتنیکییەکەی، پێش هەرشتێک لە زماندا و لە ڕێگەی زمانەوە خۆی دەر دەبڕێت. کوردبوون بەبێ زمانی کوردی، لەمەش گرنگتر بەبێ زمانێکی هۆشدار و بەئاگا لە بارەی خۆیەوە، تایبەنتمەندیی کولتووری و ناوەڕۆکی ئێتنیکیی نەتەوەیی خۆی ون دەکات.
کاتێک لە زمان و ئەدەبدا کنە و پشکنین دەکەین، دەگەینە ئەوەی هەستێک بەسەرماندا باڵ دەکێشێت، کە هەستی مرۆڤبوونی ئێمەیە، جۆرە مرۆڤێک، وێنای شوناسی مرۆڤێک کە لە دیدی جیاوازەوە، پەیوەستبوون بە زمانەوە پەیوەستبوونە بە کۆمەڵێک خولیاوە، ڕایەڵێکی پێوەندیخوازییە بە نەوەی پێش خۆمان و پێشینانمان، بەو زمان و ئەدەبەوە، کە لەگەڵ نەوەی دواڕۆژیش پێوەند دەبین، ئەمەش دەبێتە ڕایەڵی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ.

بۆ نموونە تراسک دەڵێت:-
(هەر زمانێکی زیندوو بەردەوام لە ئاستی وشە، دەنگ و ڕێزماندا تووشی گۆڕان دەبێت، ئەمە سروشتییە و هیچ کەس ناتوانێت بەر بەم گۆڕانە بگرێت.[١٩]
کەواتە ڕوون و ئاشکرایە، کە زمان گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەم تایبەتمەندییە ئەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی چۆن پێمان خۆش بێت زمان پەروەردە بکەین. هەر ئەم تایبەتمەندییەش سەرچاوەی جیابوونەوە و زۆربوونی زمانەکانە.

## ٢-٢ زمان و شوناسی سیاسی:

خواستی سیاسی بۆ پشتگیریی پرۆسە مێژوویە دیموکراسیە زانستییەکە پێویستە، ئێستا کە لە هەرێمی کوردستاندا جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسیی نەتەوەیی هەیە، گرنگە باشووری کوردستان بکرێتە نموونە لە چوارچێوەی سروشتی و کارپێکردن و سەرخستنی پرۆسەکە، بۆیە ڕەوتە مێژووییەکە بەردەوام بێت بۆ دامەزراندنی قۆناغەکانی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ گەلی ئێمە هێشتا نە دەوڵەتی نەتەوەییمان هەیە و نە زمان ئامرازی بوون و خۆناسین و هۆشیاریی نەتەوەیە، پاراستنی یەکێتیی زمانەکەمان وەڵامی ئەوەمان دەداتـەوە، کە دەبێتە یەك نەتەوە یان زیاتر، بۆیە سیاسەت بەتایبەتی سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی و پارت و گرووپە کوردییەکان خۆیان نەبنە فاکتەرێك بۆ لەتکردنی نەتەوەیی، پێویستە پرۆسەی ستانداردکردن وەك پرۆسەیەکی دیموکراسیی شارستانی بە بەرنامەیەکی زانستیی سەربەخۆ پشتگیری بکرێت.

زمانی کوردی وەک فاکتەرێکی سەرەکی شوناسی نەتەوەی کوردە، ئێستا کورد زیاتر دەرفەت و توانای خزمەتکردنی بە زمان و پێشخستن و نوێکردنەوەی زمان هەیە، بەڵام زمانی کوردی هەمیشە زیاتر لە بەردەمی هەڕەشە و مەترسیدایە، بۆیە زمانی کوردی، لە خاک زیاتر بوونی بەجیاهەڵکەوتووی نەتەوەی کوردی پاراستووە. ئەگەر کورد زمانەکەی لەدەست بدایە و تەنانەت وەک ئێستا لەسەر خاک و زێدی خۆی بمایەتەوە، ئەوا لەمێژ بوو لە نێو نەتەوە سەردەستەکانی تورک و فارس و عەرەبدا تواوبووەوە. چونکە کورد جگە لە زمان هیچ فاکتەرێکی دیکەی کولتووری و ئاین یان بایۆلۆجی ڕەنگی پێست و فۆڕمی ڕوخسار لەو نەتەوانە جیای ناکاتەوە. کەچی زمان دەشێت بۆ هەندێک گەل و نەتەوەی تر بەو جۆرە نەبێت بەڵکوو زمان تەنیا توخمێکی کولتووری بێت، لە بری فاکتەرێکی دیکەی کولتووری ئاین، مەزهەب یان ڕابردووی مێژوویی، ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی لە پێکهێنانی پێناسە و چارەنووسی نەتەوەکەدا هەبێت. هەرمرۆڤێکی کورد کە لە زمانی ستاندارد یان زمانی گشتی یا تەنانەت گەلەکەشی تێنەگات مافی خۆیەتی، کە بە زمانی دایک بنووسێت و بخوێنێت، هیچ هۆکارێک یان بیانوویەک نابێت ئەم ڕوانگە بە دژ بە قازانجی گەل بزانێت، چونکە ئەم بیروبۆچوونە بەرهەڵستکاری زۆرە.

بۆ نموونە ڕەفیق سابیر دەڵێت:

(ئایا گەلی باشووری کوردستان، کە هێشتا سەربەخۆ نییە بەرگەی ئەوە دەگرێت، کە لە پرۆگرامی خوێندن و دەستگاکانی حکومەتدا و لە بەرانبەری دەوڵەت و گەلی عەرەبی عێراقدا دوو زمان یا دوو شێوەزمان بەکار بهێنێت وەک ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری

ناوچەی بادینان دەخوازن؟[٢٠]

هۆی دڵەڕاوکێی ڕەفیق سابیر هۆیەکی ڕامیارییە پێی وایە زۆربوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو یەکپارچەیی وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە، پێمان وایە ئەزموونی زیاتر لە بیست و نۆ ساڵ هەرێمی کوردستان نیشانی داوە، کە ئەمە مەترسی نییە، ڕەنگە کەسانێک پێیان وا بێت کێشەی ئابووری، زۆربوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کێشە بێت، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە زۆربوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو باری ئابووریی قورس دەخاتە سەر شانی حکومەت، بەڵام ئەمەش نابێت ببێتە بیانوویەک بۆ بێبەشکردنی کەسانێک لە مافی ڕاستەقینەی خۆیان، هەر بۆیە زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت، یەکێکە لەو پێداویستییە ڕۆژانەیەی، کە ناتوانیت دەستبەرداری ببیت، چونکە هەموو ئەو هەست و سۆز و بیروبۆچوون و هزرەی هەیەتی، بە شێوازێکی جۆراوجۆر لە ڕێگەی زمانەوە دەر دەبڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونی کۆمەڵ و شارستانییەتیش بە بوونی زمانەوە پەیوەستە.

## ٢-٣ بەستانداردکردنی زمانی کوردی.

ستانداردکردن پرۆسەیە و لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە زمانێک بە کۆمەڵێک شێوە دادەڕێژرێت. واتە لە ڕێگەی نووسین ڕێزمان و فەرهەنگ و وشەو ئەدەبەوە پەرەی پێ دەدرێت.

بۆ نموونە سەلام ناوخۆش دەڵێت:-

زمانی ستاندارد لە ناوەڕۆکدا زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە لە فۆڕمێکی (ڕامیاری – یاساییدا) پێناسەی زمان یان دیالێکتی ستاندارد هەرچی بێت، ئەمڕۆ بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست یان سۆرانی، ڕۆڵی زمانی پێوەندداری بەشێکی زۆری کوردستانە جا با ستانداردکراو بێت یان نا.[٢١] ئاشکرایە بە پێی بڕیاری سیاسی نەبووە بێگومان پەرەسەندنی ئەم دیالێکتە بێهۆ نییە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قوتابخانەی بابانییەکان واتە دیالێکتی زمانی (نالی و سالم و کوردی) بۆیە هەموو دیالێکتێک یان زمانێک توانای گەیشتن بەم ئاستەی هەیە چونکە زمانی هەرنەتەوەیەک لە چەندان دیالێکت پێک هاتوون بەڵام هیچ نەتەوە و حکومەتێک، لە هیچ وڵاتێکی دنیادا، کە بە تەنگ یەکبوون و داهاتووی خۆیانەوە بوون ڕێگەیان نەداوە و ڕێگەش نادەن، بە ناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، دیالێکتێک، یان چەند دیالێکتێکی زمانەکەیان، بکەنە ئەلتەرناتیڤ (جێگرەوە)ی زمانی دەوڵەت و حکومەت و دەزگاکانی ئەگەر نەتەوە مۆدێرن و خاوەن دەوڵەتەکان بە دەوڵەتە دیموکراتەکانیشەوە، بەرگەی ئەوە نەگرن، کە زمانەکەیان بکرێتە چەند زمانێک، ئایا نەتەوەیەکی خێڵەکیی

ژێردەستی وەک کورد، کە هێشتا دوژمنانی نکووڵی لە بوونی نەتەوەیی و زمانەکەی دەکەن چۆن بەرگەی لەتکردنی زمانەکەی دەگرێت؟

## ٢-٤ کاریگەریی ئەمڕۆی زمانی کوردی.

نووسەرانی بەتوانا دەتوانن پڕ بە هێزی پێنووسەکانیان کار بکەنە سەر زمانی ستاندارد و پەروەردەی بکەن، پەروەردەکردن و ستانداردکردنی زمان پێویستی بە شۆڕشێکی فکری، خواستی گشتیی کۆمەڵگا و کۆششی دڵسۆزانەی نووسەران و یارمەتی و پشتگیریی بێوچانی دەسەڵات هەیە بۆیە پێمان وایە ئەم سێ لایەنە لەم پڕۆسەیەدا بەشدارن :-

أ- نووسەران، ڕۆشنبیران و بیرمەندان.

ب- دەسەڵاتی ڕامیاری، واتە حکومەت.

ج- تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەگشتی، واتە خەڵک.

بۆ نموونە ڕەفیق سابیر دەڵێت:-

(زمانی ئەدەبی لە هەر ناوچەیەکی وڵاتدا و لەسەر بنەمای هەر دیالێکتێکی زمانەکە پەیدا ببێت، لە پڕۆسەی بوونی بە زمانی یەکگرتوودا ڕەنگ و مۆرکی تێکڕای زمانی نەتەوە و زۆربەی دیالێکتەکانی دەگرێت.[٢٢]

٢-٥ ستانداردی زمانی کوردی لە ڕووی مێژووەوە:

دەشێت بڵێین لە ڕووی مێژووەوە کورد سێ ستانداردی هەبووە (هەورامی، کوردیی ناوەڕاست، کوردیی ژوورو، کوردیی خواروو) هەربۆیە وریا عومەر ئەمین دەڵێت:

( أ- هەورامی لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەدا سەری هەڵدا، بەزۆری شیعری پێ نووسراوە، کۆنترین شاعیری پەرێشانی دینەوەرییە، کە لە ساڵی ١٣٩٥کۆچیدا مردووە، ئەم قوتابخانە ئەدەبییە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە بەردەوام بووە، دوا شاعیرە ناودارەکانی (مەولەویی تاوەگۆزی(١٨٠٦-١٨٨٢) و محەمەد وەلیی کرمانشانی (١٩٠١)بوون.

ب- کوردیی ژووروو کە بە شیعرەکانی مەلای جزیری (١٥٧٠- ١٦٤٠) دەست پێ دەکات: پێش جزیری شاعیری تر هەبوون بەو شێوەیە بنووسن، بەڵام هیچ بەرهەم و ئاسەوارێکیان نەماوە، دوای مەلای جزیری فەقێ تەیران (١٥٩٠- ١٦٦٠)، ئینجا عەلی تەرەماخی تا دەگاتە ئەحمەدی خانی (١٦٥١- ١٧٠٧)، مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٧- ١٨٥٩). خاوەنی عادات و ڕسووماتنامەی ئەکردایە..تاد دەر کەوتن، کە هەموو شاکاری ئەدەبیی مەزنیان بە شێوەی کوردیی ژووروو پێشکەش کردووە.

ج- کوردیی خواروو، کە هەوێنەکەی شێوەی شاری سلێمانی بوو، سەدەیەك زیاترە

بەبەردەوامی پێی دەنووسرێت، لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموودا زمانی فەرمی ئەو ناوچەیە بووە. هەروەها زمانی حکومەتی مەهاباد بووە، کە ئەدەبێکی زۆر پتەوی پێ نووسراوە.[٢٣]

بۆچوونی نووسەر ئەوە ئاشکرا دەکات، کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، کە سەر چاوەکەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە بۆ هەڵبژاردن، وەک زمانی ستاندارد شیاوە. کە وا بوو لەم پرۆسەیەدا ئەرکی سەرشانی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەو دیالێکتانەی، کە زۆرتر لە زمانی ستانداردی کوردی دوورن وەک هەورامی و کەڵهوڕی و گرانترە ئەم نووسەرانە دەبێت بە نووسین و بە قسەکردن لەگەڵ نووسەران و ئاخێوەرانی کوردیی ناوەڕاست، کە لە زمانی ستاندارد نزیکترە، هەنگاو بۆ نزیکبوونەوەی دیالێکتەکان زوو دەگاتە ئەنجام و لەبەر ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییە لە نێوان کورددا هەیە، ئەگەری ئەنجامبوونی زۆرە.

## ٢-٦ دەسەڵاتی ڕامیاری (حکومەت)

بێگومان ئەزموون و ڕابردوو نیشانی داوە، کە دەسەڵاتی ڕامیاری کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری لە پرۆسەی بەستانداردکردنی یان پەروەردەکردنی زماندا هەیە. دەشێت بڵێین لە یەکەم هەنگاودا حکومەت دەبێت کۆڕێکی پەروەردەیی زمان بە هەرناوێک بێت یان بۆ نموونە فەرهەنگی ئەکادیمی دابمەزرێنێت، سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەر بگرێت. بۆ ئەوەی لە شێوەی وشەسازی و پالاوتن و گۆڕان و پەروەردەکردنی زماندا ئەزموون بەدەست بهێنن، حکومەت پەسەندکراوەکانی زمان بە ئاگاداریی کەناڵەکان، ڕۆژنامەنووسان و لایەنە پێوەندیدارەکان بگەیەنێت داوایان لێ بکات جێبەجێی بکەن، حکومەت لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە، زانیاریی خەڵک لەسەر پێویستیی پەروەردەکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی فراوان بکات.

## ٢-٧ پرۆسەی ستانداردی زمانی کوردی

مەبەست لە زمانی ستاندارد، زمان یان شێوە دیالێکتی زمانێکە کە هەموو چالاکییەکی زمانی، جگە لە ئاخاوتن و پێوەندیی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکە، زمان یان شێوە دیالێکتی زمانێک هەموو نوسەرەکانی وەک ئەدەبی، میدیایی، زانستی، فێرکاری، کارگێڕی، یاسادانان و دادوەری بخرێتە ئەستۆ بێگومان دەبێت (زمانێکی ئاوا، توانای گوزارشتکردنی لە هەموو خواست و پێویستییەکانی ئەم سەردەمە و دەربڕینی هەموو زهنییەتێکی تاک و کۆی کۆمەڵگە بێت).[٢٤]

(زمانی ستاندارد یان زمانی پێوەر یان زمانی یەکگرتوو هەمان زمانە، کە نەتەوە و وڵاتی سەربەخۆ پێویستی پێیەتی، هەم وەک زمانی فەرمی هەم وەک فاکتەرێک لە فاکتەرەکانی شوناس)[٢٥]

کەواتە لەم بارەیەوە دەبێت زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بە پێی بەرنامەڕێژییەکی تەواو هۆشیارانە بێت، کە بتوانێت لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هاوکات خواستە فەرهەنگییەکانی هاووڵاتان هۆکارێکی گونجاو بێت، چونکە زمانی کوردی بوون و پێناسەی نەتەوەی کورد بەرجەستە دەکات کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکبیران و سیاسەتمەداری کورد پێش هەموویان، سەرکردایەتیی کورد دەبێت لە بەرانبەر زمانەکەیاندا کەمتەرخەم نەبن و دڵسۆزی بنوێنن، بۆیە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە مێژووی دووسەد ساڵەی پێشکەوتنیدا، بە جۆرێکی سروشتی بە ناوچەی جۆراوجۆری کوردستاندا بڵاو بووەتەوە، بە هەزاران وشەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی تێکەڵاو بووە. سەدەیەکە لە زمانی شیعر و ئەدەبەوە گۆڕراوە بە زمانی فیکر و ڕۆژنامەنووسی و زانست و زانین و سیاسەت و حکومەت و پەرلەمان. ئەمڕۆ ئاستی فیکر و شارستانیەتی کورد و تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانی کورد، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەر لە هەرشتێک، لە زمانە ئەدەبییەکەیدا دەر دەکەون. ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، هەموو مەرج و نیشانەکانی زمانی ستانداردی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە.

(پێوەر وەک زمانی ستانداردی کوردی لە سەدەی حەڤدەی زاینی لە لایەن برایم پاشای بابانەوە دەسەڵاتی کوردی ئەو کاتە، دەرفەتێکی لە بارەی ڕەخساندن، دیالێکتی کوردی ناوەڕاست ببێتە شێوە دیالێکتی نووسین و ئەدەب و زانست و زمانی فەرمی. بەروبۆی ئەم دەسەڵاتە سەر هەڵدانی شاعیرانی وەکوو نالی، عەلی بەردەشانی بوو، لەو کاتەدا دیالێکتی کوردی ژووروو بە هۆی ئەوەی لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و دیالێکتی گۆرانیش لەژێر نالی ئەسپی دەسەڵاتی ئێراندا، کەوتبوونە دەمی ئاویلکەدان.)[٢٦]

کەواتە لە باشووری کوردستان و هەرێمەکانی کوردستانی ئێران و هاوکات ئەم هەوڵانە بە هەمان شێوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام لێرەدا بە هۆی پێشینەیی ئەدەبی شیعری کلاسیکی شاعیرانی ناوچەی سلێمانی و موکریان، دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست زیاتر نۆرمی سلێمانی و موکریانی بووەتە بنەمای چێکردنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی میدیایی و تەنانەت فێرکاری و کارگێرییش، زیاتر بەربڵاوترە، بەو پێیەش زۆر هۆی ڕامیاری و ڕۆشنبیریی دیکە کارێکیان کردووە، کە پرۆسەی چێکردنی زمانی ستاندارد لەم هەرێمە پێشکەوتووتر بێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان زۆربەی

قۆناغەکان ببڕێت.
کەواتە کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا، بە هەر دیالێکتێک و شێوەزمانێک بدوێن و بنووسن و خۆیان بە کورد و زمانەکەیان بە کوردی دادەنێن، خەڵکی تریش هەر بە کوردیان دەزانن، ئەم مەسەلەیە، لە ڕووی ڕامیاری و نەتەوەییەوە بایەخی زۆری هەیە، چونکە دیاردەی فرەدیالێکتی، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کولتووری دادەنرێت.
بۆیە زمان هەقیقەتمان پێ ڕادەگەیەنێت، چونکە زمان لە ناواخنیدا هەقیقەتمان بۆ کەڵکە دەکات، (زمانمان ئاماژەیە بۆ ماهیەتی کۆکردنەوە).[٢٧]
لێرەوە زمان و هەقیقەت کۆمان دەکاتەوە بەمەش زمان ئامادەبوونی هەقیقەتمان نیشان دەدات.
چونکە هایدگەر ئەم ڕوونکردنەوەیە دەدات (زمان ئاماژەی بوون دەکات بۆ ئەوەی (ئامادە) بێت لە وشەکاندا هایدگەر (دەرەوە) دەبات بۆ ئامادەکردن (لە ناوەوەی) زماندا.[٢٨]
کەواتە ئەگەر زمان ئاماژە بێت لە سەر هەقیقەتی ئامادەبوو، ئەگەر زمان بریتیبێت لە زمانی بوون ئەوا هەقیقەتی ئامادەبوو بریتییە لە بوون. لێرەوە زمان ناسنامەی بوونی نەتەوایەتیمان دەسەلمێنێت.

**٢-٨ هزری فەلسەفەی ئەدەبی لای شاعیران:**
ئەگەربەدوای هزرە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکانی جزیریدا بچین "بۆمان دەر دەکەوێت، کە بەردەوام بە شێوەیەك لە شێوەکان لە پرسیارکردن و هەوڵداندایە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان و زیاتر ئەو کێشە و گرفتانەی باس دەکات، لە شیعرەکانیدا کە گشتین و لاوەکین.
وەك دەڵیت:

ب طەبل خانەیی شاهی وەرە تەخت   کوتوئیرۆ شەهی کوردستان
بازدان بەسەر شەهی خووبان و خان و خاقان و سوڵتاندار و دولبەربە

شاهی کوردستان نواندن.[٢٩]
ئەمەش نیشانەیەکی تری سۆز و خۆشەویستیی نیشتمانە.
بۆیە جزیری ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکەی لە ڕێگەی وردبوونەوەیەکی قووڵ و پەیبردنی بە ڕاستیی ژیان و خۆشەویستی بە کوردستان دەڵێت:
گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم   شەب چرای شەبی کوردستانم.[٣٠]

زمان پێناسەی گەلانە، هەرکەس لە هەرڕەگەزێك بێت، بە هەرزمانێك ئاخافتن بکات یان بنووسێت، لەگەڵ خاوەنی زمانەکە بۆتە یەك، ئەشێ بە ڕابەری ئەو بپێورێ، بۆ مەلای جزیری لەم دێڕە شیعرەدا دەر دەکەوێت، کە ڕووی هونەری شیعرە سەرداری زمانێکی تەڕ و پاراو و ڕەوانە وەك دەڵێت:

حوسنێ ئەدایا تە(مەلا) هەرکێ دی

صح لە إنك عين الفصاح.[٣١]

بۆ سەلماندنی زمانی ڕەوانی و هونەری دەربڕینی شیعر لای مەلای جزیری نالی دەڵێت:

نالی عەجەب بە قودرت و حیکمەت ئەدای دەکات

مەعنای زۆر و گەورە بەلەفزی کەم و بچووك.[٣٢]

کەواتە جزیری شاعیرێك بووە بە خوێندنەوەی وردی شیعرەکانی دەر دەکەوێت چەند هۆگری ئەدەب و فەلسەفە بووە و ویستوویەتی بە زمانی شیعریش ئاماژە بە مەبەست و بابەتەکانی بکات، بۆیە نالی زاراوەی (حیکمەت)ی بۆ جزیری بەکار هێناوە چونکە چەمکی حیکمەت، بۆ داتای مەعریفەی گشتی و بێ کەموکورتی فەزیلەتی ئاکاری و پێش زاراوەی فەلسەفە بەکار هاتووە، جزیری شاعیری خاوەن هزری فەلسەفییە. یاخود دەڵێت:

شیعری(مەلێ) کو وەك ڕەوان     دایەتە جانی مەرۆڤان

پورمەل بەرگێ ئەرغەوان     دینە غەزەل ل نك شەتەت.[٣٣]

بایەخدان بە هونەر و گیان بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی هۆشیاریی ڕۆح و سەلمێنەری زیندوویێتییە لە ڕووی زمانەوانییەوە، شاعیر بەتەواوی کاریان لەگەڵ شێوە و فۆڕمی وشەکان بووە، ئەم ئەدگارەش ڕۆحێکی هەمیشەیی دەداتە شیعرەکە، لێرەوە بیر لە زەینی شاعیردا تێکەڵ بە خەیاڵ و زمانێکی تایبەت دەبێت وێنەیەکی نوێ وەر دەگرێت، بەم ڕێگە تایبەتە هەقیقەتمان پێشکەش دەکات.

سەرچاوەی سامانی نەتەوایەتی لای ئەحمەدی خانی، هەر لە یەك لای ئەم سامانە فراوانەی لە ڕۆژهەڵاتدا قەتیس نەبووە، زۆر جار پەنا دەباتە بەر زمانی خۆی تا وێنەی نوێی خوڵقێنەری لێ دروست بکات، کە دەتوانین ناوی بنێین بە گۆڕینی ڕوخسار بۆ ناوەڕۆك، بۆ نموونە، خانی دەڵێت:

کانی لمە تاشە یا نەزیرە

باغی وی بەهارە یا پاییزە.[٣٤]

عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت: (شاعیر دەسەڵاتی بەسەر چەند زمانی ڕۆژهەڵاتدا دەشکێت و هەڵسوکەوت لەگەڵ وشەدا دەکات، وەك موڵکی شیعری ڕۆژهەڵات بێت لەگەڵ چاودێری تەواوی پێکهێنانی ڕەسەنی کوردی، زمانی تێکەڵاوی شیعری ڕۆژهەڵات

وشە و بەکارهێنانی ڕەوانبێژیی فارسی و عەرەبی و تورکی وشەی کوردی لە چوارچێوەی دروستکردنی تەواوی ڕستەی کوردیدا دەچێتە پاڵ خانی. [٣٥]
یاخود دەڵێت:

کوردی، عەرەبی، دەردی وتازی
تەرکیب کرن ب هەزل و بازی[٣٦]

ئەم شاعیرە وزەی هەموو ئەم زمانەی بۆ سوودی کارە ئامانجدارەکەی دەگوشێت و شایان بە خۆی ئاهەنگی لەدایکبوونی داستانی کوردی لە قووڵایی دەروونی کوردی خۆشەویستەوە دەگێڕێت.
واتە دەسەڵات بەسەر ئەم زمانەدا، یارمەتیی شاعیر دەدات پانتایەکی فراوانی داهێنانی لە بەردەمدا دەکاتەوە و لە جوغزی تەسك دەیهێنێتە دەرەوە.
یاخود دەڵیت:

ڕەنگی سەمەلێ ب جایی غازە[٣٧]

یا زمان دەگۆڕێت بە ناوەڕۆك و شاعیر دوودڵیی خۆی بەرانبەر ئامێرە جیاوازەکانی زمان دەر نابڕێت بەڵکو بەرانبەر بە ناوەڕۆك سەرسامیی دەروون.
وەك دەڵێت:

جوانی و بەهار و باغ و مەحبووب
ئایا د دونێ چەمایە مەتلووب
خاسما هەبتن ئەڤینی غالب
لەب تەشنەیی عەشق هەردوو جانب
ئیدی چ بەبێژم ئەز نەزانم
بیلمز کە نەسویلیە زبانم[٣٨]

داچۆڕانی زمان لای خانی لە سنووری ئەو زمانانەدا ناوەستێت، کە دەیانزانێت، بەڵکوو دەچێتە قووڵایی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی و لقەکانیانەوە.

بۆهتی و مەهمەدی و سلیڤی
هەن لە عل و هەنەك ژ زێرو زێڤی[٣٩]

هەربۆیە د.عیزە مستەفا ڕەسوڵ، دەڵێت:
(خانی خۆی لە سنووری ئەم لقانەدا ڕاگرتووە، کە وەك دەر دەکەوێت بە لقی کرمانجی ژووروری زانیوە، کە دیالێکتی خۆیەتی، بەڵکوو گەلێك وشە دەبینین کە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین و بە وشەی لقە جیاوازەکانی دیالێکتی خوارووی بزانین، تەنانەت گۆران و لوڕیشی لا دەبینین کە شارەزایانە دایمەزراندووە، جێگە و گونجاویی لەناو ڕەگەزەکانی ترماندا بۆ دۆزیوەتەوە.

فرمانی(نەدێرین) کە ئێستا لە قسەی ڕۆژانەی فەیلی و لوڕدا بەکار دێت، وەك بەردێکی جوانی جیاواز دەدرەوشێتەوە، هەستێکی زمانەوانیی جوان لەم دێڕە درامییەدا دەبەخشێت.

ئەی واقیفی واقیعاتی دێرێن

ئەم غەریری تە مەحرەمان نەدێرێن.[٤٠]

واتا خانی دەسەڵاتێکی ڕەسەنی جیاکردنەوەی لەنێوان بەکارهێنانی وشەی فارسی و تورکی و عەرەبیشدا هەبێت و توانیبێتی دارشتنی ڕەسەنی ڕستەی کوردی بپارێزێت و سامانێکی فراوانی وشەی ئەم زمانە و زمانی کوردییەکەی خۆی لا ببەین، بۆ سوودی زمانی زگماکی خۆی بەکاری هێنابێت و وزەی توانستی شاعیرانەی خۆی پێ پتەو کردبێت. زمان خۆی و دیالێکت و پلەی مێژوویی و پابەندییەوە بە زمانی ئەدەبیی سەردەمەوە، دەچنە نێو بەرهەمی ئەدەبییەوە و ئەدەب دەبێت بە ئاوێنە یان دەشێت بڵێین ئەم چەشنە بەرهەمە دەچنە ناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردییەوە.

بۆ نموونە: نالی دەڵێت:

فارس و کورد و عەرب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە[٤١]

نالی بە سێ زمانیش شیعری گوتووە، واتە شیعری نالی هەر لەناو کورددا لە دووتوێی مێژویی ئەدەبیاتی کوردیدا ماوەتەوە، هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وشەی ڕازاندووتەوە و ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها نالی بەئاشکرا لە شیعری خۆیدا خەریکە باسی دەق ئەدەبی و چیەتیی دەقێکی بەرز دەکات، بابەتەکە باسی خودی شیعر و دەقی ئەدەبی دەگرێتەوە، واتە نالی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا باسی ڕوانگەی خۆی دەرهەق بە دەقی ئەدەبی بەگشتی و بەتایبەتی شیعر و دیسان بە شێوەیەکی تایبەتیتر باسی ڕوانگەی دەرحەق بە شیعری خۆی دەکات، وەك دەڵێت:

نالی نییەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا[٤٢]

نالی هەندێك پارچە شیعری هەیە، کە باسی شیعری تێدا کردووە.

وەك ئەم پارچە شیعرە:

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا دەکا

یا لە مەیدانی فەساحەت دا بە میسلی شەهسوار

بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسودەم بکڕێ بەڕۆح
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچی بێ دەڵ سەودا دەکا
شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەت دا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا. [٤٣]

نالی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر دەدوێت و باسی شێوەی نووسینی خۆی دەکات و بەرهەمێکی نوێتر کە پێی دەوترێت( ئەوپەڕ چیرۆك)ی تێیدا بەدی دەکرێت، ئەم چەشنە بەرهەمە لە سنووری نێوان چیرۆك و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەخولقێنێت، چونکە هەم چیرۆکە و هەم لە چیرۆکەوە دەر دەکەوێت و لە گۆشەنیگایەیەکی دەرەکییەوە باسی دەقی چیرۆك دەکات.

هەروەها لەم شیعرەدا بابەتی هەندێك شیعر خودی شیعرە، وەك ئەو شیعرانەی نالی، دیارە ئەم دیاردەیە جگە لە نالی لە شیعری شاعیرانی دیکەشدا دەبینرێت، بەڵام پێمان وایە لە شیعری هیچ شاعیرێکدا ئەوەندەی نالی داکۆکی لەم بابەتە نەکراوە.

واتە زمانی شاعیر بەبێ بیرکردنەوە لەملاو ئەولادا ڕا دەکات، بەڵام بە واتایەکی تری ئەوەیە شاعیر زۆر بەسانایی و بێ ئەوەی گوشاری فیکری بخاتە سەر خۆی شیعری وا قووڵ دەنووسێت، ئەمەش خوڵقاندنی دەقی داهێنەرانەیە.

لە جیهانی نالیدا مەبەستی گرنگ لەگەڵیدا بەرجەستە بووە. وەك زمانی ئەدەبی، وەکوو قوتابخانەی شیعری کلاسیکی نوێی بابان.

حەزرەتی نالی لە چەند پارچەشیعرێکدا شانازیی بە توانا ئەدەبییەکانییەوە دەکات، لە لایەك خۆی بە سوڵتانی هەرسێ زمانەکانی فارسی، کوردی، عەرەبی، دەزانێت و دەیسەلمێنێت، کە وا هەرسێکیان بەدروستی دەزانێت.

جارێکیش لە ڕووی وردەکاریی شیعرییەوە، ئەم مەبەستەی خۆی دووپات دەکاتەوە شیعری سەلیقی لە پارچە شیعری (مولمع)دا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ڕاستیی زمانزانیی خۆی دەسەلمێنێت، ئەمەش سەرەتاکەیەتی:

یا بدر علوا و ضیاء وکمالا
فألغضن مع الاصل الی فرعك مالا[٤٤]

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت:-

(لەناو زۆربەی گەلاندا، تەنیا لە باسی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللیدا، مەسەلەی دیالێکت و بەشەدیالێکت دەستنیشانکردنی یا بایەخپێدانی زمانی ئەدەبی بەرهەم یا شاعیردا دێتە کایەوە. بەڵام بۆ ئێمە و بۆ ئەدەبی کوردی، وەك دەزانین پلەی مێژوویی وای هێناوە، کە هەردیالێکتە سەردەمێکی وا هاتبێتە پێشەوە، کە ببێ بە بناغەی زمانی ئەدەبی

یەکگرتوو و ئەم مەسەلەیە ڕێبازێکی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە وامان لێ ناکات، کە دیسان دان بەوەدا بنێن کە ئەدەبیاتێکی کوردیی یەکگرتوومان هەیە، کە یەك مێژووی هەیە و مێژووی دەچێتە سنووری یەك مێژووی ئەدەبیاتی کوردییەوە، هەرچی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کورد و گەلانی تریشە، ئەوە لە شوێن و دەرفەت و سەرچاوەی تردا باس کراوە، حوکمی ژیان و زەمان بەدڵنیاییەوە باوەڕ و ئەنجامەکانی پێشوومان پێ دووبارە دەکاتەوە، کە کوردیش وەك هەموو گەلانی جیهان، ئەمڕۆ یا سبەی بە یەك زمانی ئەدەبی دەخوێنێت و دەنووسێت و بەرهەمی ئەدەبییش وەك بەرهەمی گەلانی هەموو ئەم جیهانە، هەر بە یەك زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دەبێت.[٤٥]

بۆ ئەم مەبەستە گۆران لە شیعری (بە ڕێگادا بەرەو کۆنفرانس) دەڵێت:

ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان
یەك سوڵتانیان پێئەگەیان،
ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد
دانیشێ و بە ڕاوێژی ورد
ڕێگای پێگەیاندن دانێ
بۆ ملیۆنان، نەك سوڵتانێ
لە بێشکەی بن هەرسێبەرێ
سبەی ئەگەر بێتە دەرێ
خانزادێ" سەلاحەدینێ
کاکە مەمێ، خاتوو زینێ..
ئەوسا بەستەی بێخەمیمان
چ هی پێنووس، چ دەمیمان
بەتاقە یەك زاری شیرین
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین
ئەوسا: (خانی)، خانیی سەردەم
بە زمانێك ئەنووسێ (مەم)
کە پێ ئەدوون (نالی) و (مەحوی)
وەك (قوبادی)، وەك (مەولەوی)[٤٦]

لەم سۆنگەیەوە دەگەینە ئەو مەبەستەی، کە شاعیر کاری لەسەر مێژووی ئەدەب کردووە بە پلەیەکی بەزری هونەری بۆ ناساندنی ڕەگەز و زمانی کوردی، لە بەربەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ خراونەتە ڕوو، واتە ئەمڕۆ یا سبەی بێت دەتوانین مەڵۆیەك بخەینە سەر خەرمانی ئەدەبەکەمان، بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو.

شۆڕشی ڕاستەقینەی گۆران لە بواری کێشی شیعری کوردیدا، بریتییە لە دەرخستنی پڕۆژە نوێگەرییەکەی کە لە چوارچێوەی کێشی عەرووزی عەرەبی و هۆنینەوەی شیعرەکانی بە کێشی بڕگەیی خۆماڵیی کوردی، ئەم کارەی گۆران بێگومان مانایەکی تایبەت دەگرێتە خۆی، هێنانەناوەوەی کێشە خۆماڵییەکان بۆ ناو شیعری نووسراوی کوردی، بەهادانە بە فاکتەرە کولتوورییە نەتەوایەتییەکان بەرانبەر بە فاکتەرە بیانییانەی شیعری کوردییان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ داگیر کردبوو.

ئەمەش بە بەکارهێنانی کێشە بڕگەییەکانی شیعری سەرزارەکیی کورد، کە بریتین لە کێشەکانی دە بڕگەیی(٥+٥) هەشت بڕگەیی (٤+٤) ئەم هەنگاوە بە شکانی سنووری نێوان شیعری نووسراو و شیعری سەرزارەکیی خەڵکی دابنێین بۆ نموونە هەڵبەستی(لە سەرمەرگی هیوادا) دەڵێت:

ڕۆڵەی تاقانەم، هیوای ژیانم
ئەستێرەی گەشەی بەری بەیانم (٥+٥)
ڕۆژی نەورۆزی پرشنگ زێڕینم
تریفەی سپیی مانگی هاوینم[٤٧]

یاخود لە هەڵبەستی (پەشیمان) دەڵێت:

کفرە لای من لەیارڕەنجان
پێی لێ ئەنێم ئەی زوهرەی جوان!
هەرزەگۆییم کرد هەرچیم وت،(٤+٤)
وا ئەو چڵکەم بە فرمێسك شت[٤٨]

ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێی شیعری کە لە قووڵایی بەهرە و هونەری شاعیرەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی.

بەوەی خودی شاعیر بەتەواوی ئاگاداری ڕۆڵی زمانی شیعرە، چونکە نوێگەری لە شیعری کوردیدا گرنگیدان بوو بە زمانی کوردی خەسڵەتێکی سەرەکیی پڕۆژە نوێخوازییەکەی بوو، بۆیە لە سۆنگەی ئاشنایەتیی بەرفراوانی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووەوە گرنگیی بە زمانی پەتی و پاراوی کوردی دا، بە جۆرێك بە زمانی کوردی نووسیی و یەك وشەی بێگانەی بەکار نەهێنا، بۆ نموونە:

قژکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگا کـــاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ چاڵ[٤٩]

یاخود لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:

کانییەکی ڕوونی بەرتریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێت مرواریی زیخ و چەو،
لە لای من خۆشترە لە دەریای بێسنوور
شەپۆلی داتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپوهوڕ.[٥٠]

ئەگەر بڕوانینە ئەم شیعرە یەك وشەی عەرەبی، فارسی، تورکی لەمە دێڕانەدا نییە، بۆ هەر عەرەبێك و فارسێك و تورکێك، بخوێنێتەوە تێدەگات کە زمانی کوردی، زمانێکی تایبەتە و سەربەخۆیە، چونکە ئەوان لە یەك وشەی تێناگەن.
سەرەڕای کاریگەریی زمانەکان و پەڕینەوی وشەی ناویان بۆ یەکتر، زمانی کوردی دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، لەناو هەموو زمانەکاندا هەست بە بوونی وشەی ناو زمانەکانی تر دەکرێت بە هۆی تێکەڵبوونی کولتوورەکان بە یەکترەوە، بە هۆی زۆربەکارهێنانەوە جێگەی خۆیان لە زمانی دووەمدا دەکەنەوە، دەچنە ناو نائاگایی مرۆڤەکانەوە و جارێکی تر لەڕستەوئاخاوتنندا دردەکەونەوە.
زمان لە دەقە شیعرییەکانی پیرەمێرددا لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە ئاوڕی لێ دەدەینەوە، کە کاتی پیرەمێرد هاتە ناو جیهانی شیعری کوردییەوە، نەك هەر شوێنپێی شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمەکەی خۆی هەڵنەگرت بەڵکوو ڕاستەوخۆ و لە یەکەم هەنگاویاندا ڕووی لە گۆڕینی زمانی شیعری کوردی کرد.
وەك دەڵێت:

مستۆ وا دیارە تۆش جلخواری ئەکەی
ئەستۆن ئەخورێ و مەیلی باری ئەکەی
ئێمە کە کوردین لە لامان وایە
کوردی زبانێکە زۆر بێهاوتایە
ئەگەر تەڵقینم بەکوردی نەدرێ
گوێی لێ ناگرم با کفنم بدرێ[٥١]

کەواتە بنەمای سەرەکی، کە لە سازدانی چەمکی شیعردا لە هەر سەردەم و قۆناغێکی ڕۆشنبیریی میللەتاندا بووبێ زمان بووە، تەنانەت زمانی شیعری خۆی بووە بە سیمای جیاکەرەوەی دەقی شیعری لە جۆرەکانی تری دەقی ناشیعری، بەم پێیە دەنگی تایبەتمەندی شیعری پیرمێرد ڕووی کردووەتە وشەی کوردیی پەتی، بوار بۆ ئەوەش ڕەخسا لە بەردەم پیرمێرددا، کە هەوێنی ڕەسەنایەتیی زمانی کوردی بە چێژی شیعردۆستیی ئەو قۆناغە ئەدەبییە کوردییە بخاتە ڕوو، ئەمەش لە سۆنگەی هەوڵدان و چەسپاندنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بوو، چونکە لەو ڕۆژگارەدا

زمانی کوردی بە جۆرێك شێواو بوو، بۆیە ئەو بیر و هەست و سۆزە وروووژاوەی دەروونی پیرمێرد، بەم گیانە نەتەوەییەوە دەستی دایە شیعری نەتەوەیی تا هێمنانە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لەناو دڵی نەتەوەکەیدا چەکەرە بکات.

هەموو وشەیەك، کە دەدوێت هەڵگری دەنگ و دەلالەتە، بە پێی دەربڕینی دەق چرپیەکەی دەگۆڕێت، یاخود بە جۆرێکی تر بە پێی مەبەستی نووسەر چەمکەکان لە توێی جەستەی دەقدا بەرجەستە دەبێت، ئەو بەرجەستەکردنەش لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی خۆی نمایش دەکات، بۆ نموونە دڵدار لە سروودی (ئەی ڕەقیب)دا دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزبان

نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین

سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان[٥٢]

کەواتە شاعیر ئەگەری مانەوەی پاراستنی زمانی کوردی، بە ئەگەری نەتەوەی میللەتی کورد دەبەستێتەوە بە مانەوەکەی کە تۆکمە نیشان دەدات، جگە لەوەش لە دەقەکەدا بێ دوودڵی جەخت لەسەر مانەوەی زمانی کوردی دەکات.

هەروەها بە هۆی بە هەڵچوونی سۆز و دەسەڵاتی دەقەوە، نەستی سیاسیی کوردیش لە ناوەوەی خۆیدا زیندوو دەکاتەوە، ئەم هەقیقەتەش لە دەسەڵاتی دەقەوە هەڵدەقوڵێت نەشئەیەك بە میللەتی کورد دەبەخشێت، ئەم تێڕوانینە بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتیی زمانی کوردییە.

جگە لەوەش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەزموونی دوورودرێژی شێرکۆبێکەس، ڕەگی هۆنراوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەفتاکان، گەرچی ناوبراو یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازە هاوچەرخەکانی کورد، ئەزموونی شیعریی بەردەوام ئەزموونێکی هەڵکشاوە و خاوەنی زمانێکی پاراوە، هۆنراوەکانی ناسك و قووڵن، پڕن لە وردە بەفری ڕاستگۆیی، دڵۆپە بارانی ئەشق، ڕەگی داربەڕووی خۆشەویستیی نیشتمان، دارستانی سروشت، دەربڕینی ئاشقانە و سەدان تابلۆی هونەریی سەرنجراکێش و جوانکاری شیعری، کە بوونەتە جێی تێڕامان و سەرسوڕمان و لەسەروەستان.

بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

دڵۆپ دڵۆپ: باران گوڵ ئەنووسێتەوە

نمەنمەش چاوانم تۆ!

چ شاڵاوێکی نامۆیی و چ ژانێکی بەخشندەیە

وا لەسەرخۆ

بەرد بەبەردی

کێوی سەرم ئەپشکوێنن
لق بەلق و چڵ بەچڵی
دەستوپەنجەی وشکەڵاتووم
شین ئەکەن و وەك یاویلکە
ئەمدەن بە دەم بارێزەکەی ئەوینتەوە و
لە شەختەبەندانی گیانتا ئەمرسکێنن[٥٣]

زمانی شیعریی شێرکۆ، دەشێت بڵێین زمان و هێزی داهێنانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆمان ئاشکرا دەبێت لەم هۆنراوەیەدا لەناو زمانی بەفر و ئاونگدا هێزی خۆی دەبەخشێتە ئەوین، لە ڕێگەی وشەوە مانا و دەلالەتی خۆی ئاشکرا دەکات، گەورەترین سیفەت لای شاعیر وشەیە دەبێت بتوانێت کاری خۆی وەکوو چەکێکی ئەفوسووناوی ئەنجام بدات، چونکە وشە خولقێنەری ژیانە لای شاعیر.

هەروەها دیارترین تایبەتمەندیی شیعری شێرکۆ لە (دەربەندی پەپوولە)دا دەڵێت:

من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی
ئەوینی نیشتمان لێم بەرێ
من لێرە لەناو ئەم ئەوینە چڕەدا
دڵنیام وەك ڕاستی
من لێرە، لەناو ئەم، دەربەندی دووکەڵ و ترسەدا
ئاسوودەم وەك سەمای ئازادی.[٥٤]

دەشێت بڵێین چەمکی زمان لە بەرانبەریدا وەستاوین بەو مانایە نایەت، کە سیستەمی گواستنەوە و گەیاندنی بیروڕاکان بێت بە تەنیا، بەڵکوو زمانێك کە وێنە و فەزایەك بۆ جیهان دەخولقێنێت.

بەڵگە زیاتر لەوەش جیهان ئەخولقێنێت، چونکە (جیهان) ئەوکاتە لەدایك دەبێت، کە دەبێتە وشەی وتراوی مرۆڤ، لێرەوە شیعری شێرکۆ ئەبێتە مێژووی کاملی خەڵقبوونی سیمۆلۆژیای کوردی، چونکە ئەوکاتەی دەربڕین دەلالەتێکی نائاسایی هەبوو پێی دەڵێن ئەدەب، ئەمەش دیارە بە مەبەست دێت کە ئەشێت ناوی بەرین بە فرەزمانی لەناویەك زماندا یاخود ئەو دابەشوونانەی لەناو یەك زمان ڕوو دەدات.

بۆ نموونە ئاستی ئەدەبی و غەیرەئەدەبی زمان و لێرەوە ئەشێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەدەب فراوانکردنی و بەکارهێنانی تایبەتییەکانی زمانە، بێگومان هەرتوێژینەوەیەك لە زمانی ئەدەبیدا، وا دەکات شتێك بهێنێتە کایەوە، کە بە شێوازناسی لەقەڵەم دەدرێت لەم ڕووەوە ڕەنگە شێرکۆ بە شاعیرێکی (فرە شێواز) لەقەڵەم بدەین، (دەربەندی پەپوولە) بەڵگەی شیعرییە، بۆ لێکدانەوەکەمان.

**٢-٩ ئاوێتەبوونی ئەدەب و میوزیك:**

گەر لە ئەدەب و میوزیك بڕوانین، دەبینین هەموو هەست و نەست و جووڵەیەکی ژیانمانی داگیر کردووە، بۆیە هۆی پێشکەوتنی تواناکان لە ڕووی داهێنان و خوڵقاندنەوە بەرجەستە بووە.

تۆمابوا دەڵێت:

(لە سەردەمی ساسانیدا کورد مۆزیکێکی ئێجگار بەرزیان هەبووە، تەنانەت بەمەشەوە ناوەستێ هەر لەمەڕ مۆزیکێکی ئەو کاتەی کورد دەڵێت، مۆزیکی کوردی کاری کردووەتە سەر نەتەوەکانی دراوسێیشی.[٥٥]

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: ئامێری مۆسیقا لە شیعری مەلای جزیریدا هاتووە، ئەوا با جارێکی تر پەنجە بخەینەوە سەر(چەنگ) و ئەمجارە (ژێ)ی کەمانیش لە شیعری مەلادا ببینین:

گەر شوبهەتێ پەروانە د بەزمی تە چ سەد گر
سەد نالە هەزار ڕەنگی وەکی چەنگ و ژیهێ من

بۆ نیشانەی مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی نیشانەیەك لای ئەم دێڕی شاعیردا ببینین، کە لە ئاوازبێژاندا ناوی (موتریب و قەووال)ی تێدا هاتووە:

بەدەوی پاك چ کەت فەسحەتی مەیدان کو نەبت
موستەمیع گۆنە درت موتریب و قەووال چ حەظ.[٥٦]

یاخود دەڵیت:

(مەلای جزیری لە زۆر شوێنی تری شیعری خۆیدا عەشق و تەسەوفی بەستووە بە مۆسیقاوە بۆ نموونە:

د بینی نەغمە یا چەنگی، دەما ئاڤهتە ئاهەنگی
ب قانوون وی دخونت مە(لمیعاد ومیقان) [٥٧]

لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا شاعیر لە ڕوانگەی جۆری تێگەیشتنی لە ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بە پیشاندانی ژیانی واقیعی کۆمەڵگەوە، واتە نووسین بەگشتی و ئەدەبیش وەك جۆرێکی نووسین، جۆرێکە لە بەرپرسیارێتی، چونکە نووسین بەو حوکمەی نووسینە بە زمان و ئامانجیش لە بەکارهێنانی زمان لەیەکترتێگەیشتنە، چونکە شاعیر لە بنەڕەتدا دەیەوێت کاریگەری لەسەر نەتەوەکەی هەبێت.

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت:

( خانی لە مەموزیندا وەك شارەزای گۆرانی دەدوێت و گۆرانی دەکات بە سێ بەشەوە:

ئاوازە و شوعبە و مەقام بینین:
شوعبە ژمە قامی دل بێت ب ئاواز

گولگەشت بکەن گوشت و شەهناز)[٥٨]

یاخود دەڵێت: (خانی مەقامی (ڕەهاوی) بەم جۆرە باس دەکات:

ڕەهواری سەماع کرن وڕەهاوی .

لێرەدا شتێك لە ئاگاداربوون لە گرانیی ئەم مەقامە دیارە، یا ڕەنگە وا لێك بدرێتەوە کە مەقامی (ڕەهاوی) لەگەڵ (سەماع) یا مەقامی (سەماعی)دا تێکەڵکراوە یان لێك دراون).

ئەم وێنانە پێوەندییان بە مۆسیقا و بەرەوپێشچوونەوە هەیە لە(مەم وزین)دا بە پێی پێڕەوی خانی لە شێوەی گرنگی ئەدەبیدا.

**٢-١٠ ئاوازوگۆرانیی ڕەسەنی کوردی:**

سەرباری هەر ئاستەنگ و گرفتێکی سیاسی و نەتەوەیی، دەشێت هەوڵی ڕاستەقینە بدرێت بۆ بەرەوپیشچوونی ئەدەبیات و هونەری کوردی، جگە لەوەش بەرهەمی هونەری چێژبەخشە، فۆرمێکی هاوبەشە، لەنێوان کارە هونەرییەکاندا، هونەری گۆرانی تەرازووی نێوان شێوە و ناوەڕۆکە خاوەن (ڕیتم)ە، بەوردی مامەڵە لەگەڵ وشە و دەنگە و ڕەنگ و جووڵەدا دەکات، بۆ ئەوەی وێنەیەکی مانادار و چێژبەخش بداتە هەستی وەرگر، ئەم فۆرمە لە ڕێگەی ئەدەبەوە خۆی دەناسێنێت و نزیکایەتی و ئاشنایەتی بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دروست دەکات، لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا شاعیران بە نموونەی شیعری باسی ئاواز و گۆرانیی کوردییان کردووە و بە سەربەخۆ ناویان بردووە، بۆ نموونە، مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

( خاوکەرەی خانمە، قەتارەی سەوزەیی نەسمە

ڕەقسی سمکە، نازی شەهراشوب، غەمزەی سەرڕووی ناز)[٥٩]

پیرەمێرد دەڵێت :

بولبول بە نەغمەی شور و پەهلەوی

قەتاری ڕەشوڵ بە نیوەشەوی

ئەکەوێتە ڕێ بە ڕیزە و قەتار

بە سۆزی شمشماڵ بە بەستە و قەتار[٦٠]

زێوەر دەڵێت:

چوومە قەرەداخ، جوانێ بەقەتار

عەکسی دەنگەکەی دابۆوە[٦١]

حەمدی دەڵێت:

نامەرد موغەنی؟ وەختی مقامقاتە، نەسرەوی

توخوا قەتارێ، بە ئەبیاتی مەولەوی[٦٢]

گۆران دەڵێت:

( ساتوخوا دەنگخۆش دەی قەتارەکەت
گوڵەنجە، ڕێ ڕێ هەوری لارەکەت)[٦٣]

بێکەس دەڵێت:

دڵ زۆر موبتەلای دەنگ و نەغمەتە
توخوا قەتارێ، دڵ بۆی لەتلەتە[٦٤]

بەو واتایەی شیعر یەکێکە لەو ژانرە گرنگانەیە، کە فیکر و دیدگا و زمانێکی تێدا دەناسرێت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، ئەم جۆرە شیعرانە بووەتە مۆرك و پێناسە بۆ گەلی کورد، جگە لەوەش بواری ئاواز و گۆرانی بەشێکن لە ڕەسەنترین و دێرینترینی زیندووی نەتەوەکەمان، ئەمەش برەو بە پاراستنی زمان و ئەدەب و ناسنامەمان دەدات، واتە هونەری گۆرانی ئامرازێکە بۆ پێوەندیی بەردەوامی نێوان مرۆڤەکان و ڕۆڵی ماناش لە کاری هونەریدا بەرز ڕادەگرێت، ئەم فۆڕمە هەستی مرۆڤ بەجوانی تێر دەکات، دەبێتە ئاوێنەی گۆڕانکارییەکان لە ئێستا و سەردەمەکاندا.

**١١-٢ ڕۆڵی فاکتەری موزیك و گۆرانیی کوردی لەسەرزمانی ئەدەبیی یەکگرتوو:**

هونەری موزیك و گۆرانی بە جۆرێك لە جۆرەکانی ڕۆ چووەتە ناو ناخی مرۆڤایەتییەوە، موزیك دەربڕی ژیانی ناخی مرۆڤە، هونەری موزیك و گۆرانی دەبنە خوڵقاندنی هۆشیارانەی حاڵەتێك لە ژیانی مرۆڤایەتی، کە بە سوودوەرگرتن لە هۆکارە دیارەکان، یان زمانەکان و شێوەکانی خوڵقێنەری کۆمەڵ، حاڵەتێکی نوێ لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بەدی دەهێنێت، لەبەر ئەوە، کاری هونەری بابەتێك یا شتێکی ناباو، بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگە بەردەوامی بە خۆی دەدات، جگە لەوەش زمانی موزیك داهێنانێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە، پابەندە بە هەستی خواناسی و ئاوێتەبوونیان، ئەمەش دەبێت بە فاکتەرێك بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و نزیکبوونەوەی لە زارەکانی کوردی لە کوردستانی دابەشکراودا.

هەر بۆیە گۆرانی زۆر لەمێژە لەناوماندا باوە و وێردی زاری هونەرمەندانە لە وڵاتی چوارپارچەدا، زوڵال و دەنگی، لە دڵ بە بەژن و باڵای پەیکەری داپڵۆخاوی وڵاتەکەیان هەڵدەدەن، بۆ نموونە هونەرمەند "عەزیزی شارۆخی" پاش گەڕانەوە لە بەندیخانە و ئاگاداربوون لە مەرگی باوك و براکەی، سەرەتاپای دەبێتە گڕ و هەست و سۆز، بۆ دەربڕینی سکاڵای دڵی شکاوی هانا دەهێنتە بەر شیعرە بەرزەکەی (ڕازی تەنیایی)ی ئەحمەد هەردی:

لە تەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!
نییە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ و سەری کاسم، بنێمە سەر دڵی نەرمی!
کە هیلاکیی لەشم دەرکا، خەوی سەر باوەشی گەرمی
ئەگێڕم چاوی بێتینم، بە تاریکی شەودا، سەرسام
نی یە پرشنگی دووچاوێ کە ڕووناکی بکا، ڕێگام.. [٦٥]

عەزیز شارۆخی دەنگە زوڵاڵەکەی تێکەڵاوی مۆسیقا دەکات، کوڵوکۆی پێ دادەمرکێنێتەوە، ئەمەش هەستکردنە بە زوڵموزۆری داگیرکەران دەرهەق بە نەتەوەکەی، ئەم تێهەڵکێشبوونەی ئەدەبیاتی باشوور و سەرچاوەی خوڵقاندن و دەربڕین و وەرگرتن، لە پێکهاتەی زمان بە ئاوازگوتندا، پەیوەستبوون بە زمان دیاردەیەك زیندووە لە ژیانی گەلەکەماندا، بە جۆرێك دەبێت بە پاڵنەری سەرەکی بۆ تەقاندنەوەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، بەپێچەوانەشەوە دروستە کە هونەری گۆرانی و مۆزیك و شیعری شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئاوێتەی کوردستانی باشوور بووە، بۆ نموونە شیعرەکانی هێمن و هەژار و سەیدیی هەورامی، ئەمەش لە ڕوانگەی مێژوویەوە لەسەر بنەمای پێشکەوتن و گەشەکردن و بەردەوامی نراوە، ئەم ڕوانگەیە قۆناغەکانی مێژوو، یان دیاردە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە درێژەی یەکدا دێن و تەواوکەری یەکن، چارەنووسیان پێکەوە گرێ دراوە، ئەم ڕوانگەیە لە زۆر حاڵەتدا هاوبەش وێکچووکان زەق دەکاتەوە، هەوڵ دەدات نیشانی بدات لە هەربوارێکدا پێشکەوتن چۆن هەنگاوی بەدی دێت، دیاردە و ڕووداوەکان چۆن دەست پێ دەکەن و لە پزدانی یەکەوە دەر دێنەوە و چۆن هێوری و ئارامی تەواوکەری یەکن، ئەمەش دەبێت بە پەیامێکی نەتەوەیی پیرۆز بۆ پاراستنی مێژوو و کولتوور و زمانی ئەدەبیی نەتەوەیەکی دابەشکراو.

گومان لەوەدا نامێنی کە هونەرمەندان و دەنگخۆشانی خۆمان قۆناغ بەقۆناغ لە ئاستی جیاجیادا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ڕۆڵێکی مەزن و کەموێنەیان هەبووە و دەبێ لە بەرجەستەکردن و بونیاتنانی مەودای یەکپارچەیی خۆشەویستی و نزیکبوونەوە لە ناخی یەکتر، وەك یەك نەتەوە و هاونیشتمانی یەك وڵات، هەر بۆیە مامۆستا عەلی مەردان و خالقی و عەزیزشارۆخی و حەسەن جەزراوی و مریم خان و حەسەن زیرەك و ڕەسوڵ گەردی و محەمەد شێخۆ، حەمە ساڵح دیلان و قادر کابان و کەریم کابان و حەمەجەزا و ناسری ڕەزازی... تاد، ئەم هونەرمەندە خاوەن ئەزموونانە لە پانتایی مێژووی چێژ و گۆشکردنی زمانی کوردیدا، جەماوەرێکی پان و بەرینیان لە دەوری ستران و ئاوازی کوردیدا کۆ کردووەتەوە، ئەم حاڵەتەش زیاتر دەروازەی بەرفراوانی لە بەردەم

ئەم هونەرمەندانەدا واڵا کردووە، هەموو خەڵکی کوردستان بە هونەرەکەیان ئاشنا بووە، ئەمەش مایەی بنیاتنانی نیشتمان و نەتەوەیەکی ئازادە بۆ ئایندە و سەرچاوەیەکی یەکگرتووە بۆ نەوەکانی میللەتەکەمان.

هەر لێرەوە هونەرمەند عەدنان کەریم بە دەنگی زوڵاڵ و ئاوازەکەی ئەم شیعرەی مامۆستا هێمن دەڕازێنێتەوە:

پەیامی ڕانەگەیەندراو
پەیامی من بەگوێی ئەم دڵبەرە نازدارە ڕاناگا
نەسیم بێسیم دەبینی، شل دەبێ، بەم کارە ڕاناگا
گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمەوە دیتنت ئەمما
لە کورتیدا تەمەن وا دیارە بەو دیدارە ڕاناگا
وەکوو پەروانە دەوری لێ دەدەن لاوانی خۆوڵاتی
گوڵی ئێرە بە ژوانی بولبولی ئاوارە ڕاناگا
نەخۆش و دەردەدار دڵبریندارم، پەرستارێك
بە حاڵی ئەم دڵە پڕ ژان و پڕ ئازارە ڕاناگا
دەکەی ماچی دەم و لێوان ئەگەر هێز و گوڕێکت بێ
دەنا جوانێك بەدەردی ئاشقی بێچارە ڕاناگا
هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ
ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا
دەبێ بولبول لە من فێر بێ غەزەلخوێنی، بەڵام چ بکەم
گرفتارم، چریکەم بەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا.[٦٦]

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هونەرمەندان ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەکەمان، ئەو خەمەی لە ناخیاندا گینگڵی دەدا، لە چریکەی ئاوازێکدا دەیانخوڵقاند و کەنەفتیان بە ڕایەڵی میلۆدییەکەوە دەبەستەوە، سۆزی زمان و هونەر و ئەدەبیات و خۆشەویستیی نیشتمان بوونە دوانەیەك و لە ڕۆحی هونەری هونەرمەندان جیا نەبوونەوە، بە ئەندازەی کورتەخەوێك بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، جەستەی دابەشکراوی وڵاتێك لەم دنیایەدا دەبینین کە ئارامیی بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردووی نەتەوەی کورد بدرێتەوە، بەشی هەرەزۆری تەمەنی بە کارەساتدا تێپەڕێوە هونەر و ئەدەبیاتیش لەم غەدرە پشکی شێری بەر کەوتووە، هەستکردن بەم ئاڵۆزییە وای لە هونەرمەندان کردووە، هێندەی تر لە بیری نیشتمان و زمان و ئەدەبدا بن.

## ئەنجام

لە ئەنجامی تاووتوێکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان لەلا گەڵاڵە بوو.

١ - هەبوونی دیالێکتێک لە کوردستان پێویستییەکی هەنووکەییە، کەمتەرخەمی لەم بوارەدا بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

٢ - دیالێکت بە مانای سەروەری و شانازی شێوەدیالێکتێک بەسەر دیالێکتێکی تردا نییە، بەڵکوو مێژووی ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە بە پێی بارودۆخی سەردەم، هەرجارەو یەکێک لە شێوە دیالێکتەکانی کوردی، وەک زمانی ستاندارد لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستانەوە کەڵکی لێ وەر گیراوە لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا خزمەتی پێ کراوە.

٣ - ئەدەبی هەورامی بۆ ماوەیەکی دورو‌ودرێژ لە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، وەک ئەدەبی سەردەست چاوی لێ کراوەو زۆرێک لە زانایانی کورستان، لە ڕێگەی دیالێکتی هەورامییەوە خزمەتی گەلی کوردیان کردووە.

٤ – لە توانایی گۆڕانی زمان کەڵک وەرگرین و پێوەندی لە نێوان دیالێکتەکانی زماندا فراوان بکەین تا دیالێکتەکان لە یەکتر نزیک بن.

٥ - دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەبەر گۆڕانی زمان و یان کەمبوونی پێوەندی لە نێوانیاندا بەرەو جیاوازی چووە و ئێستا لە یەکتر تێناگەن.

٦-هونەری گۆرانی و میوزیك ڕۆچوونە بە ناخی مرۆڤدا، ئەندێشەی مرۆڤی کوردیان وروو‌ژاندووە، زیاتر لە یەکتری نزیکی کردوونەتەوە، ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزە بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لە کوردستاندا.

٧-زمانی شیعری لای شاعیران فاکتەرە بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، چونکە زمەن لای شاعیر دەبێت بە ئێستا، کە ئایندەیە.

٨- هەژموونی شیعری میرنیشینی بۆتان و بابان و ئەردەڵان، دەبێتە فاکتەر بۆ زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو.

## پێشنیار

١-گەلی کورد بە درێژایی مێژوو زمانی ئەدەبیی هەبووە، ئەم زمانە ئەدەبییەش جۆرێك بوو لە زمانی نووسینی شیعری، بە نموونە لە سەردەمی میرنیشینی باباندا شێوەی کوردیی ناوەڕاست شێوەی نووسین و ئەدەبیات بووە، نەخشی زمانی فەرمیی کوردستانی بینیوە.

٢-هەوڵی بە زمانی نەتەوەیی نووسینی کوردی، بەرجەستەی کۆنترین دەقی کوردی

بکەین، کە دەگەڕێتەوە بۆ دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانی(٩٣٥- ١٠١٠) جگە لەوەش لە سەردەمی نۆزدەهەمەوە بەبێ پچڕان کورد بە زمانی خۆی ئەدەب و مێژووی خۆی نووسیوەتەوە، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەیبووە سنوری هەرێم و دیالێکتەکانی بڕیوە بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە.

٣-کوردیی ناوەڕاست ئەو زمانە ئەدەبییەیە، کە بە جۆرێکی سروشتی لەگەڵ گەشەکردنی ژیانی فیکری و کولتووری و سیاسیی کورددا دەر کەوتووە، گەشەی کردووە و بەکردەوەش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی زمانی ستانداردی بینیوە و دەیبینێت، بۆیە مرۆڤ بەدڵنیاییەوە دەتوانێت بڵێت زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەرهەمی خەباتی سیاسی و ڕووناکبیریی دووسەد ساڵەی کوردە و پوختەی ئەزموونی نەتەوەیی و مێژووی کورد لەو زمانەدا قاڵ بوونەتەوە.

٤-ئەمڕۆ ئاستی ئەدەبی، فیکری، زانستی، سیاسی و کولتووریی کورد پێش هەرشتێك لە زمانە ئەدەبییەکەیدا و لە ئاستی زمانە ئەدەبییەکەیدا خۆیان دەر دەخەن.

## لیستی سەرچاوەکان


١.ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.د

٢.اڕ.ال، تراسک (تحویل زبان) ترجمەی ارسلان گلنام. انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٢،

٣.اسماعیل بێشکچی، کوردستان، کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی حەمە ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٢،

٤.بابا شێخ حسینی، بردانش هاشمی، زبانشناسی، نشرژیار سنندج ١٣٨٣،

٥.پیروز مجتهدزاده، جغرافیای سیاسی و سیاسەت جغرافیایی، انتیشارات سمت تهران، ١٣٨١.

٦. حافظ نیا، محمد رضا، مفهوم و تعریف میلت ١٣٨٨ جزوه کلاسی، دانیشگا تربیت مدرس تهران.

٧.رەهبەر محمود زادە، ئافاتی شیعری نالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مازیار، سنە، ١٣٩٩.

٨.ڕەفیق سابیر، ستاندارد کردنی زمان و ئەلف و بێی کوردی، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨.

٩.ڕەفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠٩.

١٠.د.الزاوی بغورة،فلسفة، اللغة والنقد (المنفطف اللغة في الفلسفة)، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة و النشر، مطبعة دار الكتب، بيروت، ٢٠٠٥.

١١.سەردار حەمیدمیران، و. کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی: مامۆستا مەسعود محەمەد، سنە، ٢٧٠٧.

١٢.سەلام ناوخۆش، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپخانەی منارە،هەولێر، ٢٠١٠،

١٣.شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەی نیشتمان، سنە، ١٣٩٤.

١٩٨عوسمان شارباژێڕی، گەنجینەی گۆرانیی کوردی، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٨٥.
١٥.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٦.د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدجی خانێ، شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٧. د.عیزەدین مستەفات ڕەسوڵ، مەلای جزیری، چاپخانەی دار الحکمه، هەولێر، ١٩٩٠.
١٨.فاتمه بهفروز، زمینەهای غالب در جغرافیای انسانی، انتیشارات دانیشگاه تهران، تهران ١٣٧٤،
١٩.فریدریش هۆڵدەرلین، نان و شەراب، و. دلاوەر قەرەداغی، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠٢٠.
٢٠.فوئاد حمه خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨.
٢١.فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی، لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.
٢٢.کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.
٢٣.گۆڤاری زرێبار، زمانی کوردی فەرهەنگ نووسی، ژمارە،٧٧،٧٨، ساڵ ١٣٩١،
٢٤.گۆڤاری هایا، وەرز نامەی فەرهەنگی ئەدەبی، ساڵی یەکەم، ژمارە، ١٣٩١،٢،٣ هەتاوی.
٢٥.گیوموکریانی، دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،١٩٥٩.
٢٠٠محەمەد حەمە باقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٧.محەمەد مەلا کەرلایم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٢٨.مەحەد ڕەسوڵ هاوار، دیوانی پێرەمێرد، چاپخانەی المعانی، بەغدا، ١٩٧٠.
٢٩.مەلا عەبدولکەریم مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، چاپ دووهەم، انیشاراتی کوردستان، سنندج،١٣٧٩ .
٣٠.هەژار دیوانی مەلای جزیری، چاپ اول، تهران، ١٣٩٣.
١٣٩هێمن موکریانی، سەرجەم و کۆی شیعر و پەخشان، النتشارات کردستان، سنه، ١٣٩٥.

## پوختە

توێژینەوەکەمان بە ناوونیشانی (فاکتەری ئەدەبی بە ستانداردی دیالێکت لە زمانی کوردیدا)، پەیوەستە بە مێژووی نەتەوەی کوردەوە، لەبەر ئەوەی زمان و ئەدەب گرنگترین فاکتەری مانەوەی کورد بووە، شەڕی لە پێناوی مانەوەدا، پێش هەرشتێک. شەڕی زمان بووە. کورد نزیکەی سەدەیەکە بە سەر چوار کۆمەڵگە و وڵاتی خاوەن سێ زمان و کولتووری جیاوازدا دابەش کراوە.
داگیرکردن و دابەشکردنی نەتەوەیی جوگرافی، پاش دەیان ساڵ، جیاوازیی قووڵی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و سایکۆلۆجی لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا پێک هێناوە. لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکی زمانییە. سەیر نییە کە جیاوازییەکان. پێش هەرشتێک، لە زمانەکەیدا دەر

بکەون، یان زمان و ئەدەبی کوردی، خۆی بووبێتە فاکتەرێکی تری دابەشبوون و لێکدابڕانی کولتووری و ڕامیاریی کورد. زمانی کوردی، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، لە ڕووی ڕستەبەندی و وشەسازی و واتاسازییەوە، لەژێر کارتێکردنی زمانی نەتەوەیی سەردەستدایە. لەبەر ئەوەی ئەم کارتێکردنە لە سێ زمانی سەر بە سێ سیستەمی جیاوازی زمانەوە (عەرەبی، فارسی، تورکی) هاتووە، ئەنجامەکەی زۆر سەختتر بووە. چونکە بە هۆیەوە شێوە زمانی پەیڤین و نۆرمی نووسینی کوردی، لە باکوور و باشووری کوردستاندا، جیاوازیی زۆرتر بووە و لێک دوور و دوورتر کەوتوونەتەوە.


## الملخص

تأتي هذه الدراسة المعنونة (العامل الادبي في تحويل اللهجة الى الفصحى في اللغة الكوردية) لتلامس الواقع في الوقت الراهن في كوردستان الذي يعاني من التشتت والتقسيم بين دول متعددة والتي بدورها كانت ولاتزال تمارس مختلف الاساليب وبصورة ممنهجة لتذويب أدب ولغة الكورد ولهجاتهم . وفضلا عن التأثيرات السياسية، فان الاختلافات اللغوية والادبية اللهجات اسهمت الى حد ما في إضعاف زخم التيار القومي للكورد. وفي نفس الوقت، فان الكور د استشعروا بأهمية وجود لغة معيارية وأدبية في ازدياد الحس القومي وبناء اهم معالم الدولة القومية. ولذلك تبلورت فكرة ضرورة الالتفات الى اللغة الكوردية وأدبها ولهجاتها وتصنيفها علميا.

## Abstract

This study entitled (the Literary Factors and  its in Converting the Dialect to standard Language in Kurdish) comes to touch the current state in Kurdistan, which suffers from dispersion and division between multiple countries, which in turn have been practicing various methods and in a systematic manner to dissolve the Kurdish language and its dialects. In addition to the political influences, the linguistic and dialectal differences in Kurdish language has contributed to some extent in weakening the momentum of the nationalist movement of the Kurds. At the same time, the Kurds felt the importance of a standard and literary language in fueling nationalism and building the most important features of the nation-state. Therefore, the idea of the need to pay attention to the Kurdish language and its dialects and classify them scientifically has crystallized.

## پەراوێزەکان

١-ڕەفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠٩، ل٢٥

٢-سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی: مامۆستا مەسعوود محەمەد، سنە، ٢٧٠٧، ل١٤٨.

٣-هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٦

٤-کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٩٤.

٥-کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل٤٥.

٦-کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل٥٣.

٧-د. عیزەدین متسەفا ڕەسوڵ، مەلای جزیری، شتێك دەبارەی ژیان و بەرهەمی، چاپخانەی دار الحکمە، هەولێر،١٩٩٠،ل٢٠.

٨-هەرئەو سەرچاوەیە، ل٢٠.

٩-د. عزەدین مستەفا ڕسول، ئەحمەد خانی شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل١٠٠.

١٠- بابا شێخ حسینی، بردانش هاشمی، زبانشناسی، نشرژیار سنندج ١٣٨٣، ل٦١

١١- (وتەیەکی فارسییە)

١٢- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی، لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، لا ١٠٣.

١٣-اسماعیل بێشکچی، کوردستان، کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی حەمە ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ٢٦٤ – ٢٦٥.

١٤-کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل٩٦.

١٥-کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل١٠١.

١٥- فوئاد حمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨،ل٧٧

١٦- حافظ نیا، محمد ڕضا، مفهوم و تعریف میلت ١٣٨٨ جزوە کلاسی، دانیشگا تربیت مدرس تهران

١٧کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل ٢٠٦.

١٨- اڕ.ال،تراسک (تحویل زبان )ترجمەی ارسلان گلنام. انتشارات دانشگا هتهران، ١٣٨٢،ل١١

١٩- ڕەفیق سابیر، ستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨،ل٤٩

٢٠سەلام ناوخۆش، ستاندداردبوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠، ل٩٣.

٢١- ڕەفیق سابیر، بەستاندداردکردنی زمان و ئەلفوبێ کوردی، ل١٩

٢٢كامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل ٢٢.
٢٣د.الزواوی بغورة، فلسفة واللغة ونقد(المنعطف اللغة في الفلسفة)، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، مطبعة دار الكتب، بيروت، ٢٠٠٥"ص٨.
٢٤- گۆڤاری هایا، وەرزنامەی فەرهەنگی ئەدەبی، ساڵی یەکەم، ژمارە،٢،٣، ١٣٩١ هەتاوی، ل ١٢٠.
٢٥- گۆڤاری زرێبار، زمانی کوردی فەرهەنگنووسی، ژمارە،٧٧،٧٨، ساڵ ١٣٩١،ل٢٦،٢٧
٢٦- فریدریش هۆڵدەرلین، نان و شەراب، و. دلاوەر قەرەداغی،چاپی یەکەم، ناوەندی
٢٧-غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٨.
٢٨- هەرئەو سەرچاوەیە، ل ٩.
٢٩-د.عیزەدین مستەفا ڕسول، مەلای جزیری شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی، ل٩٢.
٣٠-هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٩٢.
٣١-هەژار ديوانی مەلای جزيری، چاپ أول، تهران، ١٣٩٣، ل٢١٧.
٣٢-مەلا عەبدولکەریمی مودەرسی و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی،چاپی دووەم، انتشارات کردستان، سنندج،١٣٧٩،ل٣٥٣.
٣٣-هەژار، دیوانی مەلای جزیری، ل٣٥٣.
٣٤-د.عیزە مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی، ٣٥-سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٢٠٩.
٣٦-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢١٠.
٣٧-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢١٠.
٣٨-د.عیزە مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٢١٠.
٣٩-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢١٠.
٤٠-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢١٠.
٤١-د.عیزە مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند،، فەیلەسوف و سۆفی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٢١١.
٤٢-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی،ل٥٨٢.
٤٣-ڕەهبەر مەحمود زادە، ئافاتی شیعری نالی، چ١، چاپخانەی مازیار، سنە ١٣٩٩، ٢٠٢٠،ل٥٩.
٤٤-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی.ل١١١.
٤٥-مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی.ل١١١.
٤٦-د.عیزە مستەفا ڕەسوڵ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢"ل٣٢-٣٣.
٤٧-محمدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٣١٦.
٤٨-محمدی مەلاکەریم، دیوانی گۆران، ل٩٣.
٤٩-محمدی مەلاکەریم، دیوانی گۆران،،ل٣٩.

٥٠-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٤٥.

٥١-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٤٦.

٥٢-محمد ڕسول هاوار، دیوانی پیرەمێرد،چاخانەی العانی، بەغدا، ١٩٧٠، ل٦١.

٥٣-گیو موکریانی، دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم،١٩٥٩هەولێر،،ل

٥٤-شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپولە، چ١، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە، ١٣٩٤،ل١٣.

٥-شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپولە،ل٣٤.

٥٦-محمد حەمە باقی، مێژووی مۆزیکی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥٧.

٥٧-پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٣٣٥.

٥٨-هەرئەوسەرچاوەیە، ل٣٣٦.

٥٩پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی، ل١٢٩.

٦٠-هەرئەو سەرچاوەیە، ل١٢٩.

٦١-عوسمان شارباژێڕی، گەنجینەی گۆرانیی کوردی، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٥،ل٣٦٨.

٦٢-هەرئەو سەرچاوەیە،ل٣٦٨.

٦٣-هەرئەوسەرچاوەیە،ل٣٩٢.

٦٤-هەرئەوسەرچاوەیە،ل٣٩٣.

٦٥-محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم،ل١٥١.

٦٦-عوسمان شارباژێڕی، گەنجینەی گۆرانیی کوردی، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٥،ل٣٦٨.

٦٧-ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چخانەی زانکۆی سەلاحە دین، هەولێر،١٩٨٤، ل٧٩.

٦٨-هیمنی موکریانی، سەرجەم و کۆی شیعر و پەخشان، انتشاراتی کردستان، سنە، ١٣٩٥، ل١٩١.

# ئـــاوێــزانی زمـــانی و تێکـــڕژانی وێـــژەیـی لـەنێـــوان واقـیـع و خـــەیـــاڵدا

پ. ی. بێســتون عــارف عــەزیز


**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی تیۆریی شیکاریيانەیە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی دیاری نێو زمان و وێژە، کە ئەویش دیاردەی بەریەککەوتن و کاریگەریی زمان و وێژە جیاوازەکانە لەسەر یەکتری. لە ڕاستیدا هەرچی بەریەککەوتنی وێژەییە درێژکراوەی بەریەککەوتنی زمانییە، چونکە جگە لەوەی ئاوێزانی زمانی مێژووەکەی کۆنترە، هەتا ئاوێزانی زمانی نەبێت، ئاوێزانی وێژەییش بوونی نابێت. لەم ڕوانگەیەوە سەرباری تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان هەست بە بوونی لێکنزیکییەکی زۆر لەنێوان زمان و وێژە دەکەین، بەوەی کە زمانی پوخت و وێژەی پوخت وەهمە و بوونی نییە، چونکە ئەو زمانەی بانگەشەی پوختی و پاڵفتی خۆی دەکات، لە ڕاستیدا لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا لەپێناو دارشتنەوەی لایەنی زمانی خۆی بەر یەکێک لە زمانەکانی تر کەوتووە و ئاستە جیاوازەکانی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، بەهەمان شێوەش ئەو ئەدەبەی بانگەشەی بێ کاریگەری و تاک و تەرای خۆی دەکات، لە ڕاستیدا لە کاتی دارشتنی بونیادی نێودەقی خۆی بەر دەقێک یان زیاتری مێژوویی یان هاوچەرخی خۆی کەوتووە، بەڵام لە هەردوو بەریەککەوتنەکەدا ئەوەی گرنگە خاڵی تێپەڕاندنی ئەو کاریگەرییانەیە، هەر لێرەشەوە فەرهەنگی زمانی و دەلالەتی وێژەیی گەشەدەکات و دیوی خستنەسەری داهێنانە ژیاری و ژیانییەکان بەرەو پێشکەوتن و گەشەی بەردەوام دەچێت.

## پێشـەکی

کاریگەری و کارلێککردن، سوودوەرگرتن و چوونەناویەکی زمان و وێژەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەقەد مێژووی لەدایکبوونیان کۆنە، هۆیەکانی نێوەندی ئەم پرۆسەیەش بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی زمان و وێژە، گۆڕانی جەوهەریان بەسەردا هاتووە. خەیاڵی وێژە و فەرهەنگی دەوڵەمەند و بیری بەرزی مرۆڤانە، کە بە ئاستێکی دەربڕینی بەرز و تەکنیك و بونیاد و ستایلێکی باڵا دەربڕابن، سنووری جوگرافی نەتەوە بەرهەمهاتووەکەی خۆی دەبەزێنێت و دەبێتە کانگای سروش بۆ زمان و وێژە و کولتوور و ڕۆشنبیری نەتەوەکانی تریش، تا وای لێ دێت مۆرکێکی جیهانی بەخۆی وەردەگرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان بۆ "ئاوێزانی زمانی و تێکرژانی وێژەیی لەنێوان واقیع و خەیاڵدا" تەرخانکردووە، کە بەگشتی کارکردنێکی تیۆرییە لەسەر هەندێک لە بەرکەوتن و کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتری و تێکرژان و بەریەککەوتنە وێژەییەکان، لەم ڕوانگەیەوە پێمانوایە زمانی کوردییش وەک هەموو زمانەکانی تری جیهان، کەمتازۆر بەر زمانەکانی تر کەوتووە و توانیوێتی چ لەڕێی خێزانە زمانی هاوبەشەوە چ لەڕێی ئایین و هاوسێیەتی و نزیکی جوگرافی و لایەنی سیاسی و داهێنانە زانستییەکان و کۆچ و گەشتکردنی کوردزمانانەوە بەر زمانە جیاوازەکان بکەوێت و وشە و زاراوەی نوێیان لێ بخوازێت و دوای کورددانەنیان فەرهەنگی نەتەوەیی پێ دەوڵەمەند بکات، کە ئەمەش نیشانەی خۆنوێکردنەوە و زیندوویەتی لەگەڵ داهێنانە نوێکان و داواکارییە هاوچەرخەکانی سەردەم. دیارە ئەمەش وامان لێدەکات زیاتر لە چییەتی و چۆنێتی کارکردنی دەربڕینە زمانییەکان تێبگەین، تا لەوێشەوە بە دیاردەیەکی گڵۆباڵی زمان وێژە ئاشنابین، کە دیاردەی بەریەککەوتن و ئاوێزانبوونی فەرهەنگییە، بۆیە کاتێک لە ئەزموونە زمانییە جیهانییەکان تێگەیشتین کە چەند بەریەکدەکەون و ئاوێزانی فەرهەنگی و مەعریفییان لەنێواندایە، ئەوا ئاسایی ئەم دیاردەیەش لەناو زمانی کوردییدا دێتە پێش چاومان و دانەبڕانی زمان و وێژەی کوردی لە زمان و وێژەی جیهانی بەدی دەکەین.

### هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

لەبەر کەمی بەراوردکردنی زمانی کوردیی بە زمانە جیهانییەکان و دۆزینەوەی کاریگەری و ڕووی لێکچوونیان لە ڕوانگەی وەرگرتن و خواستنی هەندێك لەو وشە و زاراوانەی کە خواستراوی زمانەکانی جیهانن و لە زمان وێژە و فەرهەنگی کوردییدا بوونیان هەیە، تا لەوێشەوە بە پەیوەندییە شاراوە و نەوتراوەکانی ئاستەکانی زمان و بونیادی دەقی وێژەیی ئاشنابین.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لەڕاستیدا تاکە میتۆدێك کە بەشێوەیەکی زانستی بەرجەستەکەری ناونیشان و شیکارییە تیۆرییەکانی ناو توێژینەوەکەمان بێت، بە خوێندنەوەی ئەزموونە زمانی و وێژەییە جیهانی و ناوخۆییەکان سوود لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگیراوە، دیارە ئەمەش بە پاڵپشتی ڕۆشنبیرییەکی مێژوویی بەراوردکارانەی نێوان زمان و وێژە جیاوازەکان.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

-فراوانی کەرەستە و مەودای توێژینەوەکە و چۆنێتی سنووردانان بۆی، گەڕان و دۆزینەوەی هەندێک دیاردەی کاریگەریی وێژە و زمان و دیاریکردنی سەرچاوەی کاریگەرییان.

-کەمی توێژینەوە لە بواری بەریەککەوتنی زمان و وێژەی کوردی بە زمان و وێژەی جیهانی.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پوختەیەک و پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجامێك پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی ڕۆڵی زمان لە بەریەککەوتنی ئەزموونە واقعییەکاندا ئەم بەشە لە دوو پار پێکدێت، پاری یەکەم بە ناونیشانی ئاوێزان و کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکدی، کە تیایدا کارمان لەسەر مێژووی دیاردەی بەریەککەوتن و ئاوێزانی زمانی کردووە و ئەو هۆکارانەش دەبێتە هۆی هاتنەئارای ئەم دیاردەیە بخەینەڕوو، کەمتازۆر بە زمانی کوردییەوە پەیوەستی بکەین.

هەرچی پاری دووەمیشە بە ناونیشانی وەهمی پوختی و پاراوی زمانی نەتەوەیی، تیایدا کارمان لەسەر باسکردنی ئەو تایبەتمەندییە زمانییە کردووە کە بەبێ کاریگەریی زمانەکانی تر و سوودوەرگرتن و خواستنی وشە و زاراوەکانی تر نابێت, زمانی پوخت و پاڵفتە وەهمە و بوونی نییە، لێرەشەوە نموونەی پێویست و ئەزموونی ژیاری زمانە جیاوازەکانمان خستووەتە بەرچاو.

**بەشی دووەم:** بە ناونیشانی ڕۆڵی زمان لە بەریەککەوتنی ئەزموونە وێژەییەکاندا ئەم بەشە لە سێ پار پێکدیت، پاری یەکەم بە ناونیشانی ڕۆڵی زمان لە وێژەدا کە تیشکمان خستووەتە سەر ڕۆڵ و گرنگی زمان وەک ڕەگەزی سەرەکی وێژە لە دروستکردنی ئیستاتیکا و بونیادی دەقی وێژەیی.

هەرچی پاری دووەمیشە بە ناونیشانی ئاوێزانبوون و تێکڕژانی وێژەیی، کە تیایدا باسمان لە بەریەککەوتن و کاریگەریی دەقە وێژەییەکان کردووە، کە چۆن سوود و ئەزموون

لەناو یەکدا ئاڵوگۆڕ دەکەن، چۆن دەق بەرهەمهاتووی ئێستایی دەبێتە شوێنی دابارینی دەقە پێشینەکان و هەر دەقێک بەرئەنجامی تێکرژان و بەیەکداچوونی کۆمەڵێک دەقی پێش خۆیەتی، دیارە ئەمەش هەر بە تەنیا گواستنەوەی داتای زمانی نییە، بەڵکو گواستنەوەی خەیاڵ و فەنتازیای وێژەیشە.

هەرچی پاری سێیەمیشە بە ناونیشانی زمان وەک ئامرازی مانەوەی خەیاڵ و لێکچوونی بێ ئاگا، تیایدا ئاماژەمان بەو دیاردە ئەدەبییە داوە، کە بەبێ ڕایەڵەی پەیوەندی و کاریگەریی کۆمەڵێک دیاردە و وێنە و بیری وێژەیی لەنێوان ئەدەبەکاندا هاوبەشن و لەیەک دەچن، کە لە ئەزموونێکەوە هەڵقولاون، دیارە تەنیا ئامرازێکیش بۆ بەیەکگەیاندنی خەیاڵ و فەنتازیای ئەدیبان، مانەوەی دید و جیهانبینینیان لە زمان و داتا زمانییەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵیک ئەنجامە بەدەستهاتووەکانمان خستووەتەڕوو، لەگەڵ پۆلێنکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکاندا.

## بەشی یەکەم/ ڕۆڵی زمان لە بەریەککەوتنی ئەزموونە و اقعییەکاندا

### پاری یەکەم/ ئاوێزان و کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکدی

کاریگەری کۆڵەکەی سەرەکی گەشەی چالاکییە مرۆڤایەتییەکانە و بەهێزترین دیاردەی مرۆڤناسییە کە یارمەتی توێژەران دەدات زیاتر بەناو ئەزموونی زمانی و نێونەتەوەیدا ڕۆبچن، لەپاڵ دۆزینەوەی ڕووی لێکچوون و نزیکایەتی گیانێکی مرۆڤانە بە وێژە و زمان ببەخشن. لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنێتی و پێوانەی کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکدی یەکێکە لە مەسەلە هەستیارەکانی لینگویستیک، چونکە کاریگەریی کەرەستەی یەکەمی ململانێی زمانییە، تێگەیشتن و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەنجامدانی پرۆسەی بەراوردەوە، چونکە بەراوردکاری دەبێ لە یەکەم هەنگاوی توێژینەوەکەیدا پەنجە بۆ دیاردەی کاریگەریی زمانی درێژ بکا، ئینجا تێبکۆشێت ئەم کاریگەرییە بە بەڵگەی زانستی و مێژووی بسەلمێنێت و لەکۆتاییدا ئەنجامی کارتێکردنەکە شیبکاتەوە(گەردی: ١٩٧٨، ١١٤).

مەبەست لە کاریگەریی زمانی ڕەنگدانەوەی بابەتێکە یان بیرێکە یان ئاست و جۆرەکانی بونیادی زمانی نەتەوەیەکە لەسەر زمانی نەتەوەیەکی تر، لە ئەنجامی ڕاکێشانی بیر و سەرنجی فەرهەنگی دووەم و سەرسامبوونی بە کولتوور و فەرهەنگی یەکەم دێتەئاراوە، کە بەردەوام فەرهەنگی یەکەم دەبەخشێت و فەرهەنگی دووەم وەردەگرێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Influence) لە ((وشەی (Influere)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە ئەویش لە (In+ Fluere) پێکهاتووە، (In) بە واتای (لەناو) و (Fluere)یش

بە واتای (دەرچوون) دێت، وشەکەش (Influere) لە بنەڕەتدا بە مانای هەر شتێك یان هەر مادەیەك کە سیفەتی (لێچۆڕین) یان (لێڕۆشتن) لەخۆبگرێت))(Ernest Dr"Klein": ١٩٦٦, ٧٩٣).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (التاثیر) لە ((وشەی (الاثر)ەوە هاتووە، بەواتای مانەوەی شتێك لەدوای شتێك یا پاشماوەی شتێك، وشەی (التاثیر)یش بە واتای مانەوەی پاشماوەی شتێك لەسەر شتێکی تر، یا کارتێکردن لە شتێك یا بەجێهێشتنی کاریگەریی لە شتێکدا))(ابن منظور: ٢٠٠٠، ٥٢).

لە زمانی کوردیشدا وشەی (کاریگەری) جگە لەوەی هاوپێچی گەلێك وشەی تر کراوە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی تر، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین بڵێین بە واتای ((کارتێکردن، هەستجووڵاندن، کاریگەر))(نیزامەدین: ٢٠٠٧، ٢٨١)دێت، یان بە واتای ((شوێن پێ هەڵگرتن، شوێنی کەوت، بەدوایا ڕۆی یان پەیڕەوی کرد و ڕێبازی ئەوی گرت))دێت(نیزامەدین: ٢٠٠٧، ٢٨٠).

مێژووی کاریگەری و پەیوەندیی کولتووری هاوتایە بە مێژووی زمان و کولتوور، هەر بۆ نموونە لە ئەدەبی ئەوروپاییدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش زاین بەتایبەتیش ساڵی "١٤٦"ی پێش زاین، کاتێك یۆنانییەکان لەڕووی هێز و دەسەڵاتەوە بەرامبەر ڕۆمانەکان هەرەسیان هێنا و ڕووخان، کەچی پایەبڵندی بوارەکانی شارستانی و مەعریفی و فەلسەفی و ئەدەب و زمانی یۆنانەکان هەر مایەوە و نەڕووخا، تا ئەوەی ڕۆمانەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری و لاسایکردنەوەی یۆنانەکان. ئەمەش بووە هۆی دەوڵەمەندکردن و هەستانەوەی بابەتە ڕۆشنبیرییەکانیان، بۆیە "هۆراس"ی ڕۆمانی بەردەوام دەیگووت: ((ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، شەو و ڕۆژ نموونە گریکییەکانتان لەبەرچاو بێت))(هۆراس: ١٩٧٩، ١٨).

کاتێک باسی کاریگەریی زمانی دەکەین مەبەستمان کاریگەریی وشە و بنەما فەرهەنگییەکانە، کە زمانێک دەبێتە بەخشەر و زمانێکیش دەبێتە وەرگر. بەڵگە نەویستە کە زمانەکان بەشێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن کار لەیەکتری دەکەن، ئەم کارلێککردنەش مێژوویەکی پێکەوەبەستراو و لەیەکنەپچڕاوی هەیە و لە هەندێک سەردەم و ڕۆژگاریشدا بەشێوەیەکی زۆر بەهێزە و بەردەوام لە شێوە و فۆڕمی نوێدا دەردەکەوێتەوە، بۆ نموونە: زمانی لاتینی لە ڕۆژئاوا کاریگەریی لەسەر زۆربەی زمانەکانی ئەوروپا داناوە، کەچی لە قۆناغی دواتردا زمانە ئەوروپییەکان جگە لە ئاوێزانبوون و کاریگەریی دانان لەسەر یەکتری و ئاڵوگۆڕی ئەرکی بەخشەری و وەرگری، وەک کاریگەریی زمانی ئیتاڵی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا و زمانی فەڕەنسی لە سەدەی هەژدەدا و زمانی ئەڵمانی ئیگلیزی لە سەدەی نۆزدەداو...هتد کاریگەرییشیان لەسەر زۆرێک لە زمانە

ڕۆژهەڵاتییەکان داناوە. خۆ ئەگەر زمانی سلاڤیش لە ڕۆژهەڵات بە نموونە وەربگرین، ئەوا هەمان دەرئەنجاممان دەست دەکەوێت.
کاریگەریی جۆری زۆرە، بەڵام لەنێوان هەموو کاریگەری و وەرگرتنە هونەرییەکاندا، کاریگەرییەك کە زمانی نەتەوەیەک لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیەکی تری وەردەگرێت، گرنگترین جۆری کاریگەرییە. زۆرجار هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بەجۆرێك لە کۆنەستی نەتەوەدا دەنیشێت، کە هەرچەندە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی بزانرێت، بەڵام شوێنی بەکارهێنان و هاتنەوەی ئەو داتا زمانییە لە دونیای داهێنان و نووسین و چالاکییە زمانییەکاندا نازانرێت، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانرێت دەوری زمانەوانی لێهاتوو و زرنگ دیاری بکرێت، کە بەناو دونیایەکدا ڕۆدەچێت کە زۆرجار بۆ قسەپێکەرانی زمانی بنەڕەتیش ئاسان نییە و ڕەنگە پەی پێ نەبردبێت زمانەکەیان چەند بە بەرهەم و کاریگەرە، ئەوە بۆیە مەرج نییە هەمیشە زمانەکان ڕادەی کاریگەریی زمانەکانی تر لەسەر خۆیان بزانن، یان شێوەی بەخشینیان لەسەر زمانەکانی تر لە یەک بوار و کێڵگەی واتاییدا بێت، بۆ نموونە فەرهەنگی یۆنانی لە بەخشینی وشە و زاراوەی فەلسەفی بۆ فەرهەنگی زمانەکانی تر کاریگەرە، بەڵام مەرج نییە بۆ بواری وەرزشی هەمان کاریگەریی هەبێت، دیارە ئەمەش بۆ پاشخانی کولتووری و مەعریفی ئەو زمان و نەتەوەیە دەگەڕێتەوە کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئەو بوارە بووە.
گرنگترین مەرج بۆ بەریەککەوتنی زمانەکان بریتییە لەوەی کاتێک زمانێک وشە و زاراوە لە زمانێکی تر دەخوازێت، پێویستە ئەو خواستنە لە پێویستیی فەرهەنگی و ژیانی ئەو نەتەوەیەوە هەڵقوڵابێت و فەرهەنگی خۆی ئەو وشەیەی نەبێت، واتە لە نەبوونی وشە و زاراوەیەک بۆ واتا و دیاردەیەک یان لە کەلێنێکی پێویستییەوە بۆ دەربڕینەکانی قسەپێکەرانی هاتبێتەئاراوە، ئینجا ئەو وشەیە لە زمانی بیانی بخوازێت، چونکە لەکییەکی گەورەیە زمانی یەکەم خۆی وشەیەکی بۆ مانا و دیاردەیەک هەبێت و وشە لە زمانی بیانی بخوازێت. پاشان دیاردەی خواستنی داتای زمانی نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوەی بێت، بەڵکو دەبێت بەرئەنجامی لێوردبوونەوە و توێژینەوە بێت و بخرێتە ژێر کاریگەریی دەنگسازیی زمانی دووەمەوە و لەگەڵ سروشت و یاسا و ئاستە جیاوازەکانی زمانی وەرگردا گونجێندراوبێت و لە دەنگ و شوناس و مۆرکی زمانی وەرگیراو دابڕێندرابێت، هەر بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا وشەکانی: (معاملة- طعن- مطمئن- طفل...هتد) لە زمانی عەرەبییەوە خواستوومانە و کورددانوومانن بە: (مامەڵە- تام- تانە- متمانە- تولف...هتد)، قسەکەرێکی زمانی عەرەبی نایناسێتەوە و قسەکەرێکی زمانی کوردییش بەئاگا یان بێئاگا لەگەڵ هەڵکەوتەی دەربڕین و لایەنی

فۆنەتاکتیکی زمانەکەیدا گونجاندویەتی، بەبێ ئەوەی هیچ لەکییەکی نەتەوەیی و کەموکورتییەکی شوناسی دروست بکات، هەروەک "جەمال نەبەز"یش لەبارەی ئەم جۆرە وشانەوە دەڵێت: ((تازە تێکەڵ بە خوێن و گۆشتی زمانەکەمان بوون و بە لای منەوە لابردنیان دەبێتە هۆی پەیداکردنی کەلێنێک کە بە هیچ کلۆجێک بۆمان پڕنابێتەوە))(نەبەز: ٢٠٠٨، ١٧).

لە کۆتایی ئەم پارەدا پێویستە ئەگەر بە کورتیش بێت ئاماژە بە هۆکارەکانی بەریەککەوتن و ئاوێزانبوونی زمانەکان بکەین و کەمتازۆر بە زمانی کوردییەوە پەیوەستی بکەین.

١- هەبوونی ڕەگی مێژووی هاوبەش یان چوونەوەی چەند زمانێک بۆ یەک کۆمەڵە خێزانی زمانی هاوبەش، کە لە کاتی خۆیدا ئەو خێزانە زمانییەش خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆی بووە، لە قۆناغی دواتردا چەندین زمانی لێکەوتووەتەوە و هەریەکەیان بەشێک یان زیاتریان لە فەرهەنگە بنەڕەتییەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە. لە ئێستاشدا ئەو وشانە بە هەندێک گۆڕانکاریی کەمی لایەنی دەنگسازی لە چەندین زماندا دەبینرێت، واتە ئەم جۆرە ئاوێزانبوونە هێندەی بۆ ڕێچکەیەکی خێزانە زمانێکی هاوبەش دەگەڕێتەوە نیو هێندە بۆ کاریگەریی زمانی ناگەڕێتەوە وەک "ئەورەحمانی حاجی مارف" دەڵێت: ((گەڵێک جاریش وێکچوون دەبینرێت، کە ڕاست نییە بەوە دابنرێت گوایە زمانێک لە زمانێکی دییەوە وەریگرتبێت، بەڵکو ڕاست ئەوەیە سروشتی پێوەندیی بەردەوامی نێو زمانانی خێزانێک ئەمەی سازکردووە، گروپی زمانانی هاوڕەگەز، بەو کۆمەڵە زمانە دەوترێت کە لە نێوانیاندا وێکچوونی سروشتی لە پێکهاتنی دەنگ و واتای ڕەگی وشە و گیرەک "ئافێکس"دا دەردەکەوێت))(ئەورەحمانی حاجی مارف"د": ١٩٧٩، ٢١). هەر بۆ نموونە زۆرێک لە وشەکانی خێزانە زمانی هیندۆئەورووپی دەرکەوتەیان لەناو ئەو زمانانەدا هەیە کە سەر بەم خێزانە زمانییەن وەکو: "مانگ" لای کورد "Moon" لای ئینگلیز و "ماه" لای فارس. یان "ئەستێرە" لای کورد و "Star" لای ئینگلیز و "ستارە" لای فارس. یان "نوێ" لای کورد و "New" لای ئینگلیز و "نو" لای فارس. بۆیە لێرەدا ناتوانین بڵێین کام زمان لە کام زمانی خواستووە، بەڵکو چەند موڵکی زمانی یەکەمە هێندەش موڵکی زمانی دووەمە و میراتییەکی هاوبەش و هاوڕێژەیان تێیدا هەیە.

٢- **ئایین:** وەک دەزانین ئایین هۆکارێکی کاریگەرە و بڕواهێنانی هەر نەتەوەیەک بە هەر ئایینێکی نەتەوەیەکی تر جگە لە باوەڕ و کولتوور بەشێک لە وشە و زاراوەکانی ئەو ئایینە دەترنجێتە ناو فەرهەنگی ئاوەزی قسەپێکەرانی نەتەوەی دووەم، داتا زمانییەکانی ئەو ئایینە دەبێتە وشەی بەکاربەری ڕۆژانەی هەڵگرانی ئەو ئایینە، بۆ نموونە کورد لەدوای ئاشنابوونی بە ئایینی ئیسلام گەلێک وشە و زاراوەی ناو باوەڕ و جیهانبینی ئیسلام کەوتووەتە ناو زمانی کوردییەوە وەکو: (ئایەت- سورەت- فەتوا- کفن- موعجیزە- حەج...

هتد). جێی سەرنجە نەتەوەی کورد ئەو وشانەی لەڕێی ئایینی ئیسلامەوە وەریگرتووە و بەشێک نەبوون لە باوەری خۆی وەک خۆی بەکاریاندەهێنێت، چونکە جێگرەوەیان نییە و وەرنەگێردراون و پێش ئیسلام بەشێک نەبوون لە ئاییندارى نەتەوەی کورد وەکو: (حەج- زەکات- عەمرە- سونەت- فەرز...هتد)، بەڵام ئەو وشانەی کە لەپێش ئایینی ئیسلام بەشێک بوون لە باوەڕ و ئاییندارى نەتەوەیی خۆی و دوای ئاشنابوونی بە ئایینی ئیسلامیش جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوا وەریگێڕاون و وشە کوردییەکەی پێشووتری خۆی بەکاردەهێنێت وەکو: (نوێژ- ڕۆژوو- پەرستش...هتد).

٣- **داهێنانی زانستی و دۆزینەوە جیاوازەکان:** دیارە زۆرێک لە داهێنانە نوێکانیش پێویستی بە ناونان هەیە، کە فەرهەنگی نەتەوەی خاوەن داهێنەر بەپێی تایبەتمەندیی زمانی خۆی ناوی لێدەنێت و زمانەکانی تریش وەک پێویستی ڕۆژانە و ژیانکردنیان بەکاریاندەهێنن، لێرەوە وشەی نوێ دەچێتە ناو فەرهەنگ و ئاوەزی ئاخێوەرانیان، بەتایبەت داهێنراوە تەکنەلۆژی و پیشەسازی و پزیشکی و فەلسەفی و وەرزشی و ئابورییەکان، کە لەبەر چالاکی کێڵگەی واتاییان و لەبەر نەدۆزینەوەی وشەی وەرگێردراوی مەبەستپێک لە زمانی دووەم، کە ئەگەر وەریش بگێڕدرێت ئەوا هێندەی وشە بیانییەکە لەناو خەڵدا دەڕوات و کۆمەڵەکی وەردەگرێت، نیو هێندە وشە خۆماڵییەکە وەرناگرێت و لەناو خەڵکدا ناڕوات، بۆیە زۆرێک لە زمانەکان وەکو خۆیان دەیخوازن و بەکاریاندەهێننەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی ئینگلیزی ئاستی سەرباشقەیی و پێشەنگی وەرگرتووە، هەر وەک وشەکانی: (موبایل- تەلەفزیۆن- سەتەلایت- کۆمپیوتەر- ئینتەرنێت...هتد).

پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەندێک زمان مێژوو و سەردەم ڕووی لێناوە و شانسی بەرەوپێشچوون و دەوڵەمەندی زیاتری لە زمانێکی تر بۆ ڕەخساوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر لە هەر وڵاتێکی ئەوروپی یان ئاسیایی یان ئەمریکای لاتین...هتد داهێنانێک بدۆزنەوە کە بە هیچ کلۆجێک ناچنەوە سەر زمان و کولتوور و فەرهەنگی ئینگلیز، کەچی بە فۆنتی ئینگلیزی لەسەری دەنووسرێت و بە بازاڕ دەکرێت، ئەمەش داهاتێکی زمانییە و دەچێتەوە ناو خانەی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی.

٤-هاوسێیەتی و نزیکی جوگرافی دوو زمان کە پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و مێژوویان لەنێواندا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی کولتووری و فەرهەنگی و ئاڵوگۆڕی داتای زمانی، بۆ نموونە زمانی کوردی پەیوەندیی هاوسێیەتی لەگەڵ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا هەیە، دەیان وشەی ئەوان لەناو بەکارهێنەران و قسەپێکەرانی زمانەکەماندا دەبینرێن وەکو وشەکانی: (هیلاک- بۆینباخ- باجی- بەلوعە- ئاموشۆ- سات- قورمیش- یاپراخ...هتد).

**٥-سیاسەت:** لایەنی سیاسەتیش یەکێکە لەو لایەنانە، کە ئەم لایەنەش بێبەش نەبووە لە هێنانە ناوەوەی وشە و زاراوەی بیانی، ڕێگای )وەرگرتن (ڕۆڵێکی دیاری لە هاتنەکایەی وشە و زاراوەی سەر بەژیانی

شۆڕش و ڕامیاری و دیبلۆماسیدا هەبووە، لەبەرئەوەی کورد هەمیشە لە بارودۆخێکی سیاسی ناجێگیردا بووە، بە درێژایی مێژوو پێویستیی بە وشە و زاراوەی نوێ هەبووە، هەریەکە لەو شۆڕش و بزوتنەوانەی کە لە کوردستان هەبوون کاریگەریان لەسەر دەرکەوتنی چەندین وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەتی هەبووە و زمانەکەیان دەوڵەمەندکردووە، ئەگەر ئاوڕێک لەو شۆڕشانە بدەینەوە کە لە سەردەمی ڕابردوودا بونیان هەبووە, دەبینین لە ئاکامی دروستبوونی ئەم شۆڕشانە بە دەیان وشە و زاراوە کە پەیوەندییان بە شۆڕش و سیاسەتەوە هەیە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و زمانی کوردییان دەوڵەمەندکردووە وەکو: )فاشیزم- دکتاتۆر- شەهید- عەسکەری- عەمیل- دیموکراتی- خاین- تەرحیل- وەفد- ئیعدام- ئۆتۆنۆمی- موستەشار ...هتد) (عەبدولغەنی"د": ٢٠١٩, ١١٥ .(

جگە لەو هۆکارانە هەریەکە لە هۆکارەکانی هەژاری دەربڕین و پێویسبوونی زمانێک بە گوزارشتە نوێکانی سەردەم. کۆچکردن و ئاوارەیی نەتەوەیە و بەرکەوتنی لەگەڵ کولتوور و زمانی نەتەوەیەکی تر. یان هۆکاری ڕاگەیاندن بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە. یان کردنەوەی ئەو قوتابخانانەی لە ژینگە و کەشوهەوای زمانی دووەمن و بە زمانی یەکەم "بیانی" دەخوێنن(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەبدولغەنی"د": ٢٠١٩, ١١٤- ١١٥- ١١٦).

## پاری دووەم / وەهمی پوختی و پاراوی زمانی نەتەوەیی

هەموو زمانێک بە ڕادە و شێوەی جیاواز کەمتازۆر وشە و زاراوەی خواستووە و لە زمانەکانی ترەوە وەریگرتووە، بە جۆرێک زمانی پاڵفتە و پوخت وەهمە و بوونی نییە، چونکە ژیانکردن پێشەکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و هەموو زمان و کولتوورێک ڕۆژانە و هەفتانە بەریەکدەکەون و هیچ زمانێک نادۆزیتەوە کاریگەریی زمانی بێگانەی لەسەر نەبێت. ((لەسەر ڕووی ئەم زەوییە، هیچ زمانێک نادۆزیتەوە، کاریگەری زمانی بێگانەی لەسەرنەبێت و کەڵکی لێوەرنەگرتبێت, وەرگرتنی زاراوەی بیانی، پێویستییەکی سروشتییە و بەربەستێک نییە بە ڕوویدا بوەستێت و پێشی پێبگرێت، چونکە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵ و قسەپێکەرانییەوە))( عەبدولغەنی"د": ٢٠١٩, ١٠١). لەم ڕۆژگارەدا ناتوانرێت ڕێگە لە هیچ قسەکەرێک بگریت کە چۆن بپەیڤێت، مەرجدانان بۆ قسەکەری هەر زمانێک قورسە و داوایەکە هەرگیز نایەتەدی، چونکە قسەکردن پەیوەستە بە ئازادیی بوونیەتی تاکەکانەوە، لەو چێوەیەشەوە لەکاتی قسەکردندا

چەندین وشـەی بیانی و ناخۆماڵی کە لەڕێی یەکێک لە سەرچاوەکانی کاریگەرییەوە وەریگرتووە بەکاردەهێنێت، دەسەڵاتیش چەند زۆردار و بە هەیبەت بێت ناتوانێت خۆسەپێن بێت و سنووری بەکارنەهێنانیان دیاری بکات.

بەرکەوتن و ئاوێزانبوونی زمانەکان تایبەتمەندیی جێگیر و چارەنووسی هەموو زمانەکانە، بەڵام زمانی هەر نەتەوەیەک وەک ئامرازی داهێنان و چالاکیی ژیانکردنیان نابێت هێندە لەناو بۆتەی فەرهەنگ و زمانەکانی تردا بتوێتەوە، کە خۆی لەیاد بکات و شوناس و پێگەی کولتووری و نەتەوەیی خۆی لەدەست بدات، چونکە مێژوو ئەوەی یەکلاکردووەتەوە زۆر نەتەوە بە لەناوچوونی زمانەکەیان خۆشیان لەناوچوون، بەڵکو دەبێ ئەو کاریگەری و ئاوێزانبوونە بە زمانەکانی تر بخاتە ژێر کاریگەریی لایەنی دەنگسازی خۆی و لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانی نەتەوەکەی خۆیدا بیگونجێنێت، بەجۆرێک بیکاتە سوژەی بەرەوپێشچوون و ئەفراندن و گەشەی زمانی خۆی و لە بەرامبەر هەموو کاریگەرییەک کاردانەوەی زمانی و تێپەڕاندنیشی هەبێت. هەروەها لەناو ئەو ڕەنگ و دەنگە جیاوازانەی لە شێوەی جیاجیای کاریگەریی بەر زمانی نەتەوەیەک دەکەوێت، دەبێت بیانکاتە پاڵپشت و واژەی داهێنان، پارێزگاری لە تایبەتێتی زمانی و نەتەوەیی خۆیی بکات.

ئاوێزانبوونی زمانی جگە لەوەی نیشانەی نەرێنی و لەکی نییە، بەهێزترین هۆکارە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی هەر زمانێک، چونکە مێژووی زمانی زۆرێك لە نەتەوەکان ئەوەی سەلماندووە کە هەر زمانێک لەناو کایەی فەرهەنگی خۆیدا سوود لە دەوڵەمەندی فەرهەنگی نەتەوەکانی تر وەرنەگرێت و خۆی دوورەپەرێز و گۆشەگیر ڕابگرێت، دوادەکەوێت و ناتوانێت لەگەڵ گەشەکردن و نوێکاری زمانی جیهانیدا جێگای خۆی بکاتەوە.

زۆربەی ئەو زمانانەی خۆیان لە سنووری کاریگەریدا دەبیننەوە، لەئاستی ناوخۆییدا سەرباشقە و دەرکەوتوون، دیاردەی کاریگەریی چەندە پەیوەستە بە ئاست بڵندی و شاکاری فەرهەنگی جیهانییەوە، کە وەك بەرهەمێکی مرۆڤایەتی لێهاتووە بەجۆرێك بووەتە موڵکی گشت مرۆڤایەتی، هێندەش پەیوەستە بە هەلومەرجی ناوخۆیی و دۆخی ناوەکی فەرهەنگی کارلێکراوەوە و ئامادەیی ئەو فەرهەنگە بۆ وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی کولتووری و داتای زمانی، چونکە ((کاریگەری هۆیەکی گەوهەرییە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فەرهەنگی میللەتانی جیهان و فراوانبوونیان))(فرانسوا غویار: ١٩٧٨، ٣٧).

هەبوونی گەلێك سەرچاوەی جۆراوجۆر لە پێکهاتە و بونیادی زمانێکدا، قسەکەر وا لێ دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە جۆراوجۆرانە، چونکە زمانی قسەپێکردنی ئێستایی

گەیەنەر و زیندووکەرەوەی زمانی قسەپێکەرانی ڕابردوون، بەم جۆرەش سەرجەم زمانەکان دەبنە گەیەنەر و ئەڵقەیەکی لێکنەپچڕاوی یەکتر کرداری هەڵهێنجان و گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، هێشووە واتای جیهانی بەدەست دێنن، بەو پێوەدانگەی زمان کارێکی بەرهەمییە، دەتوانێت لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕدا نوێنەرایەتی چەند زمانێکی دیکەش بکات(مەحمود "د"، ٢٠٠٩، ٢٠١).
سوودوەرگرتنی زمانێک لە زمانێکی تر بۆ ئەوەیە زمانبوونی خۆی دابڕێژێت و فەزای واتایی خۆی فراوانتر بکات، چونکە دواتر ئەمیش دەبێتە سەرچاوەی بەخشین بۆ زمانی تر، ئەزموون و کارامەی بەرهەمداری پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، هەر زمانێک تا ڕۆشنبیری گشتی و داتای زمانی خۆی فراوانتر بکات هێشتا کەمە، چونکە لەسەر دەربڕین و یادگای مەعریفە جۆربەجۆرەکانی قسەپێکەران ڕەنگدەداتەوە. زمانی کارلێکراو کۆپیکاری خاوەن کۆگایەکی مەزنی بۆماوەییە، فەرهەنگەکەشی کۆگایەکی مەزنی ڕەمزەکانە کە لە ئەزموون و کۆزانینێکی ڕۆشنبیرییەوە وەرگیراون و لە ئاوەزی قسەکەردا نیشتەجێن. زمانێکی ئەوتۆ کە ئەمە سەرچاوەکەی بێت، زمانێکی هەمەلایەنی دەنگەکانە و تەنیا یەکێك ئەندام و خاوەنی نییە، کە تەنیا دەنگی قسەکەرێک بێت. زمانەکە تەنیا فەرهەنگێکە بەپێی نیشانەکان وشەکانی ڕیز دەبن، بەپێی نەریتی هونەری ئەوتۆ کە قسەکەر ناتوانێت پشتگوێیان بخات(ڕەئوف: ٢٠١١، ٢٥٠) .
زمان بەردەوام تێکەڵی لەگەڵ زمانەکانی تردا دروست دەکات و خۆی نوێ دەکاتەوە، هەندێك خۆشاوی ڕۆحی ئەو تێکەڵاوی و نوێکارییانە خۆیان لە خوارەوەی هەستی نەتەوەدا مت دەکەن، جا ئەو متبوونە زۆرجار سەرهەڵدانەوە و بوژاندنەوەی دەبێت، بەڵام نەك دەقاودەق بە شێوازە ئەسڵییەکەی سەرچاوەی کاریگەرییەکە، بەڵکو بە شێوازێکی نزیك لە شێوازە ئەسڵییەکە و ئەمەش هەرگیز ناکاتە (لەدەستدانی شوناس)، چونکە لێکچوونی زمانەکان، مانای وانییە لێکدی وەرگیراین، وەک باسمانکرد ڕەنگە بنەچە یان یەک کۆمەڵە خێزانەزمانی یان نزیکی جوگرافی یان لێکنزیکی کولتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی بێت هەردووکیان خاوەندارێتی بکەن، یان ئەگەر وەرگیراو شێوازێکی هونەریی جیاوازی درابێتێ ئەمە حاڵەتێکی دروستە و نیشانەی دانەبڕانی زمانە لە کاروانی ئەفراندن و چالاکییەتی لە جیهانی کارلێکی نێونەتەوەییدا.
کەواتە وەرگرتنی زمانی وەك شێوەیەکی کاریگەری، بارگاویبوون و کارلێککردنی زمانییە، پرۆسەی بیرکردنەوە و هاتنەوەی خەرمانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کەڵەکە بووە، هۆکارێکە بۆ دەرخستنی ئاستی دەرککردن و دروستکردنی بیر و جیهانبینی نوێ بە قسەکەری هەر زمانێک.

کەواتە کاریگەری و ئاوێزانبوونی زمانەکان بەیەکدی قەدەر و دیاردەیەکی ئەزەلی هەموو زمانەکانە و بەجۆرێک هیچ زمانێک نییە لە جیهاندا بەبێ کاریگەریی زمانەکانی تر، واتە زمانی پوخت و داخراو و بەسەرخۆدا شکاوە بوونی نییە و جگە لە وەهمێکی میسالی بۆ بەرجەستەکردنی هەستێکی نەتەوەیی ڕەها و بەرەو فاشیچوون شتێکی تر نییە، ئەو زمانەی لە ئێستادا بانگەشەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی و پاڵفتی خۆی دەکات، لە قۆناغێک لە قۆناغەکان بەر فەرهەنگی زمانێکی تر کەوتووە و لەڕێی وەرگرتن و بەریەککەوتنیشەوە ئاستە جیاوازەکانی خۆی پێ دەوڵەمەندتر و کامڵتر کردووە، کە لە ئێستادا بووەتە بەشێک لە چالاکی زمانەوانی قسەپێکەرانی بۆ ناونان و دەربڕینی هیچ وشەیەک دانامێنێت، بۆ نموونە لە سەدەی شانزەیەمدا لە فەرەنسا و ڕۆمانیا وشە و زاراوەی یۆنانی و ئیتاڵی و سلاڤی کاریگەرییان لەسەر قسەپێکەرانی زمانی فەرەنسی و زمانی ڕۆمانی "نوێ" هەبووە، بۆیە نووسەرەکانیان دەیانویست ئەو کاریگەرییە لەسەر خۆیان دووربخەنەوە. یان لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم باس لە کاریگەریی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی فەرەنسی دەکرێت، یان لە سەدەی هەژدەیەم لە ئیسپانیا وشە و زاراوەی فەرەنسی کاریگەریی لەسەر دەربڕینەکانی قسەکەری زمانی ئیسپانی هەبووە((دیما: ٢٠١١، ١٠٦)). لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر بۆ زمانەکانی جیهان ئاسایی بووبێت کە وشە و زاراوە لە زمانەکانی ترەوە بخوازن و لە کردەی قسەکردن و نووسیندا بەکاریبهێنن، نیشانەی لەکیش نەبێت کە بەر فەرهەنگ و دەربڕینی زمانەکانی تر بکەون، فەرهەنگی خۆیان دەوڵەمەند بکەن و زمانیبوونی خۆیان بنووسنەوە، ئەوا بۆ زمانی کوردییش کە زۆر وشە و زاراوەی فەرهەنگی زمانانی بیانیی خواستووە وەک "محەمەدی مەحوی" دەڵێت: ((زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لە زمانانێکی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە قسەکەرێک بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو، هیچ چشتێک بڵێت))(مەحوی"د": ٢٠١٠, ١٢٧). بۆیە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی زمانییە و زمانی کوردییش وەک هەموو زمانەکانی تر نەک هەر لەکی نییە بۆی، بەڵکو نیشانەی زیندوێتی و خۆنوێکردنەوە و گونجاندنییەتی لەگەڵ سەردەم و داهێنانە جیاوازەکاندا.

**بەشی دووەم/ ڕۆڵی زمان لە بەریەککەوتنی ئەزموونە وێژەییەکاندا**

**پاری یەکەم/ ڕۆڵی زمان لە وێژەدا:**

زمان بەرزترین هۆکارە بۆ پەیوەندی و لەیەکگەیشتنی هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا، بەهۆیەوە هەر تاکێک بۆ تێگەیشتنی بەرامبەرەکەی زمان دەکاتە ئەو پردە بۆ گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون و دەربڕینی ناخی. زمان تاکە هۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە خۆی بدوێت، زمان ئەو ئامڕازەیە بەدەستی وێژەوانەوە کە ڕێچکە و ویست و فیکر و بونیاد

دەستنیشان دەکات و لەڕێگەی زمانەوە دەتوانێت ئاستی داهێنانەکەی گەشەپێبدات. دەقی ئەدەبی پێکهاتەیەکی تێکەڵاو و تێکرژاوە، بۆیە بەڕای هەندێک توێژەر دەق بەو بنەما هونەرییانەی پابەند دەبێت کە یاساکانی ناوەوەی تێکستەکەی لەسەر بونیاد دەنرێت، بەلای هەندێکی تریانەوە جۆری ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە ناوەڕۆکی دەقەکە پێکدەهێنێت، کەواتە ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەو یاسایانەی بۆ دەستکاری و سەرنجی زمان دادەنرێت، کە پێویستییەتی دەقن، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵگا و هەنگاونانی تازەی ئەدیبان سەبارەت بە هونەر و ڕێکخستنی دەقی ئەدەبی لەڕووی زمانەوە، وای کردووە شێوەی ئیستاتیکی زمانی نوێ بەرهەم بهێنن و جەخت لەسەر کارتێکردنێکی هونەرمەندانەی نوێ لەگەڵ زماندا بکەن، چونکە زمان ئاستی داهێنەرانەی هەر بەرهەمێک دیاری دەکات و دەنگ و سەدای وێژەوان بە خوێنەر دەگەیەنێت.

زۆرجار ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرماندا هەن، مەرج نییە هەر لەڕووی زمانەوە دەربېڕدرێن، بەڵکو بەهۆی ئاماژە و هێما و دەلالەتە ئیمەیجییەکانیشەوە دەتوانین گوزارشت لە شتەکان بکەین، ئەویش لە ڕێگای هەستەکانەوە، چونکە زۆر بار ئەو وێنە وێژەییانە واقعین و زۆربارێش خەیاڵین یان هەردوکیانن.

کاتێک باس لە ژانری شیعر دەکەین دەبێت بزانین هەڵگری کۆمەڵێک ڕەگەز و شەقڵی تایبەت بە خۆیەتی، کە بە ڕەگەزەکانی شیعر ناودەبرێن، یەکێک لەو ڕەگەزانە بریتییە لە زمان، کە بنەڕەتی شیعرە و تاکە هۆکارە شاعیر کردەی ئەفراندنی پێ ئەنجام دەدات و سیحر و پەرجووی لێ بەرهەم دەهێنێت. هەروەها کۆکەرەوەی ڕەگەزەکانی ترە و لە مەسەلەی شیعرییەتدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بونیادی دەقی شیعریدا بە کاریگەرترین ڕەگەز دادەنرێت و بەرزترین هۆکاریشە بۆ دەربڕینی ناخی پەنگخواردوی شاعیر، بۆیە دەتوانین بڵێین پلەی یەکەمی بەردەکەوێت، چونکە لە لایەک شیعر بۆخۆی کارکردنە لەناو زماندا و شاعیر جگە لە زمان هیچ ئامڕازێکی تری بەدەستەوە نییە تا داهێنانی پێ بکات و پرۆسەی داهێنان بە ئەنجام دەگەیەنێت، لە لایەکی ترەوە گەر نەڵێین هەمووی ئەوا زۆربەی زۆری ڕەگەزەکانی تری شیعر دێنەوە ناو ئەم ڕەگەزە، چونکە ((زمانی دەق بۆخۆی سەرجەم پێکهاتەکانی دەق دەگەیەنێت، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەم ئاستەی دەق بۆ خۆی تەوەرەیەکە و ئاستەکانی تر بە دەوری خۆیدا دەسوڕێنێتەوە)) (تۆفیق: ٢٠٠٨، ١٣٧) و سەرجەم ڕەگەزەکانی تر بەرجەستە دەکات.

داهێنانی ناوەکی "پێش دەربڕین و بوون بە زمان" لە تاقیکردنەوە و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی شاعیردا خۆی دەبینێتەوە و بە هەموویان دەقی شیعری بەرهەم دەهێنن، کە بە کاریگەریی ناوەکی یان دەرەکی جووڵێنراون ((ئەو هەوڵە چاکەی بۆ شیعر دەدرێت هەوڵێکی پڕ لە تەقەلا و ماندووبوون و بونیادنان و پێکهێنانی بینا و ئەفراندن و

داهێنانە هەمووی لەڕێگەی زمانەوە جێبەجێ دەکرێت))(مەحمود"د": ٢٠٠٩، ١٦)، دەبێت ئەو زمانەش خاوەنی کۆمەڵێک مۆرکی تایبەت بە خۆی بێت، تا جیایبکاتەوە لە دەقە ئەدەبییەکانی تر، ئەگەر لەکاتی ئاخاوتندا ئەرکی زمانی ڕۆژانە و تێگەیشتن و گەیاندن بێت و ڕۆیشتن بێ لەسەر سکەی یاساکانی ڕێزمان، بە ڕێخراوەکردنی کەرەستەکانی ڕستە و گونجاندنی لەگەڵ چنینی وشە و یاساکانی واقعیدا بێت، ئەوا زمانی ناو شیعر و ((ڕستەی شیعری بۆ خۆی شکاندنی شێوازی چنین و داڕشتنی زمانی ئاسایی و زمانی پەخشانیشە چ لەسەر ئاستی ئاسۆی، یان لەسەر ئاستی ستوونی بێ، هەر بەمەش زمان لە دەقی شیعریدا بەشێک لە سیمای شیعرییە هەڵدەگرێت)) (تۆفیق: ٢٠٠٨، ١٤٣)، چونکە شاعیر ((بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ زماندا ناکات کە ئەرکێکی زمانی جێبەجێ بکات، بەڵکو لە ڕێگای گەڕان بەدوای شتەکاندا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات))(مەحمود"د": ٢٠٠٩، ٨) و شاعیر بەدوای مولولەی وردی پەراوێزخراوی ناو زمانی ئاسایی دەگەڕێت و دەیهێنێتەوە ناو دونیای شیعرەکەی و پێگەی تایبەتی پێدەبەخشێت، بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی واتای نوێ دەدات لەو پاشخانە ڕابردووە زمانییەی کە لەوەوپێش بە ئەزموون پێی گەیشتووە، واتە شاعیر بەتاسەوەیە بۆ هەڵهێنجاندنی واتای نوێ و مەدلولی نوێ لە دالی کۆن.

هەڵبژاردنی وشە فەرهەنگییەکانی زمان لە لایەن شاعیرەوە و بەکارهێنانیان بۆ دروستکردن و پێکهێنانی دەقی شیعری، لەبەر ئەوەی ئەو وشانە لەناو شیعردا خاوەنی واتا و سیحری مۆسیقین، ڕۆڵی چالاکانەی پێدەدرێت و ((شاعیر لە شیعرەکانیدیدا هەوڵدەدات توانا و لێهاتویی خۆی لە جوانکاری وشەکان و یاریکردن بە وشەکان و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بە خۆی پڕ لە وشە و زاراوە و خەیاڵی فراوان و هێما و ڕەمز و وێنەی شیعری جوان و ڕازاوە نیشان بدات، کە دەبێتە ئامانجی شاعیر))(مستەفا: ٢٠٠٩، ٨٣). ئەرکی شاعیرە لە ناواخنی زمانی شیعرەکەیدا زمانێکی هونەریانە بە بەر شیعرەکەیدا بکات، لەناو دونیای زمانی گشتیدا زمانێکی تایبەت بە خۆی پێکبهێنێت، کە تێیدا دەنگ و هاوارێکی خودیانە و تایبەتیانە بەدی بکرێت، شاعیری بەتوانا دەبێت هێزی بەسەر وشەکاندا بشکێت و هەوڵی بە ئەفسوناویکردنی زمانەکەی بدات. ((بێگومان بەشێک لەو پرۆسەی ئەفسوناوییەش بە لادانی زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی بەدیدێت))(تۆفیق: ٢٠٠٨، ١٣٧) و بە کارکردنێکی مانا قووڵ و هەمەلایەنە لەسەر وشەکان و بە سیحراویکردنیان و بارکردنی واتای تر دەبێت، بەجۆرێک شاعیر ڕۆح بە بەر وشەکاندا بکات و بیانهێنێتە سرکی و جووڵەیی، وا لە واتاکانیان بکات هەڵگری دەلالەتی یەک بابەتی نەبن و بوار و بابەتی جۆراوجۆر و فرە ڕەهەندی هەڵبگرن، چونکە ((وشە لە شیعردا دەلالەت لە بابەتێکی دیاریکراو ناکات، لە ئەدەبدا

زمان سیستێمێکی ڕەمزی نوێ دەخولقێنێت، کە لە زمانی سیستێمی ڕەمزی نائەدەبدا زۆر جیاوازە))(مەحمود"د": ٢٠٠٩، ١٥)، تا خوێنەر ڕاستەوخۆ بەیەکجار خوێندنەوە بەسەر واتای گشتیی شیعرەکەدا زاڵ نەبێت و هەموو ئەو پێچوپەنا و کۆدانەی شاعیر لەناو شیعرەکەیدا دایناون بە یەکجار نەیکاتەوە، چونکە ((ئەگەر دەقێکی شیعر لە یەکەم خویندنەوەیدا خۆی بە خوێنەر بەخشی، ئەوە دەقێکی ڕووتەختییە، بەڵام ئەگەر تێکستێکی شیعر لە هەموو کەڕەتێکی خوێندنەوەیدا بەرەو جیهانێکی نوێ و دوور لە جیهانی یەکەمیمان ببات و هەر جارە و وێنا و جیهانبینییەکمان پێ ببەخشێت، بێگومان ئەم دەقە دەقێکی زمانی ناخییە و ناوەڕۆکەکەی زۆر دەوڵەمەندە و داهێنانی تیابەدی دەکرێت))(مەحمود"د": ٢٠٠٩، ٢٠). ڕەنگە ئەمە خاسییەتێکی چاکی زمانی شیعری بێت، کە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی خوینەر کار دەکات و ئەزموون و دونیابینین و ڕوناکبیرییان گەشە پێ دەدات، کە خوێنەر بەردەوام لە گەڕان و هەوڵدا بێت بۆ بەدەستهێنانی واتای ئەو لێڵی و ڕەمز و تەمومژ و ئاڵۆزیانەی لە زمانی شیعرەکەدا هەن، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو کلیلانە بدات کە دەبنە هۆی کردنەوەی کۆدەکان، بۆیە خوێنەری وێژە دەبێت بازنەی تێگەیشتنی فراوانتر بکات و هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی واتایی وشەکان بدات، تا بگاتە ئاستی شیکردنەوە و تێگەیشتن لە مەبەستەکانی وێژەوان.

ڕەنگە پرسیارێک دروست بێت، باشە بۆچی خوینەر ڕاستەوخۆ بە یەکجار خوێندنەوە واتای گشتی و سەرجەمی بەرهەمێکی ئەدەبی دەستناکەوێت؟! لەکاتێکدا وشە بەرهەمهاتووەکانی ناو ئەو بەرهەمە ئەو واتا و وشانەن لە زمانی ئاساییدا بەکاردەهێنرێن؟! چونکە وشەکان کاتێک دێنە ناو سنووری دەقی ئەدەبییەوە بە بەرگێکی خوازەیی و تەمومژاوی دەوره دەدرێن کەمتا زۆر لە واتای فەرهەنگیان دووردەکەونەوە، هەر لەوێوە وێنە هونەرییەکان دەخولقێن کە ئەزموونی خوێنەر بە ڕاڕەویش نەیبینیوە، ئەمە جگە لەوەی ((بەهۆی شێواز و بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لەناو سیاقی ڕستەدا ئەدیب هەوڵدەدات واتایەکی قووڵ و تایبەتی بداتە وشەکانی ناو دەقەکەی و بەهۆیەوە ئاستی دەقەکەی بەرەو ئاستی باڵا ببات))(مستەفا: ٢٠٠٩، ٨٣). ئەگەر بەشێوەی ئاخاوتنی ئاسایی و ڕۆژانە سەیری گفتوگۆ و ئاخاوتنی زمانی وێژەی بکەین، هەرگیز لێی تێناگەین!! چونکە وشەکان لە وێژەدا نالۆژیکین و لە ڕێکخستن و هاوڕێیەتییان ئەو واتایە نادەن بەدەستەوە کە بۆی دروستبوون، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی وشە و واتاکانی زمان لەناو دەقی وێژەییدا زۆر زیاتر و گەورەترە لەو ڕۆڵەی لە ژیانی ڕۆژانە و واقعیدا دەیبینێت، چونکە وشە لە وێژەدا لە ماوە و بوارێکی کەمدا گوتن و دەربڕاوێکی زۆر بەدی دەکرێت و بەیەکداچوون و چوونەوەیەکی واتای وشەکان

دەبینین، کە بەو ژمارە کەمەی وشەکان دونیایەکی بێ سنوور و فەزایەکی قووڵ و خەیاڵی بۆ خۆی دروست دەکات، بۆیە زمانی دەق جگە لە بنچینە و ئەفرێنەری بەخشینی هونەری و لایەنی ئیستاتیکا تێیدا، ڕێگایەکیشە بۆ دەرخستنی بەهرە و هونەرمەندی وێژەوان و ناسینەوەی شێواز و جێپەنجەی ئەدیب، چونکە ئەدیبی دووربین سیمای فەرهەنگی و مەعریفی تایبەتی خۆی بەسەر زمانی دەقەکەیەوە بەجێدەهێڵێت.

**پاری دووەم/ ئاوێزانبوون و تێکرژانی وێژەیی:**

لەبەرئەوەی ئەدەب درێژکراوەی زۆرێک لە خاسییەت و تایبەتمەندیی زمانە، هیچ زمانێکیش نییە خاڵی بێت لە کاریگەریی و سوودوەرگرتن لە زمانەکانی تر، ئەدەبیش وەک دیاردەیەکی زمانی درێژکراوەی هەمان تایبەتمەندییە، بۆیە ئەدەب و کولتووری هەر نەتەوەیەك بگری خاڵی نییە لە چێژ و سوودوەرگرتن لە کولتوور و ئەدەبی نەتەوەکانی تر، چونکە خاڵی سەرەکی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەر ئەدەبێك کرانەوەیەتی بەڕووی ئەدەبیاتی جیهانی و کاریگەربوونیەتی بەچەمك و پەیامە مرۆڤایەتییەکانی ئەوان، مێژووی ئەدەبی جیهانیش ئەوەی سەلماندووە کە ئاوێزانبوون و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەدەبی نەتەوەکانی تر دەبێتە هۆی فراوانبوونی ئاستی گەشە و دونیابینینی ئەدیبانی ئەو نەتەوەیە، دواجار بەشێوە و بەرگێکی نوێ ڕەنگدانەوەی کاڵ یان تۆخی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا دەبێت. وەک چۆن باسمان کرد هەبوونی بەریەککەوتن و تێکەڵاوی زمانێک لەگەڵ زمانێکی تر نە لەکییە بۆ زمانی دووەم نە لەنگییە بۆ نەتەوەکەی، بەهەمان شێوە هەبوونی کاریگەریی ئەدەبێك لەسەر ئەدەبێکی تر بە هیچ شێوەیەك مانای سووکی و بێبایەخی ئەدەبی کارتێکراو نییە، بۆیە کارکردن لەم مەودایەدا ناتوانێت نەرێی لەخۆبگرێت، بەپێچەوانەوە هەم هاوبەشی و هاوفکری مرۆڤەکان دەردەخات, هەم هاوکاریشمان دەکات تا لە ڕەوتی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بەرهەمەکانمان باشتر بتوانین لە ناوەڕۆك و هەناویان تێبگەین(عەبدولغەفور: ٢٠١٢، ١١٩)، چونکە بەشێک لە ئەدەبناسی لێکۆڵینەوە لە کارلێکی (تفاعل)ی دەقەکان دەکات، تا لە ڕێگایانەوە بگات بە بنەمای هزرەکان، دواتریش لە ڕاڤەکردنی کۆتاییدا بگەنە بابەت و شتی هاوبەشی مرۆڤایەتی(ماضي "د": ١٩٩٧، ١٦٧).

ئاوێزانبوون و تێکرژانی نێودەقی دەقەکان بەرەو سێ جەمسەری داهێنانی ئەدەبیمان دەبات، ئەوانیش بریتین لە: (نووسەر- دەق- خوێنەر) کاریگەربوونی نووسەران بەیەکتری و چوونەناویەکی دەقەکان، پرۆسەیەکی بەدوایەکداهاتووی ڕێکخراوە، پەیوەندیی بە ئاستی فەرهەنگی و مەعریفی و ئەزموون و خوێندنەوەی نووسەرەوە هەیە، نووسەر تا چەند پاشخانی زمانەوانی و مەعریفی و ئەدەبی دەوڵەمەند بێت،

ڕەنگدانەوەی لەسەر دەوڵەمەندبوونی جیهانبینی بەرهەمەکەی دەبێت. ((نووسەر پێش هەموو شتێك خوێنەرە، کەمتازۆر دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی، ئەو بەرهەمانەش خۆماڵی بن یان بیانی، ئەمەش دیاردەیەك نییە کە پەیوەندیی بە کاتێکی تایبەتەوە هەبێت، یاخود تەنیا هاوملی کۆمەڵێك نووسەر بێت و لە بەرهەمی ئەدەبی کۆمەڵێکی دیاریکراودا بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو نەتەوەیەکدا ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، لە سنووری تایبەتی خۆیدا بە کارێکی ڕەوا لە قەڵەم دەدرێت))(عەلی: ١٩٨١، ٦٧). کەواتە دەق سەرباری سیمای جیاکاری خۆی هەڵگری گەلێك سیمای زمانی دەقەکانی پیش خۆشیەتی. ئەم ئاوێزانبوون و تێکرژانی دەقانەش کاریگەریی خراپ لە ڕەسەنایەتی دەق ناکات، چونکە ئەوەی کە ڕوونە و ساغبووەتەوە لە بونیادی دەقدا ئەوەیە کە هیچ دەقێك نییە سەد لە سەد سەربەخۆ بێت و هیچ دەقێکی دیکە کەمتازۆر کاری تێ نەکردبێت "سۆلێر" لەم بارەیەوە بۆچوونێکی هەیە کە بە بڕوای ئێمە لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندێتی زمانی دەق و زمانی هەر نەتەوەیەکدا دێتەوە وەک دەڵێت: ((دەق موڵکی کەس نییە، بەڵکو موڵکی هەمووانە))(ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٨، ٨٩). هەروەک چۆن زمان موڵکی کەس نییە و موڵکی هەموانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت دەق ببێتە ئامێری وتنەوەی دەقەکانی تر، هەروەک چۆن ئەوە ناگەیەنێت کە زمانی کارلێککراو ڕەسەنی خۆی لەدەستبدات و ببێتە گەیەنەری فەرهەنگی زمانی کاریگەر و هەمان سەدا و ڕوانین و دونیابینی ئەوان دووبارەبکاتەوە، بەڵکو دەبێت بە پاڵپشتی ئەو دەقانە و تێکەڵاوبوونیان ببێتە هەوێنی دروستکردنی فەزایەك کە پەیام و مەبەستی نوێ لەخۆبگرێت و چالاکی نوێ و هاوچەرخ لە خۆی باربکات.

ئەگەر زمانێک چ وەک ڕەچەڵەکی مێژووی چ وەک ئاوێزانی زمانەکانی تر بوونیەتی خۆی دارشتبێت، وەک باسکرا زمانی پوخت و پاڵفتە لە دونیادا بوونی نییە، ئەوا دەقیش وەک کایەیەکی نێو ئەو دونیایە لە ڕێگەی تێکرژان و تێکەڵەی دەقەکانی ترەوە بونیاد نرابێت، واتە لە کۆ دەقێکەوە هاتبێت بۆ پێکهێنانی تاکە دەقێك، ئەوا دەبێت دەرئەنجامەکەشی گەڕانەوە بێت بۆ ئەو کۆ دەقە، کە لە لایەن هەمووانی خوێنەرەوە بەپێی پاشخانی ڕۆشنبیری و ئاستی تێگەیشتنیان پەی بە لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو کۆ دەقە دەبەن. ((هەموو تێکستێك مێژووی هەیە، لە تێکستێکی ترەوە دێت، لە دیالۆگەوە لەگەڵ تێکستی تردا لەدایك دەبێت. هۆشیاری ناو هەموو تێکستێك درێژکراوەی هۆشیاری ناو تێکستی ترە. واتە نوسین بەرلەوەی پەیامێك بێت بۆ دەرەوە و بۆ خوێنەر پەیامێکە بۆ تێکستەکانی دی))(عەلی: ٢٠٠٥، ٤١).

کەواتە دەق شوێنی دابارینی مەعریفە جۆربەجۆرەکانی نووسەرە، چونکە هیچ دەقێك

بێ مەعریفە نابێت، هەموو دەقێك هەڵگری مەعریفەیەكی مەبەستداری خۆیەتی. دەق پێكهاتووە لە كۆمەڵێك نووسراو، هەڵهێنجراو لە كۆمەڵێك گوتاری جۆراوجۆر، نووسەر بەدیهێنەری مەزن و هەڵكەوتەیەكی خولقێنەری نییە، بەڵكو كەسێكی ئاوێتەكارە، ئەو كەسەی كە كەرەستە و ماكە خاوەكانی زمان كۆدەكاتەوە و ئاوێتەیان دەكات، لەم گۆشەنیگایەوە ئەدەبیات تا ڕادەیەك دەبێتە جۆرە دووپاتبوونەوەیەك(ڕجێر وێبستێر: ٢٠٠٦، ١٩١). ئامێزانبوونی دەقەكان پرۆسێسێكی قووڵی بەرهەمهێنانی مانا بەخشینی دەلالـەت و تێكەڵكردنی مەبەستەكانە بەیەكتری، كە تەنیا نووسەرێكی داهێنەر و ئاگادار لە مێژووی فیكر و مێژووی زمان و ئەدەب و مێژووی سیستەمە جیاوازەكانی ئاماژە دەتوانێت ئەنجامیانبدات(قانع: ٢٠٠٤، ٢٣٢) .

نووسەر كاتێك دەنووسێت لە ڕاستیدا دەخوێنێتەوە، كاتێكیش دەخوێنێتەوە لە ڕاستیدا دەنووسێت، نووسین و خوێندنەوە دوو بواری مەعریفی بەدوایەكداهاتووی یەكترن، پرۆسەی نووسین جۆرێكە لە گوتاری بە بیرهێنانەوەیی دەقە خوێندراوەكانی پێشوو، پرۆسەی خوێندنەوەش گەڵاڵەكردنی دەقە نووسراوەكانی داهاتووە، هەر وەك "دریدا"ش دەڵێت: ((من لە كاتی نووسیندا دەخوێنمەوە، بەهێدی، بە چێژوەرگرتن لە دەركەوتە دوور و درێژەكان كە هەموو زاراوە و دەستەواژەیەك چێژەكانی خوێندنەوە. هەموو خوێندنەوەیەك نووسینێك، هەموو نووسینێك خوێندنەوەیەك))(ڕۆلان بارت: ٢٠٠٧، ١٨). نووسەر پێش ئەوەی نووسەر بێت خوێنەرە، خوێندنەوەش مانای ئەوەیە لە سەرچاوەی هەمەجۆر لە نەستا كەڵەكە دەبێت، ئیتر ئەو كەڵەكەبوونە لە هەستا بۆ جارێكی تر دێتەوە و ڕەنگدەداتەوە(یەعقوبی: ٢٠٠٩، ١٠٦). كەواتە نووسین وەك كردەی داهێنان، هێنانەوەی دەقی خوێندراوە لە فۆرم و شێوەی جیاجیا، هێنانەوەی ئەو زانیارییانەیە كە لە بنەستی نووسەردا نیشتوون، ئەمەش مانای ئەوە نییە كە نووسەر نەستی خۆی بكاتە كێڵگەی دەقەكانی تر، هەستی خۆشی بكاتە هۆكارێك بۆ گەیاندنی دەقاوەدەقی ئەو دەقانە، چونكە نووسەری سەركەوتوو دەبێت خاوەن زمان و شووناس و ناسنامەی تایبەتی خۆی بێت، دەقە خوێندراوەكان بكاتە خزمەتی ئەزموونی ئەدەبی خۆی، نەك خۆی بكاتە خزمەتی دەقەكان.

لە كۆتاییدا دەڵێین ئەگەر تێكەڵاوبوونی زاراوەكان و چوونەناویەكی زمانەكان، قەدەری هەموو زمانێك بێت، زمانیش وەك كەرەستەی ئەفراندنی دەق و دەقیش وەك پێكهاتەیەكی دەلالی زمانی، بێشك دەبێتە لانكەی بەیەكداچوونی فەرهەنگی و كێڵگەی كۆچكردنی وشەكان كە دەربڕی بیرۆكەكانن، ئەمەش جێگای سەرنجی توێژەرانی بەراورد و دەستپێكی لێكۆڵینەوە بەراوردكارییە زمانییەكانە.

## دەقئاوێزان Intertextuality

یەکێك لەو چەمکە گرنگانەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی نوێدا سەریهەڵدا چەمکی "دەقئاوێزان"ە، کە پاشتر وەك میتۆدێکی توێژینەوە و بەراوردی دەق ناسێنرا. زاراوەی دەقئاوێزان وەرگیراوی زاراوەی فەرەنسی "intertext"ەو کە "inter" لە فەرەنسیدا بە واتای ئاڵو وێر دێت، بەڵام وشەی "text" لە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا ئاماژەیە بۆ دەق، کە لە بنچینەدا لاتینییە "textus" بەواتای چنراو یان چنین دێت، هەروەها دەقئاوێزان "intertextuality" لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە: ((هەڵمژینی دەق بۆ دەقەکانی تر، لەگەڵ زیادە و کەمی و گۆڕان و گواستنەوەدا، بەشێوەیەك وا لە دەقێك دەکات بە دەقەکانیتر کە لە ژماردن نایەن دووبارە ببێتەوە))(قادر: ٢٠١١، ١٣).

میتۆدی دەقئاوێزان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا وەك بەرپەرچدانەوەیەك بەرامبەر بە میتۆدی بونیادگەری و خوێندنەوەی داخراوی دەق هاتەئاراوە، دژی هەموو ئەو تێڕوانین و شیکردنەوە و بۆچوونانە وەستایەوە، کە پێیوابوو دەق بونیادێکی سەربەخۆ و داخراوە و تەنیا خودی خۆی بەسە بۆ شرۆڤەکردنی و هەڵهێنجاندنی واتایی. دەقئاوێزان بابەتێکی نوێی ڕەخنەیی جیهانییە، گەلێك لە نووسەر و تیۆریستان گفتوگۆ و بیر و بۆچوونی خۆیان لەسەر دەربڕیوەو لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر کردووە، کە بووەتە بناغەیەکی پتەو بۆ گەشە و نمای ئەم میتۆدە، کۆی هەڵهێنجاندن و بیر و بۆچوونی ئەم میتۆدەش بۆ دەق، لەسەر ئەوە کاردەکات کە هەموو دەقێك بەرئەنجامی تێکرژان و بەیەکداچوونی کۆمەڵێك دەقی پێش خۆیەتی، دەقی ئەدەبی وەك دیالۆگێك یان گوتارێکی لێکدانەبڕاوی مێژووی سەیردەکات، یان هەموو دەقێك درێژکراوەی دەقەکانە، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەژێر سێبەر و کاریگەریی دەقەکانی پێشووترە، کە ئەمەش بەواتای کۆکردنەوەی وەکیەکی کەرەستە زمانییەکان نایەت و بەواتای پرۆسەی دەقاودەقی و "کۆپیکردن" و وێکچوونی تەواوەتی نێوان دەقەکانیش نایەت، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت دەقەکانی پێشووتر دەبنە هۆی لەدایکبوونی دەقی نوێ و هیچ دەقێك ناتوانرێت دابڕاو و کەنارگیر لێی بڕوانرێت، هەموو دەقەکان کۆکراوەی دەرئەنجامی کاریگەریی کۆمەڵێك دەقی پێشووتری یان هاوچەرخی خۆیەتی.

سەرەتای لێکۆڵینەوەکان لەسەر دەستی "میخائیل باختین" لەسەر ڕۆمان دەستپێکردووە، کە لە ساڵی "١٩٢٨- ١٩٢٩" زاراوەی "دانوسانکاری" بەکارهێناوە و بڕوای بەوە هەبووە کە تەنانەت یەك وشە توانای دانوستانی تێدا هەیە(ئەڵوەنی"د": ٢٠١٢، ١١). باختین پێی وایە ((هەرچی وتراوە لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەمووی لەسەر وتەی پێشووتری خۆی بونیادنراوە، واتە هیچ دەربڕینێك نییە کە پەیوەندیی جەوهەریی تەواوی بە دەربڕینێکی ترەوە نەبێت))(محمدامین: ٢٠٠١، ١٤٧).

هەر بۆیە لە ساڵی "١٩٦٦-١٩٦٧" زانای فەرەنسی بە بنەچە بولگاری "ژولیا کریستیڤا" لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی "باختین"دا پەرەی بەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە داوە و لەباتی زاراوەی دانوسانکاری "باختین" "Dialogisme" یان فرەدەنگی"Polyphoniq" (التفاعل السوسیو لفظي) دەقئاوێزانی"Intertextuality" بەکارهێناوە، بەمەش بۆتە داهێنەری ئەم زاراوەیە و وەك چەمکێکی ئەدەبی هێنایە ناو دونیای ئەدەبناسی و پیادەی کرد(محەمەد"د": ٢٠٠٦، ٨). "ژولیا کریستیڤا" پێی وایە دەقئاوێزان یەکتربڕین و بەیەکداچوونی چەند دەقێکە بۆ ناو پێکهاتەی یەك دەق، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی کاریگەری و کارلێککراو لەنێوان ئەو دەقانەدا و ململانێی دەسەڵات لەنێوان دەقەکانی پێشوو دەق بەرهەمهاتوودا(سعدالله"د": ٢٠٠٧، ١٢٤).

واتە دەق لای "ژولیا کریستیڤا" چنینێکی دەستەواژەیی زمانی داخراو نییە، وەك ئەوەی هەندێك لە میتۆدەکانی پێشووتر بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵەیەك لە شەپۆلی بیر و هزری شارستانی و جیهانگیری و ئاگابوون لەیەکتر لەڕێگەی زمانەوە دروستدەبێت. بۆیە پێی وایە کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆری دەق هەن بەشێوەی فرە واتا و فرە دەنگ و ئامرازو کەرەستەی جیاجیا دەستیان لە خولقاندنی دەقدا هەیە، ئەمەش لەڕێگەی پرۆسەی گواستنەوەو یەکگرتنەوەی دەقەکان بە پاڵپشتی دەستەواژەیی زمانی دەقەکانی پێشووتر وادەکات دەقێکی نوێ بێتە بەرهەم، کە کۆکراوەی واتایی سەرجەم دەقەکان بێت و هیچکام لە وەکیەکی دەقەکانی پێشووتریش نەبێت.

"رۆلان بارت" لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی "کریستیڤا"وە گەشەی بە کارەکانی داوەو فراوانیکردووە و ڕوونیکردووەتەوە، کە دەقئاوێزان چارەنووسی هەموو دەقێکە، بە بڕوای ئەو دەقئاوێزان بریتییە لە ((دووبارەکردنەوەی دەق بۆ دابەشبوونەوەی زمان، هەموو دەقێك هیچ نییە جگە لە چنینێکی تازەی بینینی پێشووتر))(سعدالله"د":٢٠٠٧، ١٢٥). یان ((دەق چنینێکی تەواوە لە ژمارەیەك وەرگرتن و سەرچاوە و دەنگدانەوەی زمانی ڕۆشنبیریی پێشوو یاخود هاوچەرخ و دیالۆگ لەگەڵ دەقدا دەکات))(مەحمود"د": ٢٠١٢، ٤٣). دیارە بە وەرگرتن و ڕێکخستنی هەندێك لەو دەقە هەڵبژێراوانەی مێشکی نووسەر دەقی نوێ دەخولقێت، بۆیە بەلای "بارت"ەوە دەق قەوارەیەکی داخراو و دابڕاو نییە، هەمیشە کراوەیە، ئەم کراوەییەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ بونیادنانی خۆی و بوون بە سەنتەری بۆ لەدایکبوونی دەقی تر، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین دەقئاوێزان ئامادە و ڕەنگدانەوەی لەناو هەموو دەقێکدا هەیە بە پلەو ئاستی جیاواز. کەواتە خوێنەر کاتێك دەقێك دەخوێنێتەوە لەڕاستیدا تەنیا دەقێك نییە، بەڵکو لە ناواخنیدا لە شێوەی هێشووە دەقە و هەڵگری کۆمەڵێك دەقی ترە، ئەم دەقانە لەناو خۆیاندا

کەوتوونەتە دیالۆگ و بەریەککەوتن تا ئەم دەقە نوێیەیان هێناوەتە بوون، هەروەک چۆن کاتێک قسەکەرێک قسەدەکات، لە ڕاستیدا تەنیا وشەی فەرهەنگی زمانی خۆی بەکارناهینێت، بەڵکو لە هەناویدا لە شێوەی هێشووەوشەی فەرهەنگیدا هەڵگری کۆمەڵێک وشە و زاراوەی زمانەکانی ترە، ئەم هاوبەشێتییەش لەناو خۆیاندا دەکەونە ئاڵوگۆڕ و ئاسانی فێربوونی زمانی دووەم و ڕەوینەوەی نامۆیی زمانی.
"جیرار جنێت"یش زاراوەی دەقئاوێزان تایبەتدەکات بە بوونێکی هاوبەشی دوو دەق یاخود چەند دەقێك بەواتایەکی دیکە تایبەتی دەکات بە ساکاری ئامادەبوونی دەقێك یاخود چەند دەقێك لە دەقێکی دیکەدا بە شێوەی ئامادەبوونێکی کارەکی، لە کتێبەکەیدا "اطراس" ساڵی "١٩٨٢" دەڵێت: ((ناتوانین بەبێ شوێنەواری دەقی کۆن بنووسین))(مەحمود"د": ٢٠١٢، ٤٢).
کەواتە دەقئاوێزان دەنگدانەوەی دەقێك یان کۆمەڵە دەقێکە لە هەناوی دەقی تازە بەرهەمهاتوودا. موتوربەکردنی دەقێکە بە دەقێکتر یان زیاتر، بەرئەنجامی تێکەڵاوبوون و کۆکردنەوەی دەقێك یان کۆمەڵە دەقێکە لە تاکە دەقێکی ئامادەدا.
لەڕاستیدا دیاردەی دەقئاوێزان لەناو چنینی دەقەکاندا، دیاردەیەکی زمانی چڕ و پڕ و تێکڕژاو و ئاڵۆزە، ئەم میتۆدە هۆیەکی باشە بۆ دۆزینەوەی سێبەری سەرچاوەکان و پاشخانە مەعریفییەکانی نووسەر، پشت بە ئاستی ڕۆشنبیری و توانای دەرکپێکردن خوێنەر و فراوانی زانیاری دەبەستێت. بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە بەرهەمهێنانی هەر دەقێك دەرئەنجامی ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی نووسەرەکەیەتی و هێزی ئەدەبی و واتاکانی لە سەرچاوە دەرەکییەکانی و نووسراوە خوێندراوەکانی پێشتر هەڵدەگۆزێت و دەیگۆڕێت بە ئەزموونی نوێ و وێنە و دەقی ئێستایی، هەر ئەمەشە وا لە خوێنەر دەکات بەو شێوەیە لە دەق بڕوانێت، کە تەنیا یەك دەقی زمانی داخراو و سنووردار ناخوێنێتەوە، بەڵکو لە پێکهاتەو بونیادی زمانی دەقی بەردەستیدا دەیان دەق و بگرە زیاتریش ئامادەیی هەیە، کە هەر جارەو بەشێوەیەك بەر یەکێکیان دەکەوێت، هەر ئەمەشە وادەکات ئاستی ئەدەبی و پلەی داهێنانی هەر دەقێك لە دەقێکی تر نەچێت و جیاواز بێت. بۆیە ئەگەر خوێنەر لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا زۆرترین ڕێژەی دیاردەی دەقئاوێزانی تێدا بینییەوە و دەرکی بە سەرچاوە جیاجیاکانی دەقەکە کرد، ئەوا بە واتای نیشانەی کەموکورتی و لەکی نووسەرەکە نایەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆیەك بۆ تێگەیاندنی خوێنەر و بەئاگایی نووسەر لە سەرچاوە جیاوازەکاندا، چونکە ئەم میتۆدە تێگەیشتن و شیکردنەوە و خوێندنەوەشی دەخاتە ئەستۆی خوێنەر و ڕەخنەگر، چونکە دەقئاوێزان تۆڕێکە لە پەیوەندییە ناوەکییەکان و بە ئاکام گەیشتنی گوتارە جۆر بەجۆرەکان، کە لە ئەنجامی بەیەکداچوونێکی قووڵ و بەهێزەوە دەستەبەر

ئەبن، لە زۆر سەرچاوەی هونەری و شارستانییەوە وەردەگیرێن و ئەبنە جۆرە تەرزێکی تایبەت و پێکهێنانی مەودای ستاتێك و نوێکاری هونەری لە زماندا(محمدامین: ٢٠٠١، ١٤٦-١٤٧).

بەکورتی دەقئاوێزان چەندە دیاردەیەکی چارەنووسسازی زمانی هەر دەقێکە، هێندەش پەیوەستە بە خوێنەرەوە بە کۆکردنەوە و لێکدانی هەردووکیان پرۆسەکە کامڵ دەبێت.

## پاری سێیەم/ زمان وەک ئامرازی مانەوەی خەیاڵ و لێکچوونی بێئاگا "تیپۆلۆگی" لێکچوونی بێئاگاUnconscious Similarity

یەکێك لەو دیاردە ئەدەبیانەی کە جێگای سەرنجی زۆرێك لە توێژەرانی ئەدەبی بەراورد بووە، لێکچوونی بێئاگاییە. باسکردنی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەدەبی بەراوردکاری (سەدەی نۆزدەیەم)، بەپێی ڕاوبۆچوونی زانایان و قوتابخانە بەراوردکارییە جیاوازەکان هەڵگری تێگەیشتنی جیاواز بووە، بەوەی ئایا لەو کولتوور و ئەدەبانەی زۆرترین ڕووی لێکچوونیان لە نێواندا هەیە بەبێ هیچ ڕایەڵەیەکی پەیوەندی و کاریگەری دەچنە ناو خانەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری زانستییەوە؟! ئایا دەکرێت توێژەری بەراورد خۆی بۆ لێکچوونی سروشتی نێو ئەدەبەکان تەرخانبکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەگوێرەی تێڕوانینی زانایانی بواری بەراورد وەڵام و هۆکاری جیاوازمان دەستدەکەوێت، هەر بۆ نموونە "دیما" پێی وایە کە نابێت تەنیا لێکۆڵینەوە لەو ئەدەبانە بکەین کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە. دەشێت لەڕووی پۆلێنکردنەوە چوونییەکی لە دیاردەی ئەدەبی ئەو گەلانەدا هەبێت، کە پەیوەندی کولتووری ڕاستەوخۆ و هاوبەشیان نییە(دیما: ٢٠١١، ١٤) .

لەسەدەی نۆزدەیەمدا ئەم دیاردەیە پشتگوێخرابوو، لەڕاستیدا زۆر سەیر و مایەی سەرسوڕمانە، یەکێك لە زانا بەراوردکارە بەناوبانگەکانی وەك "ڤێلمان" لە سەرەتاکانی ناساندنی بەراوردکاریدا زۆر بە خوێنساردی و بێ بایەخ سەیری ئەم دیاردەیەی کردووە و پێی وابووە: نووسەر- بەراوردکار سەرقاڵی هەندێك وردەکاری دەبێت بۆ ئەوەی جیاوازی دەربخات، یان هەندێك سیما لەژێر ناوی لێکچووندا بدۆزێتەوە. بەڵام دواتر ئاوڕ لەم دیاردەیە درایەوە، کە لەچاو مەیدانی پەیوەندیی سەرچاوە و کاریگەری کەمتر کاری لەسەر کرابوو، زۆر دەمێك نییە ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەتی لە کۆنگرەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بەراوردکاری ساڵی "١٩٦٧" لە بەلگراد (پایتەختی سربیا)، کە گەلێك لێکۆڵینەوە لەبارەی لێکچوونی بێئاگا (هاوبەشی پۆلێنکاری) و هەندێ ڕێبازی ئەدەبی وەك: ڕۆمانتیزم، ڕیالیزم و قوتابخانە پێشڕەوەکان پێشکەشکران(دیما: ٢٠١١، ١٣٥-١٣٧).

توێژەر دەبێت هەمیشە ئاگاداری ئەو ئەگەرانە بێت، کە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی بەرزی لێکچوونن، دەشێت لە هەلومەرجی هاوشێوەدا بێتەدی، واتە بەبێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەق لەوی دی، بەڵکو تەنیا هەلومەرجەکان لێکدەچن(هاڵبێرگ: ٢٠١٠، ١٦٢). زۆرجار لێکچوونی زروفی دوو وڵات و باری ناهەمواری دوو نەتەوەی ستەمزەدە و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و چینایەتی و سایکۆلۆجی و تەندروستی دوو نووسەر، دەبنە هۆی ئەوەی کە دوو بەرهەمی ئەدەبی بەبێ ئەوەی خاوەنەکانیان ئاگاداری یەکبن، لەیەکبچن، ئەم لەیەکچوونە بۆ ئاگاداربوون و سوودبینین ناچێتەوە، بەڵکو بۆ ڕێکەوت و ڕەنگدانەوەی بارێکی وەکو یەك دەچێتەوە(گەردی"د": ١٩٧٨، ١٢٩). کەواتە مەرج نییە ڕایەڵەیەك بۆ دروستبوونی کاریگەری هەبووبێت، بەڵکو دەشێت موعاناتێکی مرۆڤانەی هاوبەش یان هەلومەرجێکی هاوشێوەیی لەنێو نووسەراندا لە ئارادا بووبێت، دواجار بووبێتە هۆی وروژاندنی هەستێکی هاوشێوە و بەرهەمهێنانی وێنەیەکی هاوبەش لە خەیاڵێکی هاوخەم و هاوموعانات. بۆیە هەندێك لە نووسەران لەناو جیهانی داهێنانی ئەدەبیدا وێنەی هاوشێوەییان لێ دەبینرێت، ئەم لێکچوون و هاوشێوەییە سنووری جوگرافی ناناسێت و پەیوەستە بە زیندەگی مرۆڤەکان و چۆنێتی کاردانەوە و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەوروبەر و سروشت و کۆمەڵ.

"یۆنگ" (Jung) بە سوودوەرگرتن لە "فرۆید" جگە لە گرنگیدان بە نەستی تاك و جەختکردنەوە لەسەر لایەنی نائاگایی، بەتوندی تاکی پەیوەستدەکرد بە لایەنەکانی کۆمەڵ و مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە (("یۆنگ" لە تیۆرەکەی خۆیدا دەروون بۆ سێ بەش دابەشدەکات، یەکەمیان "من" کە لەگەڵ نائاگاییدا پێناسەی دەکات، دووەمیان نائاگایی شەخسییە کە هەموو ئەو یادەوەری و هەست و سۆزە چەپێنراوانە دەگرێتەخۆی کە لە ژیاندا ئەزموونیان دەکات، سێیەمیان نائاگایی دەستەجەمعییە کە بە میراتی دەروونی ناوزەند دەکرێت))(یۆنگ: ٢٠٠٥، ١٤). کەواتە "یۆنگ" بە دامەزرێنەری چەمکی نائاگایی کۆ دادەنرێت، کە چەمکێکی ڕووبەر فراوان و کاریگەرە، کۆگایەکی پڕ لە هەڵگیراوە، پڕیەتی لە شتە جۆربەجۆرەکانی پێشین و ((بریتییە لەو نائاگاییەی کە ڕابردووی تاك و کۆمەڵانی خەڵك دەگرێتەوە، لەڕووی ڕەگەز و نەژاد و بنچینەوە بگرە تا دەگاتە کولتووری هاوبەش و سەردەمی پێش مرۆڤایەتی. ناوەڕۆکی ئەم نائاگاییە گەلەکییە لە ڕێگای بۆماوەیی سەمبۆل و پێکهاتووەکانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە. نائاگایی هەر تاکێك لە هەر کۆمەڵێك دەیگری نموونەیەکی بچووکی نائاگایی و ڕابردووی ئەو کۆمەڵەیە))(عومەر: ٢٠٠٦، ١١٣). بۆیە بەپێی بۆچوونی "یۆنگ" پرۆسەی داهێنان بە هەموو جۆرەکانییەوە بە "نائاگایی کۆ"وە پەیوەستە، ئەم نائاگاییە سەرچاوەی داهێنانی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و

کارێکی هونەرییە، واتە هەر بەرهەمێك کە لە لایەن ئەدیب و هونەرمەند و شاعیرانەوە پێشکەش دەکرێت سەرچاوەی داهێنانەکەی بۆ "نائاگایی کۆ" دەگەڕێتەوە(ئیسماعیل: ٢٠١١، ٩٦).

کەواتە داهێنان لای "یۆنگ" ((ئەو پرۆسە دەروونییەیە کە هونەرمەند و ئەدیبان هەندێك لە بینراو و بەسەرهات و ڕووداو و کارەساتە سەرسوڕهێنەرەکانی نەستی کە دەیانبینن لە ڕێگەی میکانیزمی خستنەسەرەوە بۆ بابەت و داهێنانی هونەریی و ئەدەبی دەیانگۆڕن... هونەرمەند و ئەدیبان خاوەنی جۆری کەسایەتی تایبەتی خۆیانن، ئەویش جۆری "ئیلهام" و "حدس"ە، کە لای کەسانی تر نییە، تەنیا هونەرمەند و ئەدیبان دەتوانن لە کاتی بەئاگاییدا بۆ قوولایی "کۆنەست" شۆڕببنەوە))(قەرەچەتانی"د": ١٩٩٩، ٤١). بە شۆڕبوونەوەشیان بگەڕێنەوە بۆ ژمارەیەکی بێ پایان لە مەعریفەی نیشتوویان، کە لە ڕابردوودا بە دەستیان هێناوە و لە نائاگایی کۆدا هەڵگیراون، جارێکیتر لە دۆخی ئاگاییدا دەگەڕێنەوە سەری و دەیکەنە بەرهەمێکی داهێنراو، چونکە هەموو دەقێك جۆرێکە لە گوزارشتکردن لە نائاگایی کۆ. کەواتە ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لە میراتییەکی نەستی بۆماوەییدا هاوبەشبن، کە درێژکراوەی ئەفسانە و قۆناغی منداڵی مرۆڤە، دەبێت لامان ئاسایی بێت کە لێکچوونی میراتییەکی نەستی لە دوو مرۆڤدا یان دوو نووسەردا ببینینەوە، دواجار ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی دوو جیهانبینی هاوبەش و لێکچوون و نزیکایەتییەکی بێ پەیوەندی.

"هیپۆلیت تێن" "Hippolyte Tain ١٨٢٨- ١٨٩٣" گەورە فەیلەسوف و بیرمەندی فەڕەنسی سەدەی نۆزدەیەم، باوەڕی بە کاریگەریی بێ ئەملاولای ژینگە هەبوو لەسەر ئەدەب، لەپێشەکی کتێبی "مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی"دا تیۆرییەکەی خۆی لە پەیوەندیی لەگەڵ کاریگەریی وەرگرتنی ئەدەب لە هۆکارەکانی ڕەگەز، کات، ژینگە، ئاشکرا دەکات. بەڵام تیۆرییەکەی لەبارەی ڕەگەزەوە ئەوەیە کە هەر ڕەگەزێك تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە تاکە جیاوازەکانیدا دەبینرێن. بۆیە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکیش، تایبەتمەندی تایبەتیی ئەو نەتەوەیەی هەیە(کەفائی: ٢٠١١، ٤٨). لەبەرامبەریشدا "سانت بیڤ"ی (مامۆستای تێن) پێی وایە نابێت بە شێوەیەکی ڕەها مامەڵە لەگەڵ تیۆرییەکەی (تێن) لەبارەی ڕەگەز و کات و ژینگەدا بکرێت، چونکە ڕاڤەکەی (تێن) ناتوانێت دەستی بگات بە کەشفکردنی ئەوەی لە سروشتی نووسەردا زاتی (ناوەکی)وە جەوهەرییە، چونکە لێرەدا دەروونێکی دیاریکراو یان حاڵەتێکی زەینی دیاریکراو بووەتە هۆی بەدیهاتنی ئەو بەرهەمە هونەرییە، چونکە هەمیشە خاڵێکی کۆتایی و قەڵایەکی کۆتایی هەیە کە ناکرێتەوە. نووسەر بوونەوەرێکی سادە نییە، ئەو تەنیا هاوێنەیەکی سادە بۆ کۆکردنەوەیەکی ڕوناکی نییە لە خاڵێکی دیاریکراودا، بەڵکو تایبەتمەندیی

تایبەتیی خۆی و جەوهەری ناوکی تایبەت بە خۆشی هەیە(کەفائی: ٢٠١١، ٥٤). کەواتە لێکچوونی بێئاگا بارێکی لێکچووی مێشکییە، یان پرۆسەیەکی هاوبیری مێشکییە، بەهیچ شێوەیەك ئاگایی نییە و بەتەواوی جیاوازە لە ئاگایی(J.A. Cuddon: ١٣٨٥, ٩٦٤). بۆ نموونە نووسەری ڕۆمانی "مایۆریسکۆ" لە ڕۆژمێرەکەیدا ساڵی ١٨٥٨ ئاوا باسی خۆی و "گۆتە"ی شاعیری ئەڵمانی دەکات: ((لەمێژووی گەشەسەندنی گیانی ئەودا، هەندێك سیمای وا هەن، کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وەك ئەوانەی من وان.. زیاد لەمەش لەوە دەچێت کە لە ڕۆحی منیشدا نەشونمایان کردبێت))(دیما: ٢٠١١، ١٤١).

لەڕاستیدا ئەم جۆرە لێکچوونە ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشتردا تا ڕادەیەك قبووڵکراو بووبێت، ئەوە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی سەردەمی نوێ و دونیای پیشەسازی و تەکنەلۆژیا کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەخۆیەوە بینی، هەر لە پەیدابوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و کارئاسانی هاتوچۆ و بڵاوکراوەکان، ڕێژەی ئەم جۆرە لێکچوونەی تا ڕادەیەکی زۆر دابەزاند. کاتێك کە ژیانی مرۆڤ و داهێنراوەکانی گەشەدەکەن و هاوڕێ لەگەڵ ئەم داهێنان و گەشەکردنانە، حەز بۆ زێدەخوازی پەرەدەسێنێت و بەرئەنجامی ئەمەش داگیرکاری و دروستبوونی پەیوەندیی لەنێوان هەست و سۆز و بۆچوونەکان بێت، ئیدی باسکردن لە مرۆڤی تەنیا و هەستی پوخت، ئەو ڕەهاییەی جارانی نامێنێت و لێرەوە هەستی هەریەکە دەتوانێت بریتیبێت لە هەستی کەسێکی تر کە بەئاگاییەوە لاسایی دەکرێتەوە، چونکە وەك "ئەرستۆ" دەڵێت: ((مرۆڤ حەزێکی زۆری بۆ لاسایکردنەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو لاسایکردنەوەیە کە هاوڕێ بێت لەگەڵ وەرگرتنی چێژێکی تایبەت))(عەبدولغەفور"د": ٢٠١٢, ٧٨-٧٩).

بە بڕوای ئێمە هۆکاری بەشێك لەو لێکچوونە بێئاگاییە هاوبەشانە کە لەنێوان دوو نووسەر یان زیاتردا کە لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا بوونیان هەیە، بۆ پەیوەندییەکی سەرچاوەیی هاوبەش کە مێژووەکەی بۆ پێش مێژووی هەردوو نووسەرەکە دەگەڕێتەوە. واتە ڕایەڵەیەکی سەرچاوەیی و کاریگەردانەری پێشین لەسەر هەردووکیان بوونی هەیە و بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی وێنە و دەربڕینی لێکچوو و هاوبەش، ئیتر با ئەو دوو نووسەرەش هیچ پەیوەندییەکیان لەنێواندا نەبێت. بۆ نموونە لەنێوان هەردوو شاعیری ناوداری کورد "مەلای جزیری" (١٥٧٠- ١٦٤٠) و "مەولەوی" (١٨٠٦-١٨٨٢)، کە سەر بە دوو کات و زاری جیاوازی زمانی کوردین، وەک زانراویشە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا بوونی نەبووە، بەڵام بەهۆی سەرچاوە و پاشخانی مەعریفی و کولتووری ئایینی ئیسلامەوە گەلێک وێنەی لێکچوو و دەربڕاوی ئەدەبی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، هەر بۆ نموونە:

مەلای جزیری دەڵێت:

عیدە و حەبیبێ نەزرەلێ، یان دێ ب قوربان بێ مەلێ
یا ڕەب ببینم ڕۆژ هەلێ، سکین د دەست قەساب دا

واتە: ئەوا جەژنە و خۆشەویستەکەم بڕیاری داوە نەزرێ بکات، مەلای هەڵبژاردووە بیکاتە قوربانی. خوایە ڕۆژ هەڵبێت و چەقۆ لە دەستی قەسابدا ببینم.

مەولەوییش دەڵێت:

مەرد پەی "ئۆسادەی" بێ درێغەکەت
"بسم الله"، "تکبیر" دەس بە تیغەکەت
پەی قوربان کەردەی ناڵە نەی ڕەنگ بەی
چێش مبۆ ئەو بەی؟ وەی پەی من ئەرنەی

واتە: مردم بۆ ئەوە کە بفەرمووی بە قەساب (دەس بە تیغ) خۆی ئامادە بکات و کێردەکەی بگرێت بەدەستییەوە و دەست بکات بە "بسم الله" و "الله اکبر" کردن بۆ سەربڕینم. چی ئەبێت ئەگەر بێتو منێک کە ناڵەم لە ناڵەی نەی دەچێت و ڕەنگم وەک بەی وایە، بمکەی بە قوربانی؟ هاوار بۆ من ئەگەر نەیەیت. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ساڵح: ٢٠٠٨, ١٥).

## ئەنجـام

١-وەک چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤێک نادۆزینەوە کاریگەریی مرۆڤەکانی تری لەسەر نەبێت، ئاواش لە ژیانی زمانیدا زمانێک لە جیهاندا نادۆزینەوە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنی زمانیدا کاریگەریی زمانەکانی تری لەسەر نەبووبێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاوێزان و تێکەڵاویی و بەریەککەوتنی لەگەڵ زمانێکی دیکەدا نەبێت.
٢-ئەگەر بۆ زمانەکانی تر لەکی و کەموکورتی نەبێت کە بەر زمانێکی تر دەکەون و سوود لە زمانێکی تر وەردەگرن و فەرهەنگی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند دەکەن، ئەوا بۆ زمانی کوردیش نەک هەر لەکی و کەموکورتی نییە، بەڵکو نیشانەی زیندوێتی زمانی کوردی و خۆگونجاندنییەتی لەگەڵ دونیای نوێ و وشە و داهێنانە نوێکانی سەردەم، بەڵام زۆرجار چ لە لایەن توێژەرانەوە، چ لە لایەن قسەپێکەرانییەوە بێ ئاگا لە ئەزموونی ژیانکردنی زمانی نەتەوەکانی تر، زمانی زۆرێک لە نەتەوەکان، ئەم تێکەڵاوی و ئاوێزانەی زمانی کوردی بە زمانەکانی تر وەک نیشانەی کەموکورتی و عەیبەی زمانی لێیان ڕوانیوە، کە دیدێکی هەڵەیە و پێویستە لە هەڵسەنگاندنەکانیان لە چوارچێوەی تێگەیشتنی زمانە جیهانییەکاندا بێت، کە ئەگەر لە هیچ زمانێک داوا نەکرێت کە پاڵفت و پاراو و

هەر خۆی بێت، ئیتر بۆ دەبێت ئەو داوایە لە زمانی کوردی بکرێت؟! لە کاتێکدا هیچ زمانێکی تر ناتوانێت ئەم داوایە بهێنێتە دی، ئیتر چۆن زمانی کوردی بتوانێت بیهێنێتە دی؟!

٣-دەقئاوێزان وەک میتۆدێکی ڕەخنەی نوێ، کار لەسەر چوونە ناوەکی نێودەقی و بەرکەوتنی دەقەکان دەکات، کە دەکرێت دەقێک لە کۆمەڵە دەقێکی ترەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەروەک چۆن دەکرێت زمانێک لە خێزانە زمانێکەوە سەرچاوەی گرتبێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئاوێزانی نێودەقی هێندەی بۆ پێکهاتەی دەق و ئەم تایبەتمەندییەی زمان دەگەڕێتەوە، نیو هێندە بۆ پاشخانی پاشخانی مەعریفی نووسەر و بەرکەوتنی نووسەر بە دەقەکانی تر ناگەڕێتەوە، لێرەشەوە دەقئاوێزان مۆرکێکی وێکچوونی زمانی وەردەگرێت، کە هێندەی ڕووی لە زمانی دەقە هێندە ڕووی لە ئایدیای نووسەر نییە.

٤-وێژە کارکردنێکی هونەریی زمانی وێژەوانە، لەم ڕوانگەیەوە درێژکراوەی تایبەتمەندیی "زمان" ی هەیە، کە مادام خودی زمان بەر زمانەکانی تر دەکەوێت و تێکرژانی زمانی دروست دەکەن، زمانیش ڕەگەزێکی گرنگی وێژەیە، بۆیە ئەم خاسیەتەی خۆی بۆ ناو وێژە درێژ دەکاتەوە، بۆیە وێژەش دیاردەی تێکرژان و بەریەککەوتنی بە وێژەکانی تر دەبێت و کەمتازۆر وێکچوون و ئاوێزانبوونی هاوبەش دروست دەبێت.

٥-ئەگەر لێکچوون و هاوبەشی هەندێک وشە و زاراوە لەنێوان هەندێک لە زمانەکان بۆ هاوبەشی مێژووی و هاوخێزانە زمانی بگەڕێتەوە، ئەوا بەشێک لە لێکچوون و دیاردە و وێنە و بیرە وێژەییەکانیش بۆ هاوبەشی موعاناتی ئەدیبان و لێکنزیکی شوێنی ژینگە و کەشوهەوای هاوبەشی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییان دەگەڕێتەوە، ئیتر با ئەو ئەدیبانەش بەریەک نەکەوتبێتن، بەڵام مادام سەرچاوەی کاریگەرییان و وەک یەکە مۆتیڤ و وێنە و هەندێک دیاردەی تریان وەک یەک دەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان

**کتێب:**

**بە زمانی کوردی:**
-ئەوڕەحمانی حاجی مارف"١٩٧٥"، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
-ئەوڕەحمانی حاجی مارف"١٩٧٩"، مۆرفۆلۆژی- ناو-، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کۆڕی کورد، بەغداد.
-ئازاد ئەحمەد مەحموود(د)"٢٠٠٩"، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، لێکۆڵینەوەیکی تیۆری پراکتیکی شوازگەراییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
-ئالیکساندەر دیما"٢٠١١"، پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد، و: ئەنوەر قادر محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
-بەختیار عەلی"٢٠٠٥"، خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
-پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر"٢٠١٠"، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
-جەمال نەبەز"٢٠٠٨"، وەرگێڕان هونەرە، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی کوردستان (دەزگای ڕاگەیاندن)
-حەکیم مەلا ساڵح"٢٠٠٨"، مەولەوی و تەقینەوەی زمان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
-دڵشاد عەلی"١٩٨١"، دیلان، شاعیر و ئازادیخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی نووسەران)، بەغداد.
-رۆلان بارت"٢٠٠٧"، چێژی دەق، و: ئیسماعیل زارعی، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، هەولێر.
-ڕاجێر وێبستێر"٢٠٠٦"، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی (پێناسەیەکی پوخت)، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
-زاهیر ڕۆژ بەیانی"٢٠٠٨"، چیرۆکی هونەریی کوردی، شێوە و شێواز و بونیاد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك).
-شنۆ محەمەد مەحمود(د)"٢٠١٢"، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، بەنموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
-عەبدولخالق یەعقوبی"٢٠٠٩"، دیالۆگ و داهێنان(کۆمەڵە وتوێژ)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی،چاپخانەی خانی، دهۆك.
-عەزیز گەردی"١٩٧٨"، ئەدەبی بەراوردکاری، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
-فازیل نیزامەدین"٢٠٠٧"، فەرهەنگی "شیرین" ی نوێ، عەرەبی- کوردی، دەزگای چاپ و

پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
-کارل گۆستاف یۆنگ"٢٠٠٥"، مرۆڤ و هێماکانی، و. ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
-لوقمان رەئوف"٢٠١١"، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ، سەرەتایەك بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
-مەریوان وریا قانع"٢٠٠٤"، بەختەوەری و بێدەنگی، دەربارەی کێشە ئێستاییەکانی کۆمەڵگای کوردی، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی.
-محەمەد عەبدولسەلام کەفائی"٢٠١١"، ئەدەبی بەراوردکاری، و: هەژار ڕەحیمی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
-محەمەدی مەحوی" ٢٠١٠ "، وەرگێڕان و میتۆد - فەرهەنگ و پێڕەوی زمان وەك بنەمای وەرگێڕان ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی گەنج، بەڕێوەبرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی
-نەجم خالید ئەڵوەنی(د)"٢٠١٢"، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب) ی جەبار جەمال غەریب- دا، لێکۆڵینەوەیەکی (تیۆری پراکتیکی) یە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
-هۆراس"١٩٧٩"، هونەری شیعر، و: حمید عزیز، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا.

**بە زمانی عەرەبی:**
-ابن منظور"٢٠٠٠"، لسان العرب، حرف (ا)، باب (الاثر)، دار صادر للطباعة والنشر، المجلد الاول، بيروت.
-شكرى عزيز ماضي(د)"١٩٩٧"، فى اشكاليات النقد العربي الجديد، ط١، المؤسسة للدراسات والنشر، بيروت.
-ماريوس فرانسوا غويار"١٩٧٨"، الادب المقارن، ت: هنري زغيب، الطبعة البولسية، لبنان.
-محمد سالم سعدالله(د)"٢٠٠٧"، مملكة النص، التحليل السيميائى للنقد البلاغي، جرجانى نموزجا، جدارا الكتاب العالمي للنشر، عمان.

**بە زمانی ئینگلیزی:**
- Dr. Ernest Klein"1966", Acomprehen sive, Etymological Dictionary Of The English Language, Elsevier Publishing Company, Amsterdam.
- J.A.Cuddon (revised by C. E. Preston"1385"), The Penguin Dictionary of Literary Terms and Literary Theory,
انتشارات رهنما، چاپخانه: حافظ، تهران،

**نامە ئەکادیمییەکان:**

-ئاوارە فەرەیدون قادر"٢٠١١"، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی "ئەنوەر قادر محەمەد"دا، نامەی مستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان.
-ڕێبوار محەمەد ئیسماعیل"٢٠١١"، داهێنانی شیعری (نالی) لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە (بەشە مرۆڤایەتییەکان)، هەولێر.
-سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی"٢٠١٩"، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا، نامەی دکتۆرا، زنکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، سلێمانی.
-هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور"٢٠١٢"، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان.

**بڵاوکراوەکان:**

-ئەنوەر قادر محەمەد(د)"٢٠٠٦"، دەقئاوێزانی مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧- ١٢٧٣) و مەولەوی تاوگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ١٨.
-کەریم شەریف قەرەچەتانی"١٩٩٩"، تیۆرەکانی داهێنان، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٤٢.
-عبدالقادر محمدامین"٢٠٠١"، دەق ئاوێزی لە شیعری کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: "٨".
-موحسین ئەحمەد عومەر"٢٠٠٦"، ئەدەب و سایکۆلۆژی، گۆڤاری ڕامان، ژ: ١٠٩.



# وتارەکان

# زمانی کوردیی پێنج زاراوەی نوێ پێشکەش بە بواری زمانەوانیی گشتی دەکات

د. وریا عمر امین
زانکۆی جیهان ـ زانکۆی بەغداد ـ ئەکادیمیای کوردی

**دەسپێک**

لەم باسەدا پێنج دیاردەی ڕێزمانیی تایبەت بە زمانی کوردییەوە خراونەتەڕوو. لە ڕێزمانی هیچ زمانێک و لە هیچ فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیاییێکی زمانەوانیدا جۆر و شێوەیان باسنەکراوە و ناویان نەهاتووە. دیاردەکان سەرسوڕمێنەرن، جوانی و ڕەسەنی و فرەلایی و ئاڵۆزیی زمانی کوردی دەخەنە ڕوو. ڕێزمانی چاولێکەریی کوردی پەی پێ نەبردوون . خۆم یاساکانیانم دەستنیشانکردووە و زاراوەم بۆ داڕشتوون. هەموو ئەم دۆزینەوانەم لە کاتی خۆیاندا بۆ دەزگای Linguistic Inquiry ناردووە بۆ تۆمارکردنیان لە لیستی دۆزینەوەکانی بواری زمانەوانیی گشتی.

شایانی باسە کە لە ماوەی نیوسەدەی ڕابردوودا و لەڕێی نامەکان و لێکۆڵینەوەکانمەوە بە زمانی ئینگلیزی و لە ڕێی ئەم دیاردانەوە زمانی کوردیم خستە بواری زمانەوانیی گشتی.

ئەمانەش زاراوەکانن:

١ - سێنتامۆرف Syntamorph

٢ - جووتفیکس Bifix

٣ - ئەفیکسی بازدەر Hooping Affix

٤ - دیاردەی ئەرکاڵگۆڕ Role Exchange Phenomenon

٥ - مۆرفۆفۆنۆسینتاکس Morphophonosyntax

## یەکەم - سێنتامۆڕف Syntamorph

**مۆڕفیم گەلێ جۆری هەیە و لە چەند ڕوویکەوە دابەش دەکرێت :**

١ – مۆڕفیم (مۆڕفۆڵۆجی) یە یا (سینتاکسی).

٢ – مۆڕفیم (بەند) ە یا (ئازاد).

٣ – مؤڕفیم (ڕەگ) ە یا (لکاو).

٤ – مۆڕفیمی هۆمۆفۆن.

٥ – مۆڕفیمی سفر.

٦ – مۆڕفیمی بەتاڵ

... هتد.

لە زمانی کوردیدا جۆرە مۆڕفیمێکی هاودەنگی فرەئەرک هەیە، لە بواری زمانەوانیدا باس نەکراوە. من زاراوەی (سێنتامۆڕف) م بۆ داڕشتووە Syntamorph. چەند نموونەیێکم لێ لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کردووە..

پاشگری (- ەوە) نموونەیێکی ئەم جۆرە مۆڕفیمەیە.

شایانی باسە ئەمە بخرێتە ڕوو کە لە ڕێزمانی کوردیدا تەنها یەک ئەرکی ( - ەوە) باس کراوە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ :

"(-ەوە) دەچێتە سەر چاوگ و ڕەکی کار و واتای دووبارە دەگەیێنێ". لەم باسەدا شەش ئەرکی تری جیاوازی (- ەوە ) خراونەتەڕوو.

( - ەوە) مۆڕفیمێکی هۆمۆفۆنی فرەئەرکە، لە ئاستی (مۆڕفۆڵۆجی) و (سینتاکسی) و (مۆڕفۆسینتاکسی) دا دەردەکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جیاجیا.

### لە ئاستی مۆڕفۆڵۆجیدا

**١ – دەچێتە سەرهەندێ چاوگ بۆ پێکهێنانی وشەی تری بە و اتای تر، وەک:**

خواردن – خواردنەوە

کردن – کردنەوە

پەڕین – پەڕینەوە

دزین - ەوە

خوێندن - ەوە

ڕەنگدان - ەوە

**٢ – دەچێتە سەرچەند چاوگێکی بێ و اتا و و اتاداری دەکات، وەک:**

بوران - ەوە

توان - ەوە

بووژان - ەوە

دۆزین – ەوە

یەکێ لە خەسڵەتەکانی وشەی زمانی کوردی ئەوەیە (هێز) دەکەوێتە سەر دوا بڕگەوە. کە مۆرفیمێکی وشەداڕێژی دەچێتە سەر، بڕگەیێک زیاد دەکات و هێزی وشەکە بۆخۆی ڕادەکێشێ.

**٣ - دەچێتە سەرهەندێ ناوی چەمکشوێن بۆداڕشتنی وشەی تر.**

(ماڵ) دەبێتە (ماڵەوە) واتای (خێزان) دەگەیێنێ.

ماڵەوەم نەخۆشە دەبێ بیبەمە لای بزیشک

سەر – سەرەوە

خوار – خوارەوە

پێش – پێشەوە

دوا – دواوە

دەر - دەرەوە

ژوور – ژوورەوە

**لە ئاستی سینتاکسیدا**

**٤ - نیشانەی دۆخی Ablative ە.**

١ - دەچێتە سەر گرێی پێشبەندیی (لە) وەک نیشانەی دۆخی (لێیەوە) یی Ablative

لە هەولێرەوە هاتووم

لە ساڵی هەزار و نۆسەد و شەستەوە تۆم نەدیوە.

**٥ – نیشانەی دۆخی ئامێرییە Instrumental**

بە سوپاسەوە – بە شانازییەوە

بە دیوارەوە هەڵواسراوە.

بە داخەوە زوو ڕۆیشت.

بە خاو و خێزانەوە هاتوون.

پێکەوە دەرۆین.

بە دەستی بە دیارییەوە هات.

**لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسیدا**

**٦ - دەچێتە سەر (کار) بە و اتای (دیسان) و دووبارکردنەوە ٠**

نووسینەکەم بەدڵ نەبوو، خۆم نووسیمەوە.

کە (- ەوە) دەچێتە سەر ئەو کارانەی بە (- ەوە) دارێژراون، دوو (- ەوە) دەکەونە پاڵ یەک. وەک لە :

خوێندن – ەوە - ەوە / بەدەم خوێندنەوەوە نانمان دەخوارد.

خواردن – ەوە – ەوە . / بەدەم خواردنەوەوە دەمانخوێند.

دوورین – ەوە – ەوە / بەدەم دوورینەوەوە گۆرانییان دەوت.

**٧ - لە هەندێ باردا کە دوو (- ەوە) دەگەن بە یەک لەناو یەکتردا دەتوێنەوە، ئەوەکەی دووبارەکردنەوە بە وشەی (دیسان) جێگیر دەکرێ، وەک لە:**

بووڕایەوە :

دوێنێ بووڕایەوە، ئیمڕۆش بووڕایەوە / ئیمڕۆش دیسان بووڕایەوە.

**دووەم - جووتفیکس Bifix**

لە ژمارە ٤٥٠٦ ی ١٩٩٠/١٠/٣١ ی ڕۆژنامەی (العراق) باسێکم بە ناونیشانی (مۆرفیم و جۆرە ئەفێکسێکی تری باس نەکراو) بڵاوکراوەتەوە. پاشان دووبارە لە کتێبی (پیتۆکەکانی زمانەوانی) دا ل ٩١ – ٩٦ بڵاوبۆتەوە. تیایدا ئەفیکس Affix پێدەناسێنم و جۆرەکانی، کە لە زمانەوانیدا باس کراون، دەخەمە ڕوو کە ئەمانەن: (پێشگر – پاشگر – ناوگر).

لە ئەنجامی شیکردنەوەوەی زمانی کوردی بۆم دەرکەوت کە (لە زمانی کوردیدا جۆرە ئەفیکسێکی بزێو هەیە لە زمانەوانیدا باس نەکراوە و ناوی نەهاتووە. ئەم جۆرەیان هەم (پاش ڕەگی کار) و هەم (پێش ڕەگی کار) دەردەکەوێ. وەک لە :

نووسی - م

کرد – ت

گرت – ی

(م – ت – ی) وەک پاشگر دەرکەوتوون. بە دەرکەوتنی پێشگرێکی مۆرفۆلۆی یا سینتاکسی پاشگرەکان دەچنە پێش ڕەگەکە:

دە – م نووسی

هەڵ – ت کرد

ڕا – ت گرت

**ئەم دیاردەیە تایبەتە بە زمانی کوردیەوە . لە هیچ زمانێکی تربەدی ناکرێ . خۆم زاراوەی (جووتگر)  Bifixم بۆ دارِشت.**

.

**سێیەم – ئەفیکسی بازدەر Hooping Affix**

لە زمانی کوردیدا (باشوور) یەک دەستە ڕاناوی جودا و دوو دەستە ڕاناوی لکاو هەیە، وەک لەم خشتەیە خراونەتە ڕوو:

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ١ | ٢ |
| تاک | ١ | من | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت | یت |
| | ٣ | ئەو | ی | ø-ێت/ات |
| کۆ | ١ | ئێمە | مان | ین |
| | ٢ | ئێوە | تان | ن |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن |

ڕاناوە لکاوەکان ڕۆڵی ڕێکەوتن  Agreement  و  Concord  لە نێوان بکەر و کاردا دەبینن.  بکەر لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت کارەکە ڕاناوێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێ.

دەستەی (١) وەک نیشانی ڕێکەوتن، تەنها لەگەڵ ڕادردووی تێپەر دەردەکەوێ. لە هەموو حاڵەتەکانی تردا دەستەی (٢) دەردەکەوێ:

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕابردووی تێپەڕ | ڕابردووی تێنەپەڕ | داهاتووی تێنەپەڕ | داهاتووی تێپەڕ |
| تاک | ١ | من | کرد ـ م | چوو ـ م | دەچ ـ م | دەکە ـ م |
| | ٢ | تۆ | کرد ـ ت | چوو ـ یت | دەچ ـ یت | دەکە ـ یت |
| | ٣ | ئەو | کرد ـ ی | چوو ـ | دەچ ـ ێت | دەک ـ ات |
| کۆ | ١ | ئێمە | کرد ـ مان | چوو ـ ین | دەچ ـ ین | دەکە ـ ین |
| | ٢ | ئێوە | کرد ـ تان | چوو ـ ن | دەچ ـ ن | دەکە ـ ن |
| | ٣ | ئەوان | کرد ـ یان | چوو ـ ن | دەچ ـ ن | دەکە ـ ن |

شوێنی دەستەی (٢) لە ناو ڕستەدا چەسپاوە، هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەلکێ.
دەستەی (١) سروشتێکی بزێوی هەیە، بە پێی قاڵبی ڕستەکە جێگۆڕکێ دەکات، بە بچووکترین ژمارەی ئەم بەشانەی ڕستەوە دەلکێ:




واتا:
١ - ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا هەبوو، بەمەوە دەلکێ .
٢ - ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ نەبوو بە بەرکارە ناڕاستەوخۆکەوە دەلکێ.
٣ – ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆش نەبوو، بە پێشبەندەوە دەلکێ.
٤ – ئەگەر پێشبەند نەبوو، بە یەکەم پاشگرەوە دەلکێ.
٥ – ئەگەر پاشگر نەبوو، بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ.

| بکەر | 1 | 3 | 2 | 4 | 5 |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەرکاری (١) | پێشبەند | بەرکاری (٢) | یەکەم پێشگر | ڕەگ |
| من | تۆ – م | بۆ | ئەو | نە – دە | نارد |
| تۆ | — | بۆ | ئەو – ت | نە – دە | نارد |
| ئەو | — | بۆ – ی | — | نە – دە | نارد |
| ئێمە | — | — | — | نە – مان دە | نارد |
| ئێوە | — | — | — | دە – تان | نارد |
| ئەوان | — | — | — | — | نارد – یان |

**ئەم جێگۆڕکێیە تایبەتە بە زمانی کوردی. لە هیچ زمانێکی تربەدی ناکرێ. سرووشتێکی (بزێوی بازدەر) ی هەیە، ناوم نا ( ئەفیکسی بازدەر) Hooping Affix.**

**چوارەم – دیاردەی ئەرکاڵگۆر Role Exchange Phenomenon**

ئەم دوو دارِشتە مۆرفۆسینتاکسییە لە هەمان کەرەسە پێکهاتوون.
( دەیانپارێزین) - (ئێمە ئەوان دەپارێزین).
(دەیانپاراستین) - (ئەوان ئێمەیان دەپاراست)
**لە ( دەیانپارێزین) دا .**
**دە – یان – پارێز- ین**
دە – نیشانەی ئەسپێکتە
یان – بەرکارە
پارێز – رِەگی کارە، کاتەکەی داهاتووە.
ین – بکەرە
**لە (دەیانپاراستین) دا.**
بە گۆرِینی کاتی کارەکە بۆ (رِابردوو) بە مانەوەی هەموو کەرەسەکان لە شوێنی خۆیان.
**دە – یان – پاراست – ین ( ئەوان ئێمەیان دەپارەست).**
دە – نیشانەی ئەسپێکتە
یان – بکەرە
پاراست – رِەگی کارە، کاتەکەی رِابردووە.
ین – بەرکارە
بە گۆرِینی کاتی کارەکە، بکەر و بەرکار رِۆڵەکانیان ئاڵوگۆرِ دەکەن. بکەرەکە دەبێتە بەرکار و بەرکارەکە دەبێتە بکەر.

ئەرکی رِاناوە لکاوەکان لەم هێلکاتییەداروون کراوەتەوە.




دەستەی (١) لەگەڵ کاتی رِابردوودا وەک (بکەر) دەردەکەوێ و لە داهاتوودا وەک (بەرکار).
دەستەی (٢) لەگەڵ کاتی رِابردوودا وەک (بەرکار) دەردەکەوێ و لە داهاتوودا وەک (بکەر).

واتا بە جێگیرکردنی بکەر و بەرکار بە ڕاناوی لکاو بە پێی ئەم یاسایە و یاسای شوێنی ڕاناوەکان ئەم دیاردەیە سەرهاڵدەدا:

**ئێمە ئەوان دەپارێزین**

کاتی کارەکە (داهاتووە). ڕاناوی لکاوی بکەری (ین) لە دەستەی (٢) ە.

کەواتە بۆ جێگیرکردنی بەرکارەکە (ئەوان) ڕاناوی لکاو بەرکاری لە دەستەی (١) ەوە وەردەگیرێ، بەرانبەرەکەی (یان) ە.

لەم ڕستەیەدا (بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و پێشبەند نین. بۆیە تەکە پەناگەیێک بۆ ڕاناوە لکاوەکە پێشگری ( - دە ) یە.

بە یاسای لابردنی بکەر (ئێمە) ڕستەکە دەبێتە:

دەیانپارێزین .

**ئەوان ئێمەیان دەپاراست.**

کاتی کارەکە (ڕابردووە). ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) ە، لە دەستەی (١) ە.

بۆ جێگیرکردنی بەرکارەکە (ئێمە) بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە دەستەی (٢) دەکەین. بەرانبەرەکەی (ین) ە.

(ین) شوێنی ( ئێمە) دەگرێ و بە پێی یاساکانی شوێن بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ.

بە یاسای لابردنی بکەر (ئەوان) ڕستەکە دەبێتە

دەیانپاراستین.

..

**دیاردەی ئاڵوگۆڕبوونی تایبەتە بە زمانی کوردی، لە هیچ زمانێکدا بەرچاو ناکەوێ. خۆم زاراوەکەیم بۆ داڕشتووە (ئەرکاڵوگۆڕ Role Exchange Ph**

## پێنجەم - مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس Morphophonosyntax

ڕێبازی بنیاتیی بلوومفیلدی Structural Linguistics زمان دابەش دەکاتە سەر چەن ئاستێ Levels of Analyse بە ئاستەکانی شیکردنەوە ناودەبرێ (١) ، کە ئەمانەن : (فۆنەتیک - فۆنۆڵۆجی . مۆڕفۆڵۆجی . سینتاکس).

ئەم ئاستانە هەموو تێکدەچرژێن بۆ داڕشتنی پێکهاتە ڕستەییەکان. هەر ئاستێکی ژێرتر بە ئاستی سەرووی خۆی دەچرژێ و ئاستێکی نێوان دێنێتە کایەوە . (فۆنۆڵۆجی و مۆڕفۆڵۆجی) ئاستی (مۆڕفۆفۆنیمی) پێکدەهێنن(٢). (مۆڕفۆڵۆجی و سینتاکس) ئاستی (مۆڕفۆسینتاکس)ی پێکدەهێنن.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەم لە لایەنەکانی مۆڕفۆسینتاکسی زمانی کوردی (خواروو) بۆم دەرکەوت کە ئاستێکی تر هەیە هەموو ئاستەکان پێکەوە تێکدەچرژێنێ. ئەم دیاردە یە، لە هیچ ڕێبازێکا باس نەکراوە و لە هیچ فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا زمانەوانییەکاندا ناوی نەهاتووە. خۆم زاراوەکەیم بۆ داڕشت بە (مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس).

**پێناسەم بۆ مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس**

(مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس) ئەوداڕشتە مۆڕفۆسینتاکسیە لێڵەیە کە هۆی لێڵییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی یاسای فۆنۆلۆجی بەسەر داڕشتەی مۆڕفۆسینتاکسیدا . بۆ نموونە: ( دەمانبینیت) ئەم دوو واتایەی هەیە:

١ .تۆ ئێمە دەبینیت (دەمانبینیت). / (ئیستا).

٢ .ئیمە تۆمان دەبینی (دەمانبینیت) / (دوێنێ).

دوو دەستە یاسای جیا ئەم دوو ڕستە جیاوازە لە بنجدا Deep Structure دەگوێزنە ئاستی سیما Surface Structure. و ڕێکەوت دەیانکات بە هاوسیما (٣).

**تۆ ئێمە دەبینیت (ئیستا)**

تۆ – بکەرە

ئێمە – بەرکارە

دەبین – ڕەگی داهاتووی کارە

یت – ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتنە (بکەرە)

بۆ جێگیر کردنی بەرکار بە ڕاناوی لکاو .

١ - کاتی کارەکە داهاتووە . ڕاناوی لکاوی بەرکاری لە دەستەی ( م – ت – ی – مان – تان – یان) وەردەگیرێت. (ئێمە) بەرکارە لە کەسی یەکەمی کۆدایە، ڕاناوی بەرانبەری (مان) ە.

٢ – بە پێی یاسەی شوێن (مان) بە پێشگری (دە)ەوە دەلکێت.

٣ – بە لابردنی بکەر (تۆ) بە یاسای optional Subject Deletion Rule لابردنی بکەری بە ئارەزوو. ڕستەکە دەبێتە:

**دەمان بین یت. (دەمانبینیت)**

ڕستەی دووەم (ڕابردوو) ئەمە بنجەکەیێتی:

**٢ .ئیمە تۆمان دەبینی**

ئێمە – بکەرە

تۆ – بەرکارە

مان - ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتنە (بکەرە)
دەبینی – (دەبین) ڕەگی کارە و (ی) ئامرازی کاتی ڕابردووە.
بۆ جێگیر کردنی بەرکار بە ڕاناوی لکاو .
١ - کاتی کارەکە ڕابردووە . ڕاناوی لکاوی بەرکاری لە دەستەی ( م – یت – x – ین –ن –ن) وەردەگیرێت. (تۆ) بەرکارە لە کەسی دووەمی تاکدایە، ڕاناوی لکاوی بەرانبەری (یت) ە.
٢ – بە پێی یاسەی شوێن (یت) بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ ( بینی – یت)
٣ – (مان) بە پێشگری (دە) وە دەلکێ.
٤ - بە پێی یاسای فۆنۆلۆجی (کە دوو (ی) دەکەونە پاڵ یەک، لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک) . بەم جۆرە ( دەبینی – یت) دەبێتە (دەبینیت).
٥ - بە لابردنی بکەر (ئێمە) بە یاسای optional Subject Deletion Rule لابردنی بکەری بە ئارەزوو. ڕستەکە دەبێتە:
**دە مان بینیت (دەمانبینیت)**




**تێبینی:**
بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی دیاردەی مۆڕفۆسینتاکس و مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس سەیری ئەم باسانەم بکەن:

١ – مۆرفۆفۆنۆسینتاکس. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٣ ساڵی ٢٠١٢، ل ٧ -- ١٦.
- ئەم زاراوانە هەموو لە ڕێی باس و لێکۆڵینەوەکانی منەوە بە بواری ڕێزمانی کوردی ناسێنران، کەپێشتر هیچ زمانەوانێکی کورد ناویان ناهێنێ.
٢ – بۆ چەمکی مۆرفۆفۆنیم ئەم باسانەم ببینن:
**لیکۆڵینەوەیێکی مۆرفۆفۆنیمی.** گ. کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد. بەغداد، ژ (٢٩ و ٣٠) ساڵی ٢٠٠٢ ل ٢٩١ – ٢٩٧ . دووبارە لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا ل ٧٥ – ٨١ بڵاوبۆتەوە.
**بکەرنادیاری مۆرفۆسینتاکسی**. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٦ ساڵی ٢٠١٣، ل ٧ .٢٠.
**مۆرفۆسنتاکس وەک سەرچاوەیێک بۆ دارشتنی وشە لە زمانی کوردیدا.** - گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٩ ساڵی ٢٠١٤، ل ١٦.٧

**مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە کرمانجیی ژووروودا:**
لە ڕووی پۆلکردنی تایپۆلۆجییەوە کرمانجیی ژووروو سەر بە سیستەمی ئێرگەتیڤیتییە. دوو دەستە ڕاناوی جودا و یەک دەستە ڕاناوی لکاوی هەیە، بۆیە دارشتەی (مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی) ی تێدا دەرناکەوێ.
بۆ ئەمە سەیری ئەم باسانەم بکەن:
١. ڕیزمانی ڕاناو لە کرمانجیی ژووروودا. گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد ژمارە ٢١ ساڵی ١٩٩٠، ل ٢٥٢.٢٦٢
٢ - پەیوەندیی ڕاناو و فرمان لە کرمانجیی ژووروودا. گۆڤاری کاروان ژمارە ٢ ساڵی ١٩٨٣، ل ٤١.٤٣.
٣ - سیستەمی ڕاناوی لکاو لە کرمانجیی ژووروودا. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٤٧ ساڵی ٢٠٠١، ل ٥٠.٥٥.

## پەراوێزەکان

١. بۆ ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی سەیری ئەم باسە بکەن:
وریا عمر امین (٢٠٠٦) بواری زمانەوانی وئاستەکانی شیکردنەوە. گۆڤاری ئەکادیمی، ژ ٥ ساڵی ٢٠٠٦
٢ - ئاوات فەرحان ( ٢٠١٠) ڕۆڵی وریا عومەر ئەمین لە بواری زمانەوانیدا - بڵاوکراوەی کتێبفرۆشی سۆران. زنجیرە ٨٢، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٣ - وریا عمر امین ( ٢٠١٣) التصنیف النمطي للغة الکوردیة - گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٢٤ ساڵی ٢٠١٣.

بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی دیاردەی مۆڕفۆسینتاکس و مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس سەیری ئەم باسانەم بکەن:

١ – مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٣ ساڵی ٢٠١٢، ل ١٦٠٧.

٢ - بکەرنادیاری مۆڕفۆسینتاکسی. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٦ ساڵی ٢٠١٣، ل ٢٠٠٧.

٣ - مۆڕفۆسنتاکس وەک سەرچاوەیێک بۆ داڕشتنی وشە لە زمانی کوردیدا. - گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٢٩ ساڵی ٢٠١٤، ل ١٦٠٧

ئەم باسانە دووبارە لە کتێبی (لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی) دا بڵاوکراونەتەوە. ئەم کتێبە لەم ماڵپەڕەدا دەسدەکەوێ:

http://wariaomaramin.blogspot.com

4 - Aspects of the Verbal Construction in - Kurdish. London University 1979.

## سەرچاوەکان


Amin, w. o (1976) Some Fundamental Rulesof Kurdish Syntax Structure. London University. UK.

-------------- (1979) Aspects of Verbal construction in Kurdish. London University SOAS. .

Crystal, D. (2003) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. 5th ed. Balckwell

Asher. R. E. (ed.) (1994) The encyclopedia of language and linguistics (10 vols.). Oxford: Pergamon,

وریا عمر امین (١٩٨٢) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو – گۆڤاری کاروان، ژ ٨ ی ساڵی ١٩٨٢. ل ٦٨ – ٧٤.

------------ (٢٠٠٥) لە ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە – گۆڤاری ئەکادیمی، ژ ٣ ساڵی ٢٠٠٥.

----------- (٢٠٠٤) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. چ ١، ئاراس – هەولێر.

----------- (٢٠١١) پیتۆکەکانی زمانەوانی . چ ١، ئاراس - هەولێر


Kurdish Language Presents five New terms to Linguistics


Professor Dr. Waria Omar Amin

Cihan University

Baghdad University

Kurdish Academy

**Abstract**

I got my degrees in Linguistics from the University of London 43 years ago. Since then I worked as an instructor and professor of Linguistics in Iraqi and Kurdistan Universities. During that long period I published hundreds of articles, researches and books about Kurdish language . I came across some unfamiliar linguistic aspects and phenomenon witch haven't been mentioned in the linguistics' dictionaries and Encyclopaedias. i.e. they are Idiosyncratic to Kurdish language. I formed their terms , which are (Syntamorph - Bifix - Hooping Affix - Role Exchange Phenomenon and Morphophonosyntax).

د. وریا عمر امین
- ١٩٤٧/٣/١٥ لە شاری کۆیە لە دایك بووە.
- قوتابخانەی سەرەتایی لە عەنکاوە و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.
- ١٩٧١ بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیی لەزانکۆی بەغداد بە یەکەمی وەرگرتووە.
- ١٩٧٢ - ١٩٨٠ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکەلۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
- ١٩٨٠ بە مامۆستای زمانەوانی لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد دامەزرێنراوە.
- ١٩٨٢ – ١٩٩٩ سەرۆکایەتیی بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدادی پێ سپێرراوە.
- ١٩٩٢ پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرتووە. یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا دەسگیرکات.
- ١٩٩٧ بوو بە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عیراق .
- ٢٠٠٤ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
- ٢٠٠٧ بوو بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان ( ئەکادیمییای کوردی ).
- دامەزرێنەری بەشی خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردییە لە زانکۆی بەغداد و زانکۆکانی کوردستان .
. پرۆفیسۆری زمانەوانییە لە زانکۆی بەغداد و پرۆفیسۆری وانەبێژە لە زانکۆکانی سەڵاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین .

- سەرپەرشت و سەرۆك و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆی زیاتر لە ٣٥٠ نامەی ماجستێر و دکتۆرا بووە لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.
- زمانی کوردی و ئینکلیزی و عەرەبی و تورکمانی و کلدانی و ڕووسی و فارسی دەزانێ . بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە
- زیاتر لە هەزار وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی لە بارەی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و ساڵنامە و مێژوو و زانستدا بڵاو بۆتەوە.
- یەکەم بڵاوکراوەی شیعر بوو لە ساڵی ١٩٦٥ دا. کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی ( سەیرانێکی شیعرستان ) هوە لە ساڵی (٢٠٠٧) لە دەزگای ئاراسدا بڵاو بۆتەوە.
. پلەی زانستیی دەیان مامۆستای زانکۆی بەرزکردۆتەوە بۆ پرۆفیسۆری و پرۆفیسۆری یاریدەر و مامۆستا لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و ڕووسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.
. زیاتر لە ٤٠٠ سوپاسنامە و بڕوانامە و زرێی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە.
. زیاتر لە پەنجا لێکۆڵینەوە و باس و وتار لە بارەی کارەکانییەوە بڵاوکراونەتەوە.
. ٢٠١٢ خانەنشین کرا.
. ٢٠١٦/١/١٧ ناسناوی پرۆفیسۆری نایابی لە زانکۆی بەغدادا پێ بەخشرا.

http://wariaomaramin.blogspot.com
(+964) 750 817 1937



# گەوهەرەکانی زمانەوانی

# عەزیز گەردی ئەفسانەیەکی باڵایە

د. سەعید محەمەد عەبدوڵڵا



نووسین لە بارەی کەسێکی گرنگی ئەدەبیی وەك د.عەزیز گەردی وەها ئاسان نییە، بەڵکوو بوێری و وردبینی و توانا و سەلیقەی دەوێت تا بتوانین لەو ئاستەدا بین، باسی مامۆستا و پسپۆڕ و لێزان و ڕۆشنبیر و وەرگێڕێکی کارامە و لێهاتوو بکەین، لای ڕۆشنبیرانی کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە.

گەردی مانای خۆی بەخۆیەوەیە، تەنیایی گەردی سروشتی و خۆڕسك بوو، ئەو لەناو ئەفسانە و حیكایەتی گەلاندا، دێت و دەژێت. بۆیە عەزیز گەردی موڵكی هەموو كوردە، هەموو كوردێك بووەتە خاوەنی. بەڵام كاتێك نەوەیەكی پاش خۆی دێت، ئاوڕی لێ دەدەنەوە و دەینرخێنن... كاتێك نەوەكان و شەپۆلەكان و گرووپەكان نامۆ و تەنیا نەبوو.

جگە لەوەی كە عەزیز گەردی، شاكارێكی زۆری ناو دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی جیهانی كردووەتە كوردی، هەڵبەت لە زۆر بواری جیاجیاشدا پەرەی بە كاری وەرگێڕانی خۆی داوە. هەر بەتەنیا كاری لەنێو دەقە ئەدەبییەكاندا نەكردووە، بەڵكوو لە بوارەكانی تری وەك ژیان و ئەفسانەی گەلان و گەلێک بواری تریش ڕۆڵی خۆی بینیوە، وەستان نەبوو لای عەزیز گەردی، هەڵبەت خوێندنەوەی بەردەوامیش، بەڵام گەورەترین كاری عەزیز گەردی وەرگێڕانی كۆمیدیا بوو، كە بەڕاستی بەتەواوی دەرەقەتی هاتووە و بە زمانێكی هێندە شیرین كاری لەناودا كردووە، خوێنەر هەست بەوە ناكات وەرگێڕان بێت.

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی هەڵبژاردنی كتێب بۆ وەرگێڕان لای عەزیز گەردی، ئەو كتێبانەن لە بارەی كولتوور و ئەدەب و دابونەریتی كوردەوارییەوەن، لە ساڵی ١٩٨٣دا كتێبی ژیانی ئافرەتی كورد لە نووسینی (هێنی هارۆڵدهانس) دەكاتە كوردی. ئەم كتێبە توێژینەوەیەكی مەیدانییە. لە بارەی ژیانی ژنی كورد تێدەگەین ژنی كورد چۆن ژیاوە. هاوكات توێژینەوەیەكی مەیدانیی سۆسیۆلۆژییە بۆ ئەوەی بزانین ژنی كورد چۆن ژیاوە.

هەر بۆیە هیچ میللەتێك نییە بەبێ نووسین شانازی بە كولتوور و بەرەوپێشچوونییەوە بكات. كاتێك باسی زمانی ئیتاڵی دەكەین یەكسەر خەیاڵمان دەچێت بۆ لای دانتی ئەلیگیێری و شاكارەكەی (كۆمیدیای ئیلاهی)، كە گەردی ئەم شاكارەی كردووە بە كوردی، كە توانیی بەم تێكستە زمانی ئیتاڵی لە فەوتان بپارێزێت، واتە ئەوەی زمانی ئیتاڵی پاراست نووسینی تێكستێك بوو.

گەردی لەنێو زەین و خەیاڵی تایبەتی خۆیدا بوو، لەناو نێكستە مەزنەكاندا ژیانی بەسەر دەبرد، خۆشەویستیی ئەو بۆ تێكستە جوانەكان بوو، بۆیە گەردی لە دنیای فانی دابڕابوو، خۆی بۆ دنیای نەمری ناو مەملەكەتی كتێب هەڵگرتبوو، هەر بۆیە كتێبی داغستانی منی حەمزاتۆڤی وەرگێڕایە سەر زمانی شیرینی كوردی و بەچاپی گەیاند، كە لەو سەردەمەدا شۆڕشێك بوو لە مەودای وەرگێڕان و هۆكارێكی گرنگی هەستانەوەی خاكدۆست بوو، چونكە ناوەڕۆكی كتێبەكە بریتییە لە پەیوەستبوونی تاك بە خاك و نەتەوە و كولتووری خۆیانەوە، تەنانەت هەنگاوی نا بەرەو شاخ، لەڕاستیدا ئاگرێكی بەتینی خوێندنەوەی هەڵگیرساند، بەم كتێبە ناودەنگی گەردی چووە ناو درەوشانەوەیەكی ئەدەبییەوە.

عەزیز گەردی بەر لەوەی وەرگێڕ بێت نووسەرێکی گەورە و داهێنەرێکی بەسەلیقە و توێژەرێکی وردەکار بوو، یەکێك لە پرۆژە گرنگەکانی ژیانی ئەم نووسەرە کارکردن بوو لەسەر ساغکردنەوەی کێشەکانی عەرووزی عەرەبی لە شیعریی کلاسیکی کوردیدا.
لە بەرهەمە ناوازەکانی مامۆستا عەزیز گەردی، کتێبی ڕابەری شیعریی کلاسیکی کوردییە، کە کتێبی ڕابەری کێشی شیعریی عەرووزی کوردی، گەردی لەم دوو بەرهەمە گەورە و دەوڵەمەندە کێشەکانی شیعریی کلاسیکی کوردی لەسەر بەحرەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی دیاری کردووە و بنەمایەکیشی داناوە، کە بەو پێیە دەتوانرێت کێشەکانی شیعریی کلاسیکی کوردی دیاری بکرێت، کە ئەویش بایەخێکی زۆری هەیە بۆ توێژینەوەی شیعریی کلاسیکی کوردی، هەر وەك بەجیا کتێبێکیشی لەسەر کێشی شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسیوە، ئەمە بێجگە لەوەی کتێبێکی لەسەر کێشناسی نووسیوە بە ناوی فەرهەنگی کێشناسی، کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ لێکدانەوەی کێشی شیعری کوردی.

## پرۆفایل

عەزیز ئەحمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە عەزیز گەردی ، ١٩٤٨ لە بەحرکە، هەولێر لەدایك بووە، ٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە هەولێر ڕۆحی سپارد.
ئەم بڕوانامانەی کە لە ژیانیدا بەدەستی هێناوە بریتین لە:
١-بەکالۆریۆس لە بەشی زمانی فەڕەنسی/ زانکۆی مووسڵ.
٢-ماستەر لە ئەدەبی کوردی ساڵی ١٩٩٤ و دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی ساڵی ١٩٩٩، بڕوانامەی دووەمی لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی کۆیە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدەست هێناوە.
عەزیز گەردی جگە لە زمانی فەڕەنسی، زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی لەگەڵ شێوەزارەکانی زمانی کوردی زانیوە، کۆمەڵێك شاکاری ئەدەبی جیهانیی وەرگێڕاوە لەوانە داغستانی من کە (بریتییە لە دوو بەرگ)، (کۆمیدیای ئیلاهی (یەزدانی) بەرهەمەکانی تۆڵستۆی وەرگێڕاوە.
لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین مامۆستا بووە بە پلەی پرۆفیسۆر.

# فەرهەنگی زمانەوانی

# سیاسەت و پلاندانی زمان

# Language Planning Policy LPP

ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی

سیاسەت و پلاندانانی زمان (LPP) چەمکێکی بەرچاوە لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەی زماندا. پەیوەندی بە هەوڵە سیستماتیکییەکانی دەزگاکانی حکومەت، دامەزراوە ئەکادیمییەکان، یان ڕێکخراوە تایبەتەکانەوە هەیە بۆ کاریگەریکردن لەسەر بەکارهێنان، فێرکردن و تێڕوانین بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا (Kaplan & Baldauf, ١٩٩٧) .
ئەم بابەتەی خوارەوە باس لە گرنگی LPP دەکات،هاوکات مانای گشتی چەمکەکە، پێکهاتە سەرەکییەکان، کاریگەرییە ئەگەرییەکان، و پێویستی بە داڕشتنی سیاسەتی ئاگادار و گشتگیر دەخاتەڕوو

لە جیهانێکدا کە تا دێت جیهانگیری زیاتر دەبێت، زمان زۆرجار وەک زیاتر لە تەنها ئامرازی پەیوەندیکردن کاردەکات، لە کاتێکداخۆی بەرجەستەکردنی کولتوور و شوناس و مێژوو و حوکمڕانیە، بە شێوەیەک کە جۆرێتی و چەندێتی دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی دەسەڵات ڕێکدەخات. لێرەدایە کە ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمان (LPP) دەبێتە دیدێکی چارەنووسساز، بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی بەکارهێنان و پێگە و فێرکردنی زمانەکان، ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمان بەشداری دەکات لە هەردوو پاراستن و پێشخستنی هەمەجۆریی زمانەوانی، هەروەها لە پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی (Kaplan & Baldauf, ١٩٩٧).

سیاسەت و پلاندانانی زمان چەمکێکی فرەلایەنەیە، کە دۆمەینە جیاوازەکانی وەک پلاندانانی زمان لە ئاستی دەوڵەت، پلاندانانی گەنجینەی زمانەوانی، پلاندانانی فێرکردن

و وەرگرتنی زمان و پلاندانانی شکۆمەندی زمانەوانی لەخۆدەگرێت ( Hornberger , ٢٠٠٦).

پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسـەڵات و دەوڵـەت، بریتییە لـە تەرخانکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا (Cooper, ١٩٨٩). ئەمەش دەتوانێت لە دەستنیشانکردنی زمانێکەوە دەست پێبکات وەک زمانی فەرمی یان نیشتمانی، میدیای فێرکردن لە دامـەزراوە پەروەردەییەکان، یان زمانی کارگێڕی و دادوەری لە ئاستی حکومەت و دەسەڵاتدا.
پلاندانانی بۆ گەنجینەی زمانەوانی، بریتییە لە پەرەپێدان و چاکسازی و ستانداردکردنی زمانێک بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێت. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە دروستکردنی وشەسازی نوێ، ستانداردکردنی ڕێسای ڕێنووس و ڕێزمان، یان مۆدێرنکردنی زمان بۆ جێگیرکردنی چەمکە تەکنەلۆژی یان زانستییە نوێیەکان (Haugen, ١٩٨٣).

پلاندانانی بۆ فێربوون یان وەرگرتنی زمانی، پەیوەندی بە چۆنیەتی فێربوون و بەکارهێنانی زمانەکانەوە هەیە. ئەو دەسەڵاتانەی کە لەم ئاستەدا کاردەکەن ستراتیژ و سیستەمەکان دادەڕێژن بۆ پێشخستنی فێربوون و بەکارهێنانی هەندێک زمان لە چوارچێوەی تایبەتدا، وەک لە پەروەردە، کارگێڕی گشتی، یان یەکخستنی کۆچبەران (Kaplan & Baldauf , ١٩٩٧ ) .

پلاندانانی شکۆمەندی زمان، لە کۆتاییدا، مامەڵە لەگەڵ کاریگەریکردن لەسەر هەڵوێست و بەهاکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە هەندێک زمان دەکات. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە پێشخستنی هەستکردن بە شکۆمەندی و بەها بۆ هەندێک زمان بەسەر زمانەکانی دیکەدا، زۆرجار بە بەکارهێنانی میدیای گشتی، پەروەردە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە. (Eastman, ١٩٨٣).

کاریگەرییەکانی سیاسەت و پلاندانانی زمان، قووڵ و دوور مەودان، چونکە لە لایەک سیاسەتە زمانییە چەواشەکراوەکان یان بە خراپی جێبەج کراەکانو دەتوانن ببنە هۆی لەناوچوونی زمانەکان، پەراوێزخستنی هەندێک پێکهاتەی زمانەوانی، وەرینی کولتووری و تەنانەت ململانێی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە، سەپاندنی زمانێکی بیانی بە زۆر لە دامەزراوە پەروەردەییەکان لەسەر حیسابی زمانە لۆکاڵی و فەرمی

و زمانە دایکییەکان، دەتوانێت ببێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی کولتووری و ناتەبایی کۆمەڵایەتی ( Ricento , ٢٠٠٦).لە لایەکی دیکەوە، سیاسەت و پلاندانانی گشتگیر و سەرکەوتوو و سیستەماتیکی زمان دەتوانێت فرە زمانەوانی، هەمەجۆریی زمانەوانی، پاراستنی کولتووری، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرەوپێش ببات، بۆ نموونە، سیاسەتەکانی پەرەپێدانی پەروەردەیی دوو زمانی یان فرە زمانی دەتوانن توانا مەعریفیەکان (کۆزانییەکان)، تێگەیشتن لە نێوان کولتوورەکان و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەرز بکەنەوە ( Hornberger , ٢٠٠٦).

بە سەرنجدان بەم کاریگەرییە ئەگەرییانە، زۆر گرنگە کە سیاسەت و پلاندانانی زمان بە پلەیەکی بەرزی هەستیاری، گشتگیری و لەسەر بنەمای بڕیاردانی ئاگایانە و هۆشیارانە دابڕێژرێن. داڕێژەرانی سیاسەت و پلاندانی زمان پێویستە چەندین هۆکاری وەک هەمەجۆریی زمانەوانی، زەمینە کولتوورییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی کەمینە زمانەوانییەکان لەبەرچاو بگرن، هەروەها پێویستە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگە زمانەوانییەکان، پەروەردەکاران، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسەت و پلاندانی زماندا بکەن. سەرەڕای ئەوەش، چاودێریکردنی بەردەوام و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان لەسەر بنەمای ڕای و سەرنجەکانی کۆمەڵگە و گۆڕانی قۆناغ و دۆخ و  پێداویستییەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ( Ricento , ٢٠٠٦).

لە بنەڕەتدا سیاسەت و پلاندانانی زمان ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیستەمی زمانەوانی کۆمەڵگەکا، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخێکی ئاڵۆزە لە نێوان ئاستی دەوڵەت و پێگە، گەنجینەی زمانەوانی، فێرکردن و وەرگرتنی زمان،و پلاندانانی شکۆمەندی زمان، کە پێویستی بە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ورد و گشتگیر و ئاگادارانە هەی،  بەڵام لەگەڵ بەردەوامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەکان بەرەو جیهانگەرایی و دونیای پێشکەوتووی تەکنەلۆجیا،، گرنگی سیاسەت و پلاندانانی زمان باش و گشتگیرتر دەردەکەوێت، دەکات ، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە، پراکتیک و داکۆکیکردنێکی سەرسەختانە لەم بوارەدا هەیە.

## سەرچاوەکان:

Cooper, R. L. (1989). Language planning and social change. Cambridge University Press.

Eastman, C. M. (1983). Language Planning: An Introduction. San Francisco: Chandler & Sharp Publishers.

Haugen, E. (1983). The implementation of corpus planning: Theory and practice. In J. Cobarrubias & J. A. Fishman (Eds.), Progress in language planning: International perspectives (pp. 269-289). Mouton Publishers.

Hornberger, N. H. (2006). Frameworks and models in language policy and planning. In T. Ricento (Ed.), An introduction to language policy: Theory and method (pp. 24-41). Blackwell Publishing.

Kaplan, R. B., & Baldauf, R. B. Jr. (1997). Language planning from practice to theory. Multilingual Matters.

Ricento, T. (2006). An introduction to language policy: Theory and method. Blackwell Publishing.

# تەوەری ژمارەی داهاتوو

## زمانی کوردیی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی دەزگا میدیاییەکانی کوردستاندا

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی گرنگ و هەنووکەیی دەکاتەوە بە مەبەستی تیشک خستنەسەر کاریگەریی میدیاکانی کوردستان لەسەر زمانی کوردی، لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نوسینی پسپۆڕانی زمان و توێژەران دەکات، ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە:

- میدیا چۆن بەشداری لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زماندا دەکات، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستاندا؟
- پلاتفۆرمە میدیاییەکان لە چ ڕوویەکەوە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو شکۆمەندییە هەبێت کە پەیوەستە بە زمان یان زاراوەکانی زمانی کوردییەوە؟
- میدیا چۆن کاریگەریی لەسەر فێربوونی زمانی دووەم لە نێوان گروپە تەمەنییە جیاوازەکاندا هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا؟
- ڕۆڵی میدیا چییە لە پاراستن/هەڕەشە بۆ سەر زمان و شێوەزارە و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی؟
- ڕێگای دروست چییە کە میدیای کوردیی بیگرێتە بەر بۆ مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی؟
- کاریگەریی میدیا لەسەر ئەفراندن و هاتنەناری وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی.

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نوسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٥ بۆ گۆڤاری زمانەوانیی بنێرن.

# گۆڤاری زمانەوانی

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ

گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

### ٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی

نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).

رۆژنامە

-نـاوی خێزانیی نـووسـەر، نـووسـەر (ڕۆژ و مانگ و سـاڵی دەرچــوون)، "ناونیشـانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-نـاوی خێزانیی نـووسـەر، نـووسـەر(ڕۆژ و مانگ و سـاڵی دەرچــوون)، "ناونیشـانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نموونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نموونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نموونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نموونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانکۆی جیهان ـ سلێمانی

دەزگای زمانەوانی کوردی

گۆڤارێکی وەرزی ئەکادیمی و زمانەوانییە

دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات.

# وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە (١) ساڵی یەکەم، هاوینی ٢٠٢٣